# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە: ٧٠٢ ▌ پێنجشەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ _ ٢٠ی ئاوریل ٢٠١٧

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## کۆبوونەوەی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ باس لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئێران

ڕۆژی پێنج شەممە ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ نوێنەرانی ٦حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بنکەی سەرەکیی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران بۆ باس لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی خۆیان لە بارەی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕی ئەمساڵ، کۆ بوونەوە.

ئەو ٦ لایەنە بریتی بوون لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، (کۆمەڵە) ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران ، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران.

لەم کۆبوونەوە یە دا نوێنەرانی هەر کام لە لایەنەکانی بەشدار، وێڕای ئاماژە بە ناتەبایی سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ هەڵبژاردنی ئازادو، ناوبردنی کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم هەلبژێران و هەڵبژاردنی ئازاد لەو ڕێژیمە دا هەر کامیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە کەشوهەوای سیاسیی ئەم دەورەیەو تایبەتمەندیی ململانێیەکان لە هەر دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شووراکانیان شی کردەوە.

لایەنەکانی بەشدار لەم کۆبوونەوە هاوبەشە دا وێڕای ڕیزگرتن لە وشیاریی سیاسیی خەڵکی کوردستان و یەکگرتوویی و هاودەنگیی ئەوان کە دواجار لە نەورۆزی ئەم ساڵ دا خۆی نواندەوە، لە سەر پێویستیی هاوخەباتی و یەکهەڵوێستی و یەکگرتوویی لە نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە بواری جۆراوجۆرو بە تایبەتی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ شانۆی هەڵبژاردنی ٢٩ی بانەمەڕی داهاتوو دا تەئکیدیان کردەوە. ئەوان وا ساغ بوونەوە کە لە داهاتوویەکی نزیک دا جارێکی دیکە بۆ یەکخستنی هەوڵەکانیان و ڕاگەیاندنی هەڵویستی هاوبەش و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کاریگەر لە گەڵ پرسی هەڵبژاردن، لێک کۆببنەوە.

# ئەمجارەیان وەڵامی خەڵکیکوردستان بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران،«بایکۆت» ە

سەروتار

## هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، روحانی و کێشەکانی خەڵک

**کەماڵ کەریمی**

نیزیک بە چوار ساڵ لەمەوبەر لە هەلومەرجێکدا بەرە و دەورەی یازدەیەمی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئێراندا دەچووین کە نائومێدی لە چارەسەری کێشەکانی خەڵک لە سەرانسەری ئێران و بە تایبەت لە کوردستاندا، فەزای سیاسی وڵاتی داگرتبوو. ئەو کاتە بە هۆی سەرخوردەگی ئەوانەی کە لە دوای فرتوفێڵی دەسەڵاتدارانی سەرەکی کۆماری ئیسلامی، ڕێبەر و باندە مەزهەبی و نیزامی و ئەمنیەتی‌یەکانی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی٨٨ و سەپاندنی دووبارەی ئەحمەدی‌نژاد وەک سەرۆککۆمار و سەرکوتی نامرۆڤانەی خۆپیشاندانی نارەزایەتی میلیۆنان نارازی لە نیزام، هیچ ئومێدێکی بە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک نەهێشتبوو، لە هەموو شوێنێک باس لە بەشداری نەکردنی خەڵک لەو دەورەی هەڵبژاردندا دەکرا. تەنانەت ئیسلاحتەڵەبە حکومەتییەکانیش هیوابڕ ببوون لەوەی بتوانن خەڵک بۆ پشتیوانی خۆیان بێننە سەر سندووقەکانی دەنگدان. بەڵام لە گۆڕانێکی چەند ڕۆژەدا و لە لایەک بە هاتنە مەیدانی کەسانی وەک رەفسەنجانی و خاتەمی و پشتیوانی ئیسلاحتەڵەبەکان لە روحانی و لەلایەکی دیکە، وەعدە و بەڵێنەکانی روحانی لە چوارچێوەی دروشمی «دەوڵەتی تدبیروامید»دا فەزای نێوخۆی گۆڕی و جارێکی دیکەش خەڵکی وەزاڵەهاتووی هێنایەوە مەیدانی تاقیکردنەوەیەکی دیکە.

لەهەلومەرجی سیاسیی لە ئەوکاتدا بە هۆی خراپی لە رادەبەدەری باری ئابووری ئێران لە لایەک و سیاسەتی چوار ساڵەی دەوڵەتی ئەمریکا بە رێبەری ئۆباما بۆ چارەسەری کێشەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هەوڵەکانی میانڕەوەکانی دەسەڵات بۆ بە قەناعەت گەیاندنی ڕێبەر، پێشبینی دەکرا کەسایەتییەکی وەک روحانی سەر لەسندووقەکانی دەنگدان بێنێتەدەر. روحانی کە کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانی کردبووە رەمزی تەبلیغاتی هەڵبژاردنی، بەدانی وادە و بەڵێنێکی زۆر، توانی لە رۆژانی ئاخری شەڕی تەبلیغاتیدا، جۆرە دڵنیایی‌یەک بدا بەو خەڵکەی کە پێیان وابوو ڕێژیم هیچ رێگەیەکی نەهێشتوەتەوە بۆئاڵوگۆڕەکان لەچوارچێوەی نیزامدا.

روحانی نەتەنیا چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی خەڵکی ئێران و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی،

ل٣




خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەنەتەوایەتی‌یەکانی خەڵکی کوردستان کە زیاتر لە حەفتا ساڵە بە پێشڕەوایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵکی خۆڕاگر و ئەرکوەخۆگری کوردستان لە ئارادایە، زۆر قۆناغی سەختی بڕیوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەموو ئەم مێژووە پڕ سەروەری‌یەدا و، لەهەر قۆناغێکی تایبەت‌دا، بە پێی هەلومەرج و هەڵسەنگاندنی ورد لە وەزعی سیاسی و ئیمکاناتی موبارزاتی خەڵک لە کوردستان، هەوڵی‌داوە بە باشترین شێوە لە دەرفەتەکان کەڵک وەربگرێ و بە هەر شێوازێک لە خەبات‌کردن ئەوەندەی بکرێ بە هێزتر رووبەڕووی دوژمنان و نەیارانی ببێتەوە. ئەمە چ لە سەنگەری پێشمەرگایەتی‌دا بووبێ، چ لەسەنگەری بەربەرەکانێی خەڵک لە شارو گوندەکانی کوردستان.

لە هەموو ئەو بوارانەدا کە حیزبی دیموکرات پێشەنگایەتی خەباتی کردبێ، یەکێک لە مەبەستەکانی هەر حەرەکەتێک، گەیاندنی دەنگی خەڵکی کوردستان بووە بە گوێی دەسەڵات و خەڵکانی دیکە، چ لە دەرەوە یا لە نێوخۆی ئێران.

خەباتی مەدەنی بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەر فرسەتێکی یاسایی، تەنانەت لە وڵاتێکی وەک ئێرانی ئێستادا کە «یاسا» کەمترین مەجالێکی بۆ بەدەست‌هێنانی داخوازەکانی خەڵک هێشتوەتەوە، شێوازێکی بەکەڵک بووە بۆ هێنانەبەرباسی داواکاری‌یەکان، هەرچەند وڵامێکی بە کردەییشی نەبووبێ.

هەڵبژاردن ئەگەر نادیموکراتیکیش بووبێ یەکێک لەو فرسەتانەیە کە دەبێ بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵک کەڵکی لێ‌وەربگیرێ.بەڵام ئەم جارەیان و لە هەلومەرجی سیاسی ئێستادا، خەڵک بۆیە بڕیاری بایکۆتی دەنگدان بە سەرۆکۆماری دەدەن، بۆ ئەوەی یەک‌دەنگ بڵێن کە نەتەوەیەکی خاوەن ئیرادەن و دەیانەوێ بە هەموو ئەوانەی تەنیا کاتی هەڵبژاردن کوردستانیان وەبیر دێتەوە، بڵێن [نا].

## لەیادی دامەزرانی یەکییەتی لاوان‌دا

**پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ‌شەممە ٢٢ی خاکەلێوە بە بۆنەی سالیادی دامەزرانی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی یەکیەتی لاوان، ڕێوڕەسمێک لە یەکێک لە سالۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.**

**لەم ڕێوڕەسمەدا سکرتێری گشتی حیزب وتارێکی سەبارەت بە نەقشی لاوان لە خەبات و شوێندانەرییان لە کۆمەڵگەدا پێشکەش کرد .**

**دەقی وتاری بەڕێز مستەفا مەولوودی**

بەنوینەرایەتی دفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو ئەم کەسانە دەکەین کە ئوگریان بە لاوان و یەکیەتی لاوان هەیە .

لام وایە لە پێڕەوی ناوخۆی لاوان‌دا کەسانێک دەتوانن ببن بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە کە تەمەنیان لە ١٦ساڵ تا نیزیک ٣٥ساڵ بێ. کە وایە قۆناغی پەیوەستەگی بە لاوان قۆناغێکی گرینگ و حەساسی ژیانی ئینسانە. یانێ لەوە دایە کە ئینسان لە جامعە لە کۆمەڵگەدا شکڵ دەگرێ، پەروەردە دەبێ و پێدەگالە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ژیانی فەرهنگی، ژیانی سیاسی جامعە و کۆمەڵگەی وڵاتەگەی‌دا نەقش و دەوری خۆیدەنوێنێ.بۆیە ئەگەربەم جۆرەسەیری لاوان بکەین لەم قۆناغە سنییەدا لاو تەئسیری لە کوللی دروست بوونی کۆمەڵ و جامعەدا هەیە...

ل٢

## لە کۆڕیادێک‌دا ڕێز لە ژیانی پڕ بەرهەمی نەمر کاک فەتاح کاویان نرا

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنج‌شەممە، ٣١ی خاکەلێوەی١٣٩٦ی هەتاوی و لە بنکەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ریورەسمێک‌دا یادی تێکۆشەری فازڵ و ماندوویی‌نەناسی نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، نەمر کاک فەتاح کاویان بەرز راگیرا.

لەو ریورەسمەدا کە بەبەشداریی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە، ئەندامانی حیزب، دۆستان وناسراوانی هاوڕێی کۆچکردوو، کاک فەتاح کاویان بەڕێوەچوو، ئاوڕێک لە ڕەهەندو لایەنە جۆراجۆرەکانی ئەو خەباتکارە شۆڕشگێرە درایەوە.

سەرەتا ریورەسمەکە بە بە کورتەیەک لە دەنگی گۆرانیی خودی کاک فەتاح دەستی‌پێکرد کە بیرەوەری هاوبەشی زۆرێک لە هاورێیانی ئەو نەمرە بوو.

پاشان بە هەستان و راگرتنی خولەکێک بێ‌دەنگی بۆ یادوناوی سەرجەم شەهیدان و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی گەلەکەمان، پێشکەشکار، هاوڕێ عەلی بداغی کۆڕیادەکەی کردەوە.

لە بڕگەی یەکەم‌دا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن بەڕێز کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکەش کرا.

لە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب‌دا بە سەرنج‌دانێک بە تایبەتمەندییەکانی تێکۆشەر، فەتاح کاویان و بە ئاماژەدان بە بەسەرهاتی ژیان و خەباتی ناوبراو، ...

ل٤

## ڕاگەیەندراو سەبارەت بە: پێک‌هاتنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ باس لەسەر پرسی هەڵبژاردنەکانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بۆ باس‌و تاوتوێی هەڵبژاردنەکانی دادێی سەرۆککۆماری‌و شوڕای ئیسلامیی شارو گوندەکان لە ئێران پێک‌هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی شەممە، ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ ( ١٥ی ئاوریلی٢٠١٧) بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و کۆمەڵێک کەسایەتی‌و تێکۆشەری ئەو حیزبە بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک پرسی سیاسی و تەشکیلاتی خرانە دەستووری کارەوە کە هەڵبژاردنەکانی مانگی جۆزەردان لە ئێران گرنگترینی ئەو باسانە بوو.

کۆبوونەوەی مەشوەرەتیی کۆمیتەی ناوەندی بە ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کردو کاک مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خستنەبەرباسی دەستووری کاری کۆبوونەوە، دەرگای باس‌و ڕاوێژی بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە کردەوە.

ل٢

## ڕەهەندی نووسین و وەرگێڕان لە تێکۆشان و خزمەتەکانی نەمر فەتاح کاویان دا

زۆر سەختە کە دەبینین کاک فەتاح کاویان کە مایەی گەرمی و ئاوەدانی و...

قادر وریا / ل ٥

## وتووێژی «کوردستان» لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردن

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ پرسی هەڵبژاردەکان لە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا ، ...

«کوردستان» / ل ٦

## گوتاری کۆشکی سپی و هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران؟!

دوای هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترامپ، هەڵوێستەکانی کۆشکی سپی بەرانبەر..

سمایل شەرەفی/ ل٧

درێژەی:

## دەقی وتاری بەڕێز مستەفا مەولوودی لە ٢٢ی خاکەلێوەدا

چ ئەو دەورانەی کە خۆی وەکو لاو بە پێی تەعریفی پێڕەوی ناوخۆی یەکیەتی لاوان کەدیاری کردوە زەمانێکی موشەخەسی سنیی بۆ خۆی داناوە چ لەوە بە دواوە کە بە جۆری لەجۆرەکان ڕۆڵی بەڕێوەبردنی ئیدارەی جامعە بە وسیلەی لاوان ئەم کەسانەی لە قۆناغی لاوی تێپەربوون وەک عونسوری موئەسێری کاری لە جامعە ئیدارەی وڵاتەکە دەکەن. لە نێو هەموو توێژەکانی کومەڵدا قشری لاو موهێمترین قشری جامعەی ئێمەیە کە دەبێ لەم دەورەیەدا بەجۆرێ لەجۆرەکان لە گەڵی بین هۆکار بین لە فکرێ پێ گیاندنو پەروەردەو فێر کردنی‌دا بین کە قۆناغەکانی داهاتوو هەم میللەتەکەی خۆش گوزەران و خۆش بەخت کا هەم جامعە و وڵاتەکەی ئاوەدان.

لە بەرئەوەی لاو کە دێ لەو مەرحەلەی کە دەخوێنی پەروەردە دەبێ سبەینێ دەبێتە کاربەدەستی ئەم وڵاتە. کە ئیدارە و بەڕێوەبەری بە دەست ئەو لاوانە ئەم کەسانەی لە قۆناغی لاوی پێ گەیون تا بوون بە کەسی موئەسیری جامعە ئەم کەسانەی کە دەبنە نوخبە لە جامعەدا، جا ئەم نوخبە لە عیلمدایە، لە فەرهنگ دایە، لە کۆمەڵناسی دایە یا لە کاری سیاسیو پەروەردە، ڕۆژی لە ڕۆژان لەم قۆناغەوە دەستیان پێکردوە. من لام وایە کەسێ ببێت بە دانشمەندی وڵاتی خۆی معلوومە تەمنی ٢٠تا ٣٠ساڵی وردەوردە شکڵ دەگرێت بۆ ئەم ئیستێعدادە تا شکڵ بگرێت تا لە دوا ڕۆژدا وەکو دانشمەندێ، پسپۆڕێک، ماموستایەک، تەبیبێک یا عالمێک نەقشی هەبێ لە دروست کردن و لە باش کردنی ژیانی میللەتەکەی و خۆشی وڵاتەکەی.

من زۆر وەخت ناگرم بۆ ئەوە ڕاست دەچمە سەر نەقش و دەوری لاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا. لاوانی ئێمە لە ڕاستی‌دا پێش دروست بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێکخراویان دروست کردوە. یانی کۆمەڵە گنجیکرێکخراویان دروست کردوە کە هەدەفیان خزمەت بە جامعە بووە، بە کۆمەڵ بووە. دروست کردنی ڕێکخراوێکی لەم جۆرە وەسیلەیە کە ئەم ڕێکخراوە کاری فەرهەنگی، سیاسی بکەن. هەر کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دروست بووە و کۆماری کوردستان پێکهاتوە ئەم لاوانە و ئەم کەسانەی لە دەوری ئەم ڕێکخراوە کۆبوونەوە لە دەوری حیزبی دێموکرات لە دەوری کۆماری کوردستان کۆبوونەوە وئەوەی توانیوانە خزمەتەیان بە حیزبی دێموکرات بە جامعەی کوردەواری ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆماری کوردستان کردوە .

دوای تێکچۆنی کۆماریش بەداخەوە دیسان هەر ئەم لاوانە ئەو کەسانەی لە دروست کردەنەوە و زیندوو کردەنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب دێموکرات‌دا نەقش و دەوریان هەبووە. ئەوان تووشی موشکیلە هاتوون، تووشی زیندان هاتوون تووشی ئەزیەت هاتوون، بەڵام دیسان هەوڵیان داوە ڕێکخراوەکانی و حیزبی دێموکرات کاری فەعالیەتی سیاسی‌یان دەست پێ کردەوە.

هەر پێشمەرگەکانی ٤٦تا٤٧ لە سەر دەستی لاوانی دێموکرات، دەستیان پێ‌کردەوە و خەباتیان درێژەی بووە و بە فیداکاری و شانازی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبی دێموکراتیان جووڵاندەوە. یانی لە نێو ئەو جەمعەی کە هەرکاتێ دەستیان پێکردوە کەمیان دەبینی کە تەمەنیان لە٣٥ ساڵ بۆ سەرێ بووبێت. هەموو لەو تەمەنی سێنیەی فاسڵەی ٢٠تا٣٥ساڵ بوونە لە دوای ئینقلابیش‌دا ئەگەر سەیری بکەین ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان عەلەنی ڕاگەیاند، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێران، لە مەهاباد لاوانی کوردستان بوون لە دەوری حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوەکانی حیزبی و هێزی پێشمەرگەی دێموکرات کۆبوونەوە. سەیری ساڵۆنی شەهیدان بکەین ئێمە دەڵێین نیزیک بە پێنج هەزار پێشمەرگەی شەهید بوون یانی لەو ٥هەزار پێشمەرگە لە ڕاستی‌دا ئەوانەی لە مەیدانی شەڕدا شەهید بوون زیاتر لە ٨٠دەرسەدیان ئەو لاوانە بوون کە تەمەنیان هەر لەو فاسڵەی ٢٠تا ٣٠ ساڵی‌دا بوون. دوێنێ لە پەردە لادان لە سەر کتێبی فەرماندەرانی شەهید کە کاک برایم چووکەڵی زەحمەتی کێشاوە و نووسیویەتی لەوێکاک برایم چووکەڵی قسەیەکی جوانی کرد. گوتی ئەو لاوانە مەسئوولی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەهەی ٦٠و نیوەی دەهەی ٧٠ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بوون یانی ئەو مەنزووری ئەوە بوو ئەگەر ڕێبەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی مەرکەزی و دفتەری سیاسی، سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دارڕشتوە، هەڵوێستو موازعەکانی دیاری کردووە. ئەوانەی لە مەیدانی خەبات‌دا کاری ئیجراییان کردوە، سیاسەتی حیزبیان بەڕێوەبردوە بڕیارەکانی حیزبیان جێبەجێ کردوە و نەقش و خەلاقیەتیان لە بەڕێوەبردنی کارەکان‌دا هەبوە لاوانی حیزبی دیموکرات بوون کە لە دەوری حیزبی دێموکرات کۆبوونەوە حەتا فەرماندەرەکان کە دیسان ئەگەر بچین سەیری بیۆگرافیەکان بکەین زۆربەیان ئەم کەسانەن کە تەمەنیان هەر لە فاسڵەی ٢٥تا٣٥ساڵدا بووە. جگە چەند کەسی مەحدود کە ئەویش بەجۆرێ لە جۆرەکان کە ناویان هات. کەوایە لاو نەقشی گرینگی هەیە لە زیندوو بوونی ڕێکخراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا، لە زیندووبوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا. ئەوی کە کاک برایم باسی دەکا کە لاوان فەرماندەرانی نیزامی مەسئولین و بەڕێوەبەرانی سیاسی لە نێو خۆی وڵات‌دا ئیدارەی ئوموری حیزبیان کردوە لە دوو خاڵ سەر چاو دەگرێ. یەک ڕاست لەخاڵی لاوبوون، ئێنێرژییان هەبووە بەتوانا بوون لەم توانایی‌یە ئیستفادەیان کردوەچاو نەترس بوون ئازا بوون. دوو زەمینەیەک بووە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆی خوڵقاندوون یانی مەجالی پێداون کە خەلاقیەتی خۆیان دەربخەن. وا نەبوە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەوە ئەمرێک بکا لە خوارەوە بەڕێوەبەرانی کارە ئیجراییەکانی حیزبی دێموکرات لە هێزەکانی لە کۆمیتەی شارستانەکانی هەر وا ئەم بڕیارانەیان جێبەجێ کردبێ. بەڵکوو خەلاقیەتی خۆیان نواندووە ئیستیعدادی خۆیان نواندووە و لە نهایەت‌دا توانیوە هەر ئەوەی باس لە کەسێ کە و وەرزێر بووە پێشمەرگە کە شوان بووە ببێتە پێشمەرگە کەسێ کە کرێکار بووە ببێتە پێشمەرگە بەڵام فەرماندەیەکی زوبدەی لێ هاتوەتەدەرێ کە ئیدی فەرماندەی نیزامی حکومەتی لە مەنتەقەدا لە دەستی وە ئەمان هاتووە. بۆیە مادام لاوان لە ئیدارەی وڵات‌دا هەمیشە نەقش‌و دەوری ئەساسی و کاریگەریان هەیە هەتا ئەگەر تەمەنیشیان چووە سەرێچونکە لە دەورانی لاویەوە پێگەیون و گەیشتوونە ئەو ئاستە و نەقشیان لە بزووتنەوەی سیاسی میللەتەکەیان بەو جۆرەیە کە لە بزووتنەوەی میللی ئێمەدا زۆر دیارە.کەوایە توێژو قشرێکی زۆر موهیمی کۆمەڵی ئێمەیە و خاوەنی جێگەو پێگەی تایبەت بە خۆیەتی. مەعلوومە میللەتان زۆریان بە هیممەتی لاوەکانیان خاوەنی کیانی خۆیانن خاوەنی سەروەریی خۆیانن، حەقی تەعینی سەرنەوشتی خۆیان بە دەستی خۆیانە دەوڵەتی قانوونیان هەیە، بەڵام بەداخەوە میللەتی کورد تا ئێستاش لەو حەقە ڕەوایە بێبەشە. لاوانی ئێمە ئەم کارە زەحمەتەی هەر لە پێشە، دیسان دەبێ ئازایەتی لە خۆی نیشان بدا دەبێ ماندوو بێ هەوڵبدا. دیسان بە داخەوە خۆین بدا تا بتوانێ میللەتی کوردیش وەکو میللەتەکانی دیکە بە سەعادتو بە خۆشبەختی بە کیانی سیاسی خۆی بگەیەنێ و ئەوەی کە لە کۆمەڵیش‌دا کۆمەڵ بەرەو پێش بەرێ دیسان لاو نەقشی دەبێ لەم پێوەندییەدا وەزیفەی یەکیەتی لاوانە کە زۆرتر زەمینە خۆش‌کا زۆرتر کار بکازۆرتر ماندوو بێ تا ئەوەی کە بتوانێ زۆرتر نەقش‌و دەوری هەبێ تا لاوانی کورد زۆرتر لە دەوریڕێکخراوی لاوان زۆرتر لە دەوری ئەهدافی سیاسی سێنفی خۆی کۆبکاتەوە تا بتوانن موئەسێرتر لەوەی کە هەنە بۆ ئەوەی زووتر وابکەن میللەتەکەیان بحەسێننەوەو ئاسوودەی بکەن. لەم پێوەندیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ڕاستیەکەی دەگەڵ لاوان بە جۆری لە جۆرەکان تێکەڵ بووە. یانی مومکینە لاوان بۆ خۆیان تەعریفێک ببینەوە یا حیزبی دێموکراتیش بە جۆرێ باس بکا بلێ ڕێکخەراوەی لاوانین و ئەویش حیزبی دێموکراتی کوردستانە، ئەمە نەقش و دەوری ئێمەیە و ئەوەش نەقش و دەوری حیزبی دێموکراتە. ئەگەر سەیری مێژووی ئەو زیادتر لە٧٠ویەک دوو ساڵە بکەین دەبینین لاوان و حیزبی دێموکراتی کوردستان چەندە تێکەڵی یەک بوون، و جیاکردەنەوی زۆر بەزەحمەتە چون هەر ئەوانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دروست کردوە ئەوانەی حیزبی دێموکراتیان پێگەیاندوە ئەوانەی حیزبی دێموکراتیان بە هێز و بە قوەت کردوە ڕاستیەکەی بەشی زۆر لاوان بوون و حەتا زۆریان ئەندامانی یەکیەتی لاوان بوون وە لەوانە زۆر کەسیان بوون بە ڕێبەرانی سیاسی مەسئوولی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئیستە ئەگەر سەیری سەفی حیزبی دێموکرات بکەی زۆر لەو تێکۆشەرانە هەنە کە زەمانێ ئەندامی ڕێکخراوەی لاوان بوون ئیستا کادری بەڕێوەبەری گەورەی حیزبی دێموکراتن. بۆیە من توانای لاوان دەبینم دڵ خۆشم بە ئەوانەی کومەک دەکەن تا یەکیەتی لاوانی ئێمە ڕێکخراوەیەکی موئەسێرتر بێ. تواناو ئیستێعداد و هێزێ کە لە لاوانی‌دا دەبینم فکرێکی لە یەکیەتی لاوان‌دا دەبینم لام وایە یەکیەتی لاوان ئەو ئیستێعدادەی هەیە کە بتوانێ زۆرترین لاوی لە دەوری خۆی کۆکاتەوە و پێویستی‌یەک و دیقەتێ کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دەبینم بۆ لاوان، کە وایە حیزبی دێموکراتیش بە وەزیفەی خۆی عەمەل دەکا کە کومەک بکا تا یەکیەتی لاوان بتوانێ بە باشترین شێوە بە وەزیفەی خۆی عەمەل بکا. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لەم پێوندییەدا لە هیچ هاوکارییەک بە نسبەت لاوانو یەکیەتی لاوان و ڕێکخراوی لاوان دریغی نەکا. جاریکی دیکە داوایسەرکەوتنی لاوان وئارەزووی خۆشی و سەعادت بۆ هەمووتان دەکەم




## چەند چالاکییەکی حیزب

### ڕاپۆڕتی دیداری هەیئەتێکی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فینلاند

ڕۆژی سێشەممە، ١٨ی مانگی ئاوریل کاک مستەفا شەڵماشی، بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەرافەت ئیبراهیمی، بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی کۆمیتەی فینلاندی حیزب بە هاوڕێیەتی کاک عەزیز شێخانی کۆمەڵە دیدارو سەردانێکی سیاسی‌یان کرد.

شاندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو دیدارانەی‌دا لە گەڵ ئەندام پارلەمانی سەوز، یەکیەتیی چەپەکان، پارتی سوئیدی زمانەکان و هەروەها بەشی کەنداوی فارسو یەکەی مافی مرۆڤ لە وەزارتی دەرەوەی فینلەند کۆبوونەوە.

ئەو لایەنانەی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵیان کۆبوونەوە و دیدار و چاوپێکەوتنیان هەبوو بریتی بوون لە:

ـ پێککا هاویستۆ، ئەندامی پارلمانی سەوزەکانی فینلاند، قسەکەری ناوەندی ئاشتی ئورووپا و نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی فینلەند بۆ پرسی ئاشتی.

ـ خاتوو لیی ئاندێرسۆن، پارلمانتار و سەرۆکی حیزبی یەکیەتیی چەپەکان.

ـ ئادلێر کرێوتز، پارلمانتاری پارتی سوئێدی زمانەکانی فینلاند.

ـ خاتوو مییا لاهتی، بەرپرسی حەوزەی کەنداوی فارس لە وەزارەتی دەرەوەی فینلاند

ـ کاتیا کۆسکێلا، کارمەندی وەزارەتی دەرەوەی فیلاند لە یەکەی تایبەت بە مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان.

شایانی باسە لەو دیدار و دیتنانەدا پرسی کورد، ئێران، کۆڵبەران، بەندی‌یە سیاسییەکان، مافی مرۆڤ لە ئێران، ئەرکی هێز و ڕێکخراوە ڕۆژئاواییەکانو دەوڵەتەکانیان تیشکیان خرایە سەرو، هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای پێدانی بەرچاوڕوونی لەسەر دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان کۆمەڵێک داوا و چاوەڕوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌یان لەو لایەنانە هێنایە بەرباس.

### بەشداریی شاندێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سیمیناری زانستیی نەخشەی کوردستان لە هەولێر

ڕۆژی پێنج شەممە٢٤ی خاکەلێوەی٩٦ لە سەر بانگهێشتی پەیمانگای فەرانسی شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە کاک جەلیل گادانی و ئیبراهیم زێوەیی لە کۆنفرانسی نەخشەی سیاسی کوردستانی عێراق بەشدارییان کرد.

لەو سمینارەدا « سیریل روسیل»، شارەزای ژئۆپۆلۆتیک و جوغرافیای سیاسیی ئەووڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، لەسەر چۆنیەتیی دیاریکردنی سنووری کوردستانی عێراق قسەی کردو لەو چوارچێوەیەدا باسی لە قۆناغەکانی شکڵگرتنی سنوور لە باشووری کوردستان کرد و بەراوردی نەخشەی سنووری ساڵی ١٩٧٠، سنوورەکانی چوارچێوەی هەرێمی کوردستان و هەر وەها سنوورەکانی پاش هێرشی داعش بۆ سەر عێراق و باشوری کوردستان کرد.

### بەڕێوەچوونی سیمیناری «ڕوخسارە نوێ‌یەکانی ناسیونالیزمیی ئێرانی» لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک

کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو ئامووزشی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوە ی ٩٦ی سیمینارێکی بۆ دکتور سەعید شەمس کەسایەتی ئاکادمێک و مامۆستای زانکۆ لە ژێرناوی روخسارە تازەکانی ناسیونالیزمیی ئێرانی پێک‌هێنا.

لەو سمینارەدا کاک سەعید شەمس بە ئاودانەوە لە مێژووی هاوچەرخی دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە ئێران شێوەی روانینی ئەو دەوڵەتانەی بۆ سەر گەلانی دیکەی نێو جوغرافیای ئێران بەتایبەتی کورد باس کرد و گوتی ؛ بە خوێندنەوەی شێوەی سیاسەت و ڕاونگەی دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە ئێران، روانینی ئەوان بۆ سەر پرسی نەتەوەی کورد هەمیشە لە گۆشەنیگای ئەمنیەتی بووە، هەتا فەرهەنگی وسیاسی.

بەڕێزیان دواتر بە خستنەڕووی شکڵ و مۆدێلی ناسیونالیزمەکان لە جیهان، شێوەی ناسیونالیزمی ئێرانی لە دەسپێکەوە بە وردی بۆ ئامادەبووان باس کرد.

دوکتور سەعید شەمس بە شیکردنەوەی لایەنی مێژوویی و قوناخەکانی ناسیونالیزمی ئێرانی لە دەوڵەت و دەسەڵاتە جیاجیاکانو هەروەها هەڵسەنگاندنی جێگەو پێگەی کورد لە مێژووی ئێران‌دا؛ لەسەر رووبەروو بوونەوەی کورد بە وێژمان و گوتاری سیاسی خۆی لە گەڵ ناسیونالیزمیی ئێرانی کۆمەڵکیک خاڵی جێگەی سەرەنجی خستە بەرباس و شرۆڤەی بۆ کرد.

### بەڕێوەچوونی سیمینارێکی سیاسی لە وڵاتی فینلاند بۆ کاک مستەفا شەڵماشی

کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ١٥ی ئاوریل سیمینارێکی بۆ کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب پێک‌هێنا.

کاک مستەفا شەڵماشی لە سەرەتای باسەکەی‌دا بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ئاوڕێکی لەو ڕۆژە مێژووییەو جێگەو پێگەی شەهیدان لە بزاوتی سیاسیی کوردستان‌دا دایەوە.

بەڕێزیان دواتر بە وردی لە مەڕ دوایین ئاڵوگۆرە جیهانی‌یەکانو شوێنکاریان لە سەر کوردستانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دوا و لەو پێوەندی‌یەدا سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا شی کردەوە.

لە بەشی کۆتایی سمینارەکەدا بەشداران بە هێنانە بەر باسی پرسیار و تێبینی و پێشنیارەکانی خۆیان نێوەرۆکی سمینارەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

### بەشداری شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی حیزبی سوسیال دیموکراتی سۆئێد

ڕۆژی شەممە ٨ی ئاوریلی ٢٠١٧ی زایینی، لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سەنتەری ئولاف پاڵمە، شاندێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، پێکهاتبوو کە ئارێز ڕەمەزانی و کەریم جاف بەشداریان لە ڕێوڕەسمی کردنەوەو ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەی حیزبی سوسیال دیموکراتی سۆئێددا کرد.

لەو کۆنگرەیەدا کە لە شاری یۆتێبۆری و لە ژێر دروشمی « ئاسوودیی لە سەردمی نوێ‌دا» گیرا، هەیئەتی حیزب چەپکە گوڵی پیرۆزبایی‌و پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو بۆنەیان گەیاندە شاندی خانەخوێ. هەروەها لە پەڕاوێزی کارەکانی ڕۆژی یەکەمەی کۆنگرەی پارتی سوسیال دێمۆکراتی سۆئێددا، شاندی حیزب توانیان لە نزیکەوە لەگەڵ ئادریانا ڤینتەر، بەرپرسی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەو حیزبە و ئەوین ئینجەر، بەپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستی پالمە سەنتەر دیداریان هەبێ.

کوردستان
ژمارە: ٧٠٢
٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ _ ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٧

# هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماری، روحانی و کێشەکانی خەڵک

درێژەی:


که زۆر بەدرەنگەوە ـ مەنشوورەکەی بە ناوی مافی شارۆمەندی کە تەنیا نووسراوێک بوو لە سەر کاغەز ـ بەگەرمی لە نێو وتارەکانیدا بڵاودەکردەوە، تەنانەت رووی لە دانیشتوانی پارێزگا پەراوێزخراوەکانی ئێرانیش کرد و لە ژێر ناوی مافی «اقلیتهای قومی» کە گۆیا مەبەستی لە مافی کەمینە نەتەوەیییەکانی ئێران بوو، بەڵێنی چارەسەری کێشەکانیان و دابینکردنی مافەخوراوەکانی بەواندا. بەگشتی ئەو بەشە لە خەڵکی ئێران و لە کوردستانیش، کە لە بەر وەزعی لەڕادەبەدەر خراپی ڕێژیم پێیان وابوو کە بۆ ڕاگرتنی نیزامەکەشیان بێ، ئومێدێک ماوە بۆ قبووڵی گۆڕانکارییەکان، لە دوای ئیسڵاحتەڵەبەکان ئەو جارەش ڕێگەیان دا بە ئیئتیلافی ئەوان و میانڕەوەکان، هەتا جارێکی دیکەش شانسی خۆیان تاقی بکەنەوە و راستگۆیی خۆیان بە خەڵک نیشان بدەن.

لەوکاتەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە بە باشی فەزای ئینتیخاباتیی ئێرانی هەڵسەنگاندبوو و دەیزانی لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران بۆ هێنانە مەیدانی خەڵک بۆ دەنگدان کاری زۆر کراوە و وەعدە و بەڵێنی زۆرتر دراوە و کوردستانیش لەو بازارگەرمی‌یە بە دوور نابێ، لەگەڵ پێداگری لەسەر سیاسەتەکانی لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا و ئاشکرا کردنی هەموو فرت و فێڵەکانیان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، خەڵکی کوردستانی بە ئاگاهێنایەوە کە ئەگەر بە هەر هۆیەک دەچنە دەنگدان، لەلایەک وەک فرسەتێک چاوی لێبکەن بۆ دەربڕینی ویست و داخوازییە نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان و لەلایەکی دیکەوە وشیارانە دەنگ بە کەسێک بدەن کە داواکاری‌یەکانیان لەچوارچێوەی بەرنامەکانیدا گونجابێ.

لەو دەورە لەهەڵبژاردندابە هۆی پشتیوانی زۆربەی دەنگدەران و ملدانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان، حەسەنی روحانی بوو بە حەوتەمین سەرۆککۆماری ڕێژیم. بەمجۆرە لە دوای دەسەڵاتی ئیسڵاحتەڵەبەکانی ئێران ئەو جار هاوپەیمانی ئەوان و میانڕەوەکانی ڕێژیم بوو کە دەکەوتە بەر تاقیکردنەوەیەکی گرینگ. تاقیکردنەوەیەک کە دواشانسی هەموو دەستە و باندە جۆرا و جۆرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ بۆ دڵنیایی پێدان بە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە بوون و سیاسەتەکانی دەسەڵاتداران. دوومانگ دوای هەڵبژاردنی روحانی و دەستبەکاربوونی هەمووخەڵک دەیانزانی کە ئەوە دەتوانێ دەسپێکی کۆتایی ئارامشی پاش هەڵبژاردن بێ، ئەگەرخەڵک ویستەکانیان لە نێوەرۆکی کار و بەرنامەکانی دەوڵەتی روحانیدانەبیننەوە. ئەودەمیش بەوردی باس لەوە دەکرا کە، زۆر بەی دەنگدەرانی ئێران و، بەتایبەت ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستان و پارێزگا دووردەسەتەکانی ئێران کە روحانی بەدەنگی ئەوان توانی ببێتە خاوەنی ئەو پۆستە، نە لەبەر خۆشەویستییان بۆنیزام بەڵکوو، تەنیا بۆ بەخشینی هەلێکی دیکەی یاسایی بەو کەسەی کە ئومێدی گۆڕانکاری پێدان و هاتنە مەیدانی هەڵبژاردن و ئەگەر روحانی نەتوانێ ئەو پەیامەی خەڵک وەربگرێ یا کۆسپەکانی سەر ڕێگەی جێبەجێکردنی وادە و بەڵێنەکانی لانەبا دەبێ چاوەڕوانی هەڵوێستێکی دیکە بێ لەلایەن ئەو خەڵکەوە.

کە ئەو لە چوارچێوەی بەرنامەی «حقوق اقلیتهای قومی» باسی لێ‌دەکردن، بەشێکن لە کارنامەی شکستخواردووی دەوڵەتی حەسەن روحانی.

خەڵک بە هۆی هەڵسەنگاندنیان لە رەفتار و بەرنامەکانی سەرۆک‌کۆمارەکان سەر بە هەر دەستە و جێناحێک بووبن دەزانن جیاوازی‌یەکانی ئەوان لە نێو خۆیاندا



**خەڵک بە هۆی هەڵسەنگاندنیان لە رەفتار و بەرنامەکانی سەرۆک‌کۆمارەکان سەر بە هەر دەستە و جێناحێک بووبن دەزانن جیاوازی‌یەکانی ئەوان لە نێو خۆیاندا هەرچی‌یەک بێ، بۆ ئەوان چۆنیەتی جێبەجێ‌کردنی وادەو بەڵێنەکانیان لە کاتی هەڵبژاردن و راستگۆیی‌یان لە ئاست وەدیهێنانی داواکاری خەڵکی وڵات گرینگە.**

هەرچی‌یەک بێ، بۆ ئەوان چۆنیەتی جێبەجێ‌کردنی وادە و بەڵێنەکانیان لە کاتی هەڵبژاردن و راستگۆیی‌یان لە ئاست وەدیهێنانی داواکاری خەڵکی وڵات گرینگە. بۆیە ئەوجار ناکرێ چاوەڕوان بن خەڵکی کوردستان دیسانیش ببنە کەرەسەی دەنگ‌کۆکردنەوەیان و چوار ساڵی دیکەش کاتی تاقیکاری‌یەکی دیکە بدەنەوە بەوانەی کە لە چوار ساڵی رابردوودا نەیانتوانی کەمترین بەڵێنەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

لەم روانگەوەیە کە بە ئەزموون وەرگرتن لە چۆنیەتی رەفتاری کاندیدە بێ‌دەسەڵات و بێ‌بەڵێنەکان، خەڵکی کوردستان هەڵبژاردنی ئەم دەورەی سەرۆک‌کۆماری بایکۆت دەکەن و ئەمەش دەکەنە هۆکارێک بۆ تێگەیاندنی هەموو لایەنەکانی کۆماری ئیسلامی کە بزانن خەڵکی کوردستان وەک هەمیشە وشیارانە لەگەڵ ئەو بابەتانەی بە ژیانی ئەوانەوە گرێی خواردوە مامڵە دەکەن.

ئێستا دوای چوار ساڵ بەهەڵسەنگاندنی کارنامەی دەسەڵاتداری دەوڵەتەکەی روحانی، بە روونی دەردەکەوێ کە سەرەڕای ئیدیعاکانی خۆی و دەوڵەتەکەی نەتەنیا نەیانتوانی هیچ یەک لەوادەو بەڵێنەکانیان بەرنەسەر بەڵکوو، بەپێچەوانەوە ژیانی خەڵک لە هەموو بوارێکدا زۆر خراپتربووە. چوونەسەری بایی کاڵا لەپاڵ زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، دەسەڵاتداریی ناوەندە ئەمنی‌یەتی‌یەکان و درێژەی گرتن و راوەدوونان و بەرزبوونەوەی رادەی ئیعدامەکان، زیادبوونی کێشەکۆمەڵایەتییەکان و لەبەریەک هەڵوەشاندنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی ئێران و گرینگتر لە هەموان گوێ‌پێنەدان بە داواکارییە سەرەتاییەکانی خەڵک کە بەشێکی لە چوارچێوەی پرۆژە پشتگوێخراوەکەی مافی شارۆمەندیدا هاتبوون و لە بیربردنەوەی ئەو بەڵێنانەی بۆ پێڕاگەیشتن و دابینکردنی مافی زەوتکراوی خەڵکی ئەو ناوچانەی

# بەرزڕاگیرانی یادی ٢٢ی خاکەلێوە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

لە ڕێورەسمێک‌داو لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان؛ یادی ٧٤ ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە رۆژی سێشەممە ٢٢ی خاکەلێوە گیرا، سەرەتا کورتەیەک لە مێژووی دامەزارندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندرایەوە و دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات بەو بۆنەیە لەلایەن بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکێش کرا.

بەڕێزیان لە باسەکەی‌دا بە ئاماژە بە گرینگیی قوناخی لاویەتی بەتایبەتی لە بواری بەڕێوەبەرایەتی‌و ئیدارەی کاروباری سیاسی‌و فەرهەنگی‌و مەدەنی بۆ ئامادەبووان دوا.

کاک مستەفا مەلوودی بە وەبیرهێنانەوەی دەورو ڕۆڵی لاوانی کورد لە دامەزراندن و ئاراستە بەخشین بە دەوڵەتی جمهوری کوردستان گوتی: لاوانی کورد لە سەردەمی کۆمارەوە، وێڕای کاریگەرییان لەسەر کۆماری کوردستانو، دامەزراندنی ڕێکخراوەی




تایبەت بە خۆیان لە درێژەپێدان بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەردەم لە مەیدانی خەبات‌دا دەورو نەخشی بەرچاویان هەبووە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو یادەدا پێشەوا عەلی‌پوور، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامێکی پێشکەش کرد. ئەو بە خستنەڕووی هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاتنەمەیدانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی لە بۆنە نەتەوەییەکان‌دا ، وەکوو نەورۆزی ٩٦ی هەتاویی بەرز نرخاند.

خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە، پێشکێش‌کردنی چەند کۆپلە شیعر و گۆرانی، پیشاندانی شانۆیەکی کۆمێدی‌و هەروەها چەند تابلۆیەک لە هەڵپەرکێی لاوانی دێموکڕات چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو یادە بوون.

# چەند هەواڵی کوردستانی

## ناڕوونیی چارەنووسی ٥٣٠٠ زیندانیی مەحکووم بە ئێعدام لە ئێران

٥٣٠٠ زیندانی لە زیندانەکانی ئێران لە ژێر هەڕەشەی سزای ئێعدام دان.

یەحیا کەماڵ پوور، جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی قەزایی مەجلیس لە دوایین باسی لە پێوەندی لەگەڵ پڕۆژەیاسای پێشنیارکراوی تاوتوێی لابردنی سزای ئێعدام بۆ ئەو کەسانەی بە تۆمەتی بازرگانی‌کردن بە مادەهۆشبەرەکانەوە گیراون، رایگەیاند: زیاتر لە ٥٣٠٠ کەس لە زیندانەکانی ئێران‌دا چاوەڕوانی جێبەجێکردنی سزای ئێعدامن، ئەوەش تەنیا ئەوانەن کە بە تومەتی کڕین و فرۆشتنی مادەسڕکەرەکان ئەم سزایەیان بە سەردا سەپاوە.

جێبەجێ‌بوونی سزای ئێعدام لە ئێران بە شێوەی زۆرو بەربڵاو لە حاڵێک‌دایە کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە نوێترین ئاماری ساڵانەی خۆی‌دا ڕایگەیاند لە ٥٦٧ حاڵەتی ئێعدام لە ساڵی ٢٠١٦ زایینی‌دا لە ئێران تۆمار کراوە.

ئەو ڕێکخراوەیە لەو ڕاپۆرتەدا ئەوەشی خستوەتەڕوو کە، لانیکەم ٣٣ حاڵەتی ئێعدامی تۆمار کراو لە ساڵی ٢٠١٦ زایینی، لە بەرچاوی خەڵکدا بووە، هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە ئێعدامی ٨ ژن لە ساڵی ٢٠١٦ زایینی‌دا لە ئێران کراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، ئێران پاش چین، بە دووهەمین وڵات لە بواری ئێعدام‌کردنی تاوانباران دادەنرێ.

## نەورۆزی جامانەکان بەرپرسانی سپای پاسدارانی وەزاڵە هێنا

دەنگدانەوەی نەورۆزی کەم وێنەی ئەمساڵ بوو بە هۆی وەدەنگ هاتن و هەڕەشە کردنی بەرپرسانی باڵای سپای پاسداران لە چالاکان و تێکۆشەرانی کوردستانی.

ناوەندە حکوومی‌یەکان و بەتایبەتی ناوەندە ئەمنی‌یەکان کە بەرەبەری خۆ ئامادە کردن و پێشوازی کردنی خەڵکی کوردستان بە شێوازی جۆراجۆر ویستیان خەڵک لە بەڕێوەبردنی نەورۆزی ئەمساڵ دڵسارد بکەنەوە، بەڵام بە پێچەوانەی پیلان و ویستی ئەوان بۆنەکانی نەورۆزی ٩٦یهەتاوی بوو بە وێستگەی یەکگرتوویی و پێکەوەبوونی خەڵکی کوردستان و،

هەر ئەمەش بووەتە هۆی وەدەنگ‌هاتن و هەڕەشە کردنی بەرپرسانی سپای پاسداران لە بەڕێوەبەارنی نەورۆزی ئەمساڵ.

لە تازەترین لێدوانی‌دا سەردار محەممەد حسێن رەجەبی بە ڕاشکاوی باس لە تووڕەیی ناوەندە ئەمنی‌یەکان دەکاو تەنانەت هەڕەشەی لە بەڕێوەبەران و ڕێکخەرانی بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵ، کە بە نەورۆزی جامانەکان ناسراوە، کردوە.

فەرماندەی قەرارگای شەهرامفەر لە پارێزگای سنە کە ناوەندێکی ئەمنیەتی بەهێزە لەو پارێزگایە، بە خستنەبەرباسی نەورۆزی ٩٦ی هەتاوی،ودووپاتکردنەوەی کۆمەڵێک تانەوتوانجی سواو، نیگەرانی خۆی و سپای پاسدارانی لەوبارەوە دەربڕی.

بەرپرسی سپای "بیت المقدسی پارێزگای سنە بە وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی دەی ٦٠ی هەتاوی لە شارەکانی کوردستان دیسانەکە ترس و دڵەڕاوکێی ناوەندە ئەمنی‌یەکانی سەبارەت بە بەشدارییی بەربڵاوی خەڵک لە نەورۆزی جامانەکان باس دوا و بەڕێوەبەران و ڕێکخەرانی بۆنە نەورۆزی‌یەکان بە تێکدەر ناو دەبا.

سەردار محەممەد حسێن رەجەبی، لە درێژەی لێدوانەکەی‌دا کە رۆژی ٢١ی خاکەلیوە لە ماڵپەری "سپای بیت المقدس" بڵاوکراوەتەوە هەوڵی داوە خەڵک و کۆمەڵگەی کوردستان لە چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنی وسیاسیی کورد جیابکاتەوەو خەمخۆران و دڵسۆزانی خەڵکی کوردستان بە دوژمن و تێکدەری ئاسایشی نەتەوەیی ناوزەد بکا.

ئەمە لە کاتێکدایە خەڵکی کوردستان بە هەموو چین‌وتوێژەکانەوە بە لەبەرچاوگرتنی داواکاری وئاموژگاری لایەنە سیاسی و مەدەنی‌یەکانی خۆیان، ئەمساڵ بە گەرم وگوڕی پێشوازییان لە بۆنەکانی نەورۆز کردو ، سەلماندیان هەردەم داواکاری ماف و ویستی نەتەوەیی خۆیانن.

شایانی باسە ناوەندە ئەمنی‌یەکان چ وەکوو بانگهێشت‌کردنی ڕێکخەران و چ وەکوو ڕێگەنەدان بە بەڕێوەچوونی نەورۆزی بەربڵاو لە شارەکانی کوردستان لە هەوڵدا بوون هاوئاهەنگی ویەکدەنگی چالاکانی مەدەنی وسیاسی تێک بشکێنن، بەڵام وەکوو بینیمان نەورۆزێکی بێ وێنەو مێژوویی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەڕێوەچوو کە دەنگدانەوەی بەربڵاوی میدیایی لێکەوتەوە.

## مانگرتنی بەربڵاوی دوکانداران و کاسبکارانی شاری سنە

بەشێکی بەرچاو لە دوکانداران و کاسبکارانی شاری سنە رۆژی ڕابردوو ٢٣ی خاکەلێوە بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە کەمتەرخەمیی بەرپرسانی ئەوشارە ، دوکان و پاساژ و بازاریان داخست.

یەکێک لە مانگرتووان رایگەیاندکە، سەرەڕای ئەوە کە شارەداری و ناوەندەکانی دیکە بە بیانووی جۆراوجۆر پارەیەکی زۆر لە ئێمە وەردەگرن ، بەڵام دیسان کاسبکاران ودوکاندارانی شاری سنە لەگەڵ گرفت وکێشەی زۆر رووبەڕوون. بۆ نموونە شارەداری بڕیاری داوە کە کێشەی دەسفروشانی سەرشەقام چارەسەر بکا، بەڵام ئەو کێشانە وەک خۆی ماوەتەوە، لە لایەک دیکەش رۆژ بەرۆژ نرخی عەوارێز و ماڵیات بە بێ هیچ خزمەت‌گوزاری‌یەک دەچێتە سەر، هەر ئەمەش بوەتە هۆی مانگرتنی کاسبکاران و داخستنی دوکان وبازاڕی شاری سنە.

شایانی باسە ساڵی رابردوو شارەداری شاری سنە بە هاوکاری هێزە ئینتیزامی‌یەکان هێرشیان کردە سەر دەسفرۆشانی سەرشەقام ، و بە هۆی لێدان و تاڵان کردنی کەل‌وپەلی دەسفرۆشانی سەر شەقام ناڕەزایەتی و شەڕ وتێکهەڵچوون هاتە ئاراوە.

دوای ئەوە بڕیار بوو شارەداری شاری سنە لە زووترین کات کێشەی دەسفرۆشانی سەرشەقام چارەسەر بکا، بەڵام تاکوو ئێستا هیچ هەنگاوێکی بە کردەوەی هەڵنەهێناوە.

جێی‌ئاماژەیە دەسفرۆشی، ڕێگەیەکە بۆ دابین‌کردنی بژێوی ژیان ئەویش بە ناچاری، کە بەهۆی نەبوونی دەرفەتی کاری باشتر و دەسکورتی خەڵک،بەشێک لە خەڵکی شارەکانی کورستان رووی تێدەکەن و کێشەو گرفتی تایبەت بە خۆی هەیە.

## گواستنەوەی ١١ بەندکراو بە مەبەستی ئێعدام کردن، بۆ ژووری تاکەکەسی

١١بەندکراوی بەندیخانەی رەجایی شاری کەرەج بە مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدام بۆ ژووری تاکەکەسی گواسترانەوە.

بەپێی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، چەند ڕۆژ لەوەپێش بەرپرسانی بەندیخانەی ڕەجایی شاری کەرەج ١١ کەسیان بە مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدام بۆ ژووری تاکەکەسیی ئەو زیندانە گواستەوە کە لەو ڕاپۆرتەدا تەنیا ناوی ٣ کەس بە ناوەکانی فەرزاد قەهرەمانی، مێهدی بەهلوولی و وەحید سیلابی ئاشکرا کراوە..

بەپێی هەمان سەرچاوە، شیمانەی ئەوە دەکرێ کە چوارشەممەی ئەو حەوتوویە حوکمی ئێعدامی ئەو بەندکراوانە جێبەجێ بکرێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبواری جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامی خەڵکی وڵاتەکەی پاش چین دووهەمین وڵاتە لە ئاستی جیهاندا

کوردستان
● ژمارە: ٧٠٢
٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ _ ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٧

درێژەی:

# لە کۆڕیادێکدا ڕێز لە ژیانی پڕبەرهەمی نەمر کاک فەتاح کاویان نرا

باس لە ئەرک وەئەستۆ گرتن و تێکۆشانی ئەو بەڕێزە کرا.

بەڕێز کەماڵ کەریمی بە باس کردن لە چەند بیرەوەری لە ژیانی کاک فەتاح کاویان لە بواری زمانەوانی و وەرگێران و بوارەکانی دیکەی ژیان و بەرهەمەکانی ناوبراو، چەند لایەنێکی جێی سەرنجی لە ژیانی ئەدەبی و سیاسیی کاک فەتاح خستەڕوو.

کوردستان لە بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵ لەوبارەوە گوتی: بەشداریی مانادار و یەکگرتووانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەمساڵ لە بۆنەکانی نەورۆزدا دوای ٧٠ساڵ لە سێدارەدانی پێشەوا قازی رێبەر، نیشانیان دا، کە هەم بە ڕێبازی قازی محەممەد وەفادارن و هەم پەیامی یەکریزی و پێکەوەبوونیان گەیاندە لایەنە سیاسییەکان.

لەدرێژەی پەیامی دەفتەری سیاسی‌دا هاتبوو کە؛ کاک فەتاح کاویان چ وەکوو پێشمەرگەیەک لە شاخ کە یارو





خەمخۆری هاوڕێیانی بوو، چ ئەوکات کە بۆ ماوەیەک شارەداری شاری مەهاباد بووە، ئەوانەی کە ئەو سەردەمەیان لەبیرە شاهیدی دەدەن کە لەو بوارەش‌دا چەندە خەلاق و سەرکەوتووبووە.

بەڕێز کەریمی لە کۆتایی پەیامی دەفتەری سیاسی‌دا باسی لە تایبەتمەندیە مەزن و بێوێنەکانی بەڕێز کاویان کرد کە، بە هۆی مێهرەبانی ولێزانی و ڕەوشتبەرزی‌یەوە، نەتەنیا خۆشەویستی سەرجەم هاوڕێیانی دیموکراتی بوو، بەڵکوو لە لای زۆر کەس ولایەنی دیکەش جێگای ڕێزوحورمەت بوو.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆڕیادەدا کورتە فیلمێک تایبەت بە ژیان و بەسەرهاتی کاک فەتاح کاویان کە بەرهەمی تلویزیۆنی کوردکاناڵ بوو، پیشاندراو بووەهۆی گشتاندنی یادی ئەو بەرێزە لە نێو ئامادەبووان‌دا.

دواتر بەڕێز مستەفا مەعرووفی، یەکێک لە هاوکارانی کاک فەتاح لە دەزگای چاپەمەنیی حیزب وتارێکی لە سەر فەرهەنگی «حەوتەوانە»، یەکێک لە بەرهەمە بەنرخەکانی کاک فەتاح کاویان پێشکەش کرد.

ناوبراو بە کورتی و بە وردی چەند تایبەتمەندی ئەو فەرهەنگە زانستییەی بۆ ئامادەبووان باس کرد کە لە نەوعی خۆی‌دا فەرهەنگێکی سێ زمانەو تایبەتە.

هەر لەم کۆڕیادەدا یاری دێرینی کاک فەتاح کاویان و تێکۆشەری لە مێژینەی دیموکرات،کاک مەلا ڕەسووڵ پێشنەماز چەند وتەو بیرەوەری لەحەفتا سال پێکەوەبوونی لە گەل نەمر کاویان خستەبەرباس و، چەند بیرەوەریی لە قوناغە جیاجیاکانی ژیان وخەباتی خۆی و نەمر کاک فەتاح بۆ ئامادەبووان باس کرد.

لە برگەیەکی دیکەی ئەم کۆڕیادەدا کە لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە ڕێک خرابوو، بەڕێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات باسێکی لە ژێرناوی «ڕەهەندی نووسین و وەرگێڕانی «فەتاح کاویان» پێشکەش کرد. بەڕێز قادروریا لە بابەتەکەیدا بە نموونەهێنانەوە لە چەند نووسینێکی نەمر کاک فەتاح باسی لە خەلاقییەت و لێهاتوویی نەمریان لە نووسینە جۆراوجۆرەکانی‌دا کرد.

لە کۆتایی کۆڕیادەکەدا خاتوو سەرگوڵ کاویان، یادگار و کچی نەمر فەتاح کاویان چەند وتەیەکی لە لایەن خۆی و بە نوێنەرایەتی بنەماڵەی کاویانەوە پێشکەش بە مێوانان و بەشداربووانی ئەو کۆڕە کرد.

خاتوو سەرگوڵ بە خوێندنەوەی نامەیەکی باوکی بۆ بنەماڵەکەی، هەستی بەڕێز کاک فەتاحی بۆ بنەماڵەو کەس و کارو منداڵەکانی بۆ بەشدارانی کۆڕەکە خستەروو کە چەندە بە ئێحساسەوە باسی لە دووربوونی لە بنەماڵە و کەس و کارەکەی کردوەو چەندە بە سۆزو خۆشەویستی‌یەوە روانیویەتیە پێکهاتەی خاوخێزانی خۆی. بەڵام بە هەموو ئەوانەیشەوە ئەرکە نەتەوەیی و حیزبی‌یەکانی لە سەروو هەموو شتێکەوە داناوە و بۆ بەجێ‌گەیاندنی ئەرکە نیشتمانی‌یەکانی ئامادە بووە لە هەموو کەس و کارو ماڵ و منداڵە خۆشەویستەکانی دوور بێت.

لە کۆتایی قسەکانی‌دا خاتوو سەرگوڵ بە پێزانینەوە، سپاسی حیزبی دێموکرات و هاوسەنگەرانی باوکی کرد کە هەمیشە بەڕێزە و لە کاک فەتاحیان روانیوەو تا دوایین ساتەکانی ژیانی بە حورمەت بوون لە گەڵی.

شایانی باسە هاوڕێی تێکۆشەر و دێموکراتی بەوەفا، کاک فەتاح کاویان دوای تەمەنێک لە خزمەت بە نیشتمان و ئەدەبی کوردی و پێشکەش‌کردنی چەندین بەرهەمی بەنرخ بە کتێبخانەی کوردی، رۆژی ٢٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی لە قەڵای دێموکرات لە شاری کۆیە ماڵاوایی یەکجاری لە ژیان و هاوسەنگەرانی کرد.

# پەردەلادان لە کتێبی فەرماندەرانی شەهید، لە شاری هەولێر

رۆژی دووشەممە، ٢١ی خاکەلێوەی ٩٦ی هەتاوی لە هۆڵی کتێبخانەی زەیتون لە شاری هەولێر بەرهەمێکی دیکە لە بەرهەمەکانی کاک برایم چووکەڵی، پێشمەرگە و ئەندامی رێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ژێر ناوی «فەرماندەرانی شەهید» پەردەی لەسەر لادرا و روونوێنی لێ‌کرا.

لەو ڕێورەسمەدا سەرەتا کورتەیەک لە ژیانی برایم چووکەڵی خوێندرایەوە و دواتر پەیامی کۆمیتەی حیزب لە هەولێر بەو بۆنەیە لەلایەن چیا مەلاک، بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە پێشکێش کرا. پاشان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، کەسایەتی بەرزو یەکێک لە سیماکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەردەی لەسەر کتێبی فەرماندەرانی شەهید لادا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا کاک سمایل بازیار، هاوسەنگەری نووسەری کتێبی فەرماندەرانی شەهید و، مامۆستای زانکۆ لەسەر دوایین بەرهەمی برایم چووکەڵی چەند وتەیەکی پێشەکەش بە ئامادە بووان کرد.

بەڕێزیان لە بەشێکی باسەکەی‌دا تیشکی خستە سەر ئەوەی باسکردن لە مێژووی هاوچەرخی کورد بە بێ لەبەرچاوگرتنی جێگەو پێگەی حیزبی دیموکرات و خەباتی ئەو حیزبە مێژوویەکی ناتەواو و نقوسانە.

کاک سمایل بازیار بە خستنە بەرباسی هیوای سەرەکیی چەک هەڵگرتنی گەلی کورد و رۆڵەئازاکانی ئەو گەڵە، لەوبارەوە گوتی: بە شاهیدی هەموو ئەو هاوسەنگەرانم و، ئەوانەی وا شەهید کراون، شۆڕشگێڕانی کورد هیچکات نەیانویستووە کەس بکوژن یان بکوژرێن، ئەوان خەباتەکەیان بۆ ژیان بووە، بەڵام ئیدی هەلومەرجی نەخوازراو، کاروانی شەهیدانی ئێمەی تا ئێستا درێژ کردۆتەوە.

لە درێژەی ئەو رێورەسمەدا کاک رەزا کەعبی، جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، باسێکی پێشکێش کرد وێڕای رێزلێنان لە زەحمەتی کاک برایم چووکەلی بە ئاماژەدان بە گرینگی ئەدەب و بەرهەمی بەرگریی کورد، هەوڵ و ماندووبوونی ناوبراوی لەوبارەوە بەرز نرخاند.

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا تابلۆی نەخشراو بە دیزاینی رووبەرگی کتێبی فەرماندەرانی شەهید لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرێز مستەفا مەولوودی‌یەوە ئیمزا کرا ولە کۆتایی رێورەسمەکەدا کاک برایم چووکەڵی لەسەر چۆنیەتی ئامادەکردن ونووسینی کتێبەکانی کە ٧بەرگ کتێبە، بەتایبەتی تازەترین بەرهەرمەکەی چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

## چەند هەواڵی ئێرانی

### روحانی سپای پاسدارانی ئاگادارکردەوە کە خۆ لە هەڵبژاردن هەڵنەقورتێنن

حەسەن رۆحانی، سەرکۆماری ئێران هێزە چەکدارەکانی وڵاتەکەی ئاگادار کردەوە کە دەست لە کاروباری هەڵبژاردن وەرنەدەن و کاریان بە یارییە سیاسییەکان نەبێ.

حەسەن رۆحانی لە رۆژی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گوتی، هێزە چەکدارەکان نابێ خۆیان تێکەڵ یارییە سیاسییەکان بکەن و ئەوەی بە راسپاردە و ئامۆژگارییەکانی خومەینی زانی و کاری ئەوانی بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵک زانی.

هەروەها ناوبراو بێ ئەوەی کە ناوی سپای پاسداران بێنێ گوتی جگە لەوەش هێزە چەکدارەکان نابێ خۆیان تێکەڵ بە کێشەی ئابووری بکەن لەبەر ئەوەی کە لە کاری سەرەکیی خۆیان دوور دەبنەوە.

لە لایەکی دیکەش، قسە لەوە دەکرێ بە نزیکبوونەوەی کاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، هێزەکانی سپای پاسداران زیاتر لە جاران دەست لە کاروباری هەڵبژاردن وەردەدەن.

عەبدولڕەزا داوەری، راوێژکاری پێشووی ئەحمەدی نژاد لە نامەیەکی سەرئاوالادا ڕووبە فەرماندەی سپای پاسداران گوتی، نەتەنیا ڕاوێژکاران و ڕاگەیەنەکانی سپای پاسداران، بەڵکوو ئیتلاعاتی سپاش هەر ئێستا دەستی کردوە بە پشتیوانیکردن لەلایەنێکی تایبەت و بە ڕاشکاوی دەست لەکاروباری هەڵبژاردن وەردەدا.

پێشتریش عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران گوتبووی، بەرەنگاریی هەر چەشنە دەستێوەردان و گۆڕینی ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەبینەوە. ناوبراو دانی بەوەدانا کە بۆ یەکەم جار پێشی بە نەگۆڕینی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی خولی پێشووی سەرکۆماری حەسەن رۆحانی گرتووە.

---

### ئوورووپا گەمارۆکانی مافی مرۆڤی دژی ئێرانی بۆ ماوەی یەک ساڵی دیکە درێژکردەوە

شورای یەکیەتیی ئورووپا لە بەیاننامەیەکدا گەمارۆکانی مافی مرۆڤی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ ماوەی یەک ساڵی دیکە درێژکردەوە.

بەپێی راپۆرتی چاونیوز، ناوەندنی مافی مرۆڤ بۆ رۆژهەڵات، شووڕای یەکیەتیی ئورووپا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە گەمارۆکانی مافی مرۆڤی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ماوەی یەک ساڵی دیکە درێژکردەوە کە سەفەرکردن و داخرانی داراییەکانیانی ٨٢ کەس و، دامەزراوەی ئەو وڵاتە دەگرێتەوە.

ئەو گەمارۆیانە بە زۆری کەلوپەلێک دەگرێتەوە کە بە مەبەستی سانسۆر و چاودێریکردن و ئامێرەکانی پێوەندیگرتن لە ئێران بەکاری دێنن.

شایانی باسە رۆژی ٢٣ی خاکەلێوە قەرارە بە شێوەی ڕەسمی ناوی ئەو کەس و دامەزراوانە کە مافەکانی مرۆڤ لە ئێران پێشێل دەکەن رابگەیەندرێ.

---

### ترسی بەرپرسانی قەزایی لە دووپاتبوونەوەی رووداوی ساڵی ٨٨ی هەتاوی

لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و شووڕای شارو گوندەکان لە ئێران، بەرپرسانی باڵای دەزگای قەزایی بە هەڕەشە کردن لەو کەسانەی بیانهەوێت کەشی هەڵبژاردنەکان تێکبدەن، رووداوەکانی ساڵی ٨٨ ی هەتاوییان وەبیرهێناوە.

محەممەد جەعفەر مونتەزێری دادستانی گشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران نیگەرانی خۆی لە دووپاتبوونەوەی نارەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨ی هەتاوی دەربڕی و، بە توندی هەڕەشەی لەو کەسانەی کە بەوتەی ناوبرا تێکدەر و دژ بە نیزامن کرد.

محەممەد جەعفەر مونتەزێری بە خستنەبەرباسی کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ناوەندە ئەمنییەکانی وریا کردەوە و، هۆشداری دا بە چالاکانی بواری راگەیاندنیش کە ئەزموونی ساڵی ٨٨ی هەتاوی دووپات نەبێتەوە و رای‌گەیاند کە ئەو ماڵپەڕانەی کە مەترسی بن بۆ سەر ئەمنیەتی هەڵبژاردنەکان فیلتەر دەکرێن

ناوبراو رۆژی دووشەممە ١٤ی خاکەلێوە بە راشکاوی نیگەرانی خۆی و دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی سەبارەت بە ئەگەری دووپات بوونەوەی رووداو و نارەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەربڕی.

هەر لەو پێوەندییەدا بەرپرسی دەزگای قەزایی سادق لاریجانی بە ئاماژەدان بە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی خولی پێشووی هەڵبژرادنەکانی سەرۆککۆماری لە ئێران بە توندی هەڕەشە لە نەیاران و جیابیران کرد.

لاریجانی رۆژی ١٤ی خاکەلێوە وێڕای مەحکووم کردنی لێدوانی «نیکی هێلی» نوێنەری ئەمریکا لە رێکخراوی نێونەتەوەیی کە ڕایگەیاندبوو؛ بە لەبەرچاو گرتنی رووداوەکانی ساڵی ٨٨ی هەتاوی لە ئێران نابێ کەمتەرخەم بین و رێگەنەدەین خوینی نارازییان بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە فێرو بچێ و دەبێ هەموومان دەنگی ندا ئاقاسوڵتانی بین

توورەیی خۆی دەربڕی و ئەمریکای بە دەستێوەردان لە کاروباری ئێران و، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنەکاندا مەحکووم کرد.

شایانی باسە ندا ئاقاسوڵتانی لە رۆژانی نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی تاران لە هەمبەر ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لە ساڵی ٨٨ی هەتاوی بە فیشەکی راستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان لەسەر شەقام خوێنی رژا و، دەنگدانەوەی زۆری لێکەوتەوە

لە لایەک دیکەش بە هاتنە مەیدانی ئیبرایم رەئیسی بەڕیوەبەری ناوەندی مەزهەبی ئاستان قوودس ڕەزەوی لە مەشهەد وەکوو رەکەبەرێک بەرانبەر بە روحانی ئەگەری ململانێی باڵەکانی نیزامی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا زیادتر کردووە.

کوردستان
• ژمارە: ٧٠٢
٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ _ ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٧

# رەهەندی نووسین و وەرگێڕان لە تێکۆشان وخزمەتەکانی نەمر فەتاح کاویان‌دا

## (بۆ کوڕیادی نەمر کاک فەتاحی کاویان ئامادە کراوە)



قادر وریا

زۆر سەختە کە دەبینین کاک فەتاح کاویان کە مایەی گەرمی و ئاوەدانی و دەوڵەمەندیی کۆڕ و کۆبوونەوەکانمان بوو، ئەمڕۆ لە نیومان دا نیە و بە جەستە ماڵاوایی لێ کردووین. لە کاتێکدا سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ گیانی پاکی کاک فەتاح دەنێرم، لەو باوەڕەدام و دڵنیام ئێوەش هەر پێتان وایە کاک فەتاح وەک هەموو کەسایەتییە دیار و پڕ خزمەتەکانی مێژووی ئەم حیزبە، بەو کاریگەری‌یە فرەرەهەندەی لە سەر چەند نەسل لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات بوویەتی، بەو سامانە مەعنەوییە دەوڵەمەندەی لە پاش خۆی بە جێی هێشتوە، ناو و یادی بە درەوشاوەیی لە حیزبەکەی و لە نیو درێژەدەرانی ڕێگاکەی دا دەمێنێتەوە و نەک لە بیر ئێمەی قوتابی و هاوڕێ و هاوسەنگەری چەندین ساڵەی، بەڵکوو لە بیر تێکۆشەرانی داهاتووی حیزب و نەتەوەکە شی ناچێتەوە.

کاک فەتاح هەم رابردوویەکی درێژی لە خزمەتی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کوردستان‌دا هەبوو، هەم بوارەکانی خزمەتی بەو حیزبە و بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جۆراوجۆر بوون. لە توانای من دا نیە بپرژێمە سەر هەموو بوارەکانی خزمەت و تێکۆشانی کاک فەتاح. هیوادارم بەشدارانی دیکەی ئەم کۆڕیادە تیشک بخەنە سەر رەهەند و لایەنەکانی دیکەی نزیک بە ٦٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی ئەو کەسایەتییە. ئەوەی من لەم کۆڕیادە دا لە خۆم گرتوە، ئاوڕدانەوەیەکە لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو مرۆڤە بە توانایە لە بەستێنی نووسین و وەرگێران بە گشتی و نووسینە ئەدەبییەکانی بە تایبەتی. لەم بارەیەشەوە ئەوەی دەیخەمە ڕوو، بە هیچ جۆر لە ئاستی خەرمانی دەوڵەمەندی کارو بەرهەمەکانی کاک فەتاح دا نیە.

کاک فەتاح، لە نووسین و وەرگێران و کاری فەرهەنگی لە پێناوی حیزبەکەی و نەتەوەکەی دا، ماندوویی نەناس بوو. زۆربەی هەرە زۆری نووسین و وەرگێڕدراوەکانیشی بە ناوی خۆی بڵاو نەبوونەوە و بوون بە ملکی حیزبی دیموکرات و ڕاگەیەنەکانی. ئەگەر بمانەوێ ناحەقی لە کاک فەتاح نەکەین، حەق وایە بەشێک لەو سامانە دەوڵەمەندەی ئەو کەسایەتییە لە توێی نووسین و وەرگێراندا پێشکەشی حیزبەکەی کردوە، بگەڕێنینەوە بۆ خۆی. کاک فەتاح هەر وەک لە ژیانی شەخسی و شۆڕشگێڕانەی خۆی‌دا، بەخشەندە و دەست بڵاو و دڵ ئاوەڵا بوو، و هیچ کات بیری لە کۆکردنەوەی سامان و ماڵی دنیایە بۆ خۆی نەکردەوە، هەر بەو جۆرە کەمترین بایەخی بە کۆکردنەوە و بە خاوەنکردن و بە چاپ گەیاندنی نووسین و وەرگێڕدراوەکانی خۆشی دەدا. ئەگەر بڵێم بە سەدان نووسین و وەرگێڕانی کاک فەتاح لە رادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حیزبی دیموکرات‌دا بڵاوبوونەوتەوە، کە کاک فەتاح نوسخەیەکی لەوان لە لای خۆی نەپاراستوە، درۆم نەکردوە . بەشێک لەو بابەتانە، بایەخی ئەدەبییان هەیە و دەچنە خانەی ئەو بەرهەمانەی کە حەق وایە لەکارنامەی نووسەری و وەرگێڕیی خۆیان‌دا تۆمار بکرێن. جگە لەمەش کاک فەتاح نامەنووسی و نامەگۆڕینەوەی لە گەڵ زۆر کەسایەتی و کەسی دیار دا هەبووە. وەک عادەتیشی بوو، نامەکانی ئاوێتەیەک بوون لە قسەی خۆش و دەربڕینی ئەدەبی. لەم کۆڕە دا دەمەوێ ئەم داوایە بخەمە بەر سەرنجی هۆگران و دڵسۆزانی کاک فەتاح کە پێویستە ژمارەیەکمان لە سەر خۆمانی بکەین بە ئەرک کە قۆڵ لە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی کاک فەتاح هەڵماڵین، هەم خەم لەو نووسین و یادداشتانەی بخۆین کە تا ئێستا چاپ نەبوون، هەم ئەوانەی لەم یا ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و رادیۆ لە ماوەی چەند دەیەی رابردوو دا بڵاو بوونەتەوە و بۆ ئێستاش بایەخیان هەیە، کۆ بکەینەوە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە کاک فەتاح بۆ خۆی گەنجینەیەک بوو لە نوکتە و قسەی خۆش کە زۆر حەیف دەبێ کۆ نەکرێنەوە. خۆ ئەگەر ئیمکانی چاپی هەموو ئەو شتانەش نەبێ، دەکرێ ئەم شتانە وێڕای کتێبەکانی لە ماڵپەڕێکی تایبەت دا هەبن..



کاک فەتاح، لە نووسین و وەرگێران و کاری فەرهەنگی لە پێناوی حیزبەکەی و نەتەوەکەی دا، ماندوویی نەناس بوو. زۆربەی هەرە زۆری نووسین و وەرگێڕدراوەکانیشی بە ناوی خۆی بڵاو نەبوونەوە و بوون بە ملکی حیزبی دیموکرات و ڕاگەیەنەکانی. ئەگەر بمانەوێ ناحەقی لە کاک فەتاح نەکەین، حەق وایە بەشێک لەو سامانە دەوڵەمەندەی ئەو کەسایەتییە لە توێی نووسین و وەرگێران‌دا پێشکەشی حیزبەکەی کردوە بگەڕێنینەوە بۆ خۆی

ئێستا کە قەرارە باس لە رەهەندی نووسین وەرگێران لە خزمەت و تێکۆشانی کاک فەتاح دا بکەم ، بۆ وەبیرهێنانەوە و یادکردنەوەش بێ حەز دەکەم هێندێک لەو کتێب و نامیلکانە ناوبەرم کە کاک فەتاح کاویان نووسیونی یا وەری گێراون و ئامادەی کردوون:

١- «جهان بینی ارتجاع» کە لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ٦٠ هەتاوی دا بە ناوی «کامران خۆشناو» ئامادەی کرد و بڵاو بۆوە.

٢- «پولپوتیسم در عمل» کە وام لە بیرە ساڵی ١٣٦٤ وەک پاشکۆی گۆڤاری «تێکۆشەر» بڵاو بۆوە.

٣- وەرگێرانی بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی لیمای ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست بۆ سەر زمانی فارسی(ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی).

٤- نامیلکەیەک لە بارەی سۆسیالیزمی دیموکراتیک کە وەرگێڕدراوی قسە یا نووسینی «میشل رووکار» بوو،

٥- «قانون خودمختاری کاتالون» کە باس لە چۆنیەتی چارەسەری پرسی نەتەوەیی لە ئیسپانیا دەکا.

٦- فەرهەنگی ئینگلیسی، کوردی و فارسیی «حەوتەوانە» کە هەر لەم کۆڕە دا بە جیا باسی لێ‌کرا.

٧- وەرگێرانی کتێبی «خولیا و مەرگی قاسملووی کورد» لە نووسینی کارۆڵ پرۆنهوبێر کە لە ٢٠ ساڵەی تیرۆری د.قاسملوودا بڵاوبۆوە.

٨- «آدمکشان قصر فیروزەای» کە لە ئینگلیزییەوە هاوکات دەیکرد بە فارسی و کوردی، بەڵام فارسی‌یەکەی بڵاو نەبووەتەوە.

٩-ماوەیەکی باشیش لە سەر وەرگێرانی هاوکاتی کتێبەکەی دێڤید مەک داوڵ کاری کرد، هاوکات هەم دەیکرد بە فارسی و هەم بە کوردی بەڵام نازانم دوایە کارەکەی بە کوێ گەیاند.

١٠- هەڵبژاردەیەک لە فەرهەنگی «دێهخودا» کە پێوەندیی بە کورد و کوردستانەوە هەیە، لە توێی کتێبێک دا ئامادەی کردوە و لە لایەن دەزگای موکوریانی‌یەوە چاپ و بڵاوبووەتەوە.

١٠- بە سەدان و لەوانەیە بڵێم بە هەزاران وتار و بابەتی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و جۆراوجۆری دیکە کە بێ ئەوەی ناوی ئەویان لە سەر بێ، لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنەکانی حیزب دا چاپ و بڵاو بوونەتەوە.

لەم بەشەی باسەکەمدا ئیزنتان لێ دەخوازم لایەک لە چەند ڕەگەزێکی کاری ئەدەبی لە نووسین و وەرگێرانی کاک فەتاحی کاویان‌دا بکەمەوە. بۆ ئەوەش زۆر لە کاتتان نەگرم لە هەر کام لە ڕەگەزەکان، نموونەیەک دەهێنمەوە. ئەو ڕەگەزانەش بریتین لە: گێڕانەوەی ڕووداو و بیرەوەری لە فۆرمێکی ئەدەبی‌دا، شێعر و پەخشانی لاواندنەوە، وەرگێرانی شێعر، شێعر بۆ پێکەنین و گاڵتە و گەپ، شێعری تەنز و پەخشانی ئەدەبی.

ئەمەش یەکێک لە شێعرەکانی نەمر کاویان کە بە ئیلهام لە شێعری «فریدون توللی» نووسراوە:

**سەری دانابوو لە سەر سینەم و زولفی رەسەنی**
**پەخش و ئەفشان بوو وەکوو باوەشێ گوڵ یاسەمەنی**
**هەر وەکوو پەلکی گوڵی مەریەمی بەر مانگەشەوێ**
**مەم و سینەی دەتروسکاوە لە ژێر پیرەهەنی**
**سەری دانابوو لە سەر شانم و لێوی خامۆش**
**دڵ هەموو ویست و تەمەننا و بە چاو پێدەکەنی**
**دڵی ئاگر بوو سەراپا و منیش گڕگرتوو**
**دەست لە ناو دەست و دەسووتام لە گڕکانی تەنی**
**شین و بێڕەنگ دەبوو چەشنی گوڵی یاسی کەوگ**
**کە بە ئەسپایی سەری پەنجەمی گەیبایە بەدەنی**
**دامەبەر لووزەوی ماچان و مژینی لێوی**
**پاشی چل ساڵ لە سەر لێومە شەهدی دەهەنی.**

# چەند هەواڵی ئێرانی

## بەحرەین دە گومان‌لێکراوی تیرۆریستی دەستگیر کردوە، کە پێوەندییان بە ئێرانەوە هەبووە

وەزارەتی نێوخۆی بەحرەین رایگەیاند: ئەندامانی تۆڕێکی تیرۆریستی لەکاتێدا خەریکی پلاندانان بۆ هێرشی تیرۆریستی بوون، دەستگیرکران

سەرچاوەی هەواڵدەریی بەحرەین لە زمان وەزارەتی نێوخۆی ئەم وڵاتەوە رایگەیاند: دستگیرکراوان لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکران و پلانیان بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتییە سیاسییەکانی بەحرەین دارڕشتبوو.

وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئەم تۆمەتەی رەت کردوەتەوە و وەک درۆیەکی بێ بنەما و بێ ئاکام ناوی بردوە.

بەحرەین هەفتەی رابردووش رایگەیاندبوو، چەند کەسێکی بە تۆمەتی کاری تیرۆریستی دەستگیر کردوە کە پێوەندیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەبووە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای هاتنە ئارای بەهاری عەرەبی، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوە ڕاست دەستی دایە کێشەنانەوە وڵاتی بەحرەین یەکێک کۆماری ئیسلامی بە دەستێوەردان لەو وڵاتەدا تاوانبارە و ناکۆکی نێوان تاران و «ریاز»یشی لێکەوتەوە

## کاردانەوەکانی سەردانی یەک رۆژەی روحانی لە پارێزگای سنە

حەسەن روحانی سەرۆککۆماری ئێران کە رۆژی ٥ی خاکەلێوە بۆ ماوەی یەک رۆژ سەردانی پارێزگای سنەی کرد و مەبەست لەو سەردانە گوایە کردنەوەی چەندین پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە بووە. هەرچەند لە مەودای نێوان دوو جار سەردانی حەسەن روحانی لە پارێزگای سنە لە ماوەی سەرۆککۆماری‌دا، جگە دووپاتکردنەوەی کۆمەڵێک وادە و بەڵێنی هیچ کام لە کێشە ئابووریی و سیاسی وفەرهەنگییەکانی خەڵکی کورد لە پارێزگای سنە چارەسەر نەبووە و، تەنانەت بە پێی هەواڵی ناوەندە حکومییەکان هەڵاوسان و نرخی بێکاری لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی حەسەن روحانی بەرزتر بووتەوە.

لە بواری سیاسی و فەرهەنگیش‌دا سەرەڕای وادەو بەڵێنیەکانی سەرۆککۆمار تەنانەت دابینکردنی ناوەند وراوێژکارێک بۆ پەرژاندن بە سەر پرسی کەمە ئاینیی و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران، نە تەنیا هەنگاوێکی جیددی بۆ چارەسەریی کێشەکان هەڵنەهێناوە، بەڵکوو ناوەندە ئەمنییەکان لە کوردستان بە گشتی و لە پارێزگای سنە بە تایبەت، لە دژی هەموو ئەو بایەخانە بە توندی وەستاونەوە.

چاوەدێرانی سیاسی سەردانە یەکرۆژەکەی حەسەن روحانی لە پارێزگای سنە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و شووڕای گوندو شارەکان دەگەڕێنەوە، بەتایبەتی ئەوەی کە ئەگەر روحانی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا، رەکەبەرێکی بەهێزشی نەبێ، بەهۆی ئەوەی دەوڵەتەکەی لە زۆر بواردا ناسەرکەوتوو بووە، ترسی هاتنە خواری رێژەی دەنگەکانی هەیە.

شایانی باسە سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی پێشتری ٥٥چالاک و رۆژنامەنووسی کورد بۆ بەشداریی کردنیان لە دانیشتنی نێوان سەرۆککۆمار و چالاکانی سیاسی ومەدەنیی پارێزگای سنە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان و، کۆمەلێک پرسی دیکە ،بەڵام هێزە ئەمنییەکان رێگەیان نەدا لەو رۆژنامەنووس و چالاکانە لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بن.

## ناکۆکیی بەپرسانی باڵای نیزام لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکان‌دا

دوابەدوای ئەوە کە خامنەیی بە توندی گەلاڵەی ئاشتەوایی نیشتمانیی رەت کردەوە و رایگەیاند کە هیچ ناکۆکییەک نیە لە نێوان خەڵک و دە جێگری بەرپرسی مەجلیس عەلی موتەهەری لە بەرامبەردا وتی؛ پێویستە هەڵسوکەوت و کردەوەی دژ بە یاسای بنەرەتی وەلا بنرێن.

عەلی موتەهەر ی کە رووی قسەی لە رێبەری نیزام بوو لە پێوەندی لەگەڵ هەبوونی ناکۆکی نێوان باڵەکانی دەسەڵات و هەروەها دەسەڵات و خەڵک وتی: لە دوای رووداوی ساڵی ٨٨ی هەتاوی خەڵکێکی زۆر لە دەسەڵاتداران نارازین و گلەییان هەیە و کۆمەڵێک گرفت وەکوو لەماڵەوە زیندانی کردنی بەربژێرانی سەرۆککۆماری و قەدەغەکردنی دەرکەوتنی کەسانێک وەکوو محەممەد خاتمی و دەسبەسەرکردنی کوڕی مونتەزێری هەموو ئەمانە باس لە داخراوبوونی فەزای سیاسی لە کۆماری ئیسلامی دەکا.

ناوبراو بە مەحکوومکردنی هەڵسوکەوتی نایاسایی لە گەڵ ئەحمەد مونتەزێری لەو بارەوە رایگەیاند؛ کوری ئایەتوڵلا مونتەزێری بەڵگەیەکی خستوەتەڕوو کە بەرپرسان گوتیان ئەو بەڵگەمان قبووڵ نیە، بەڵام خۆ ناتوانین بەڵگە دیکۆمێنتەکانی ئینقلاب لە ناو ببەین. ئێمە نابێ بە هۆی بڵاوکردنەوەی بەڵگە و سەنەدی ئینقلاب کەسێک دەسبەسەر بکەین.

عەلی موتەهەری لە پێوەندی لەگەڵ ناکۆکی نێو باڵەکانی رێژیم هوشداری داو بە ئاماژەدان بە سیاسەتی دەوڵەتی تازە وەسەرکارهاتوو لە ئەمریکا و هەروەها پێکهاتنی بەرەی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکە، کۆمەڵێک گرفتی نێوخۆیی بە مەترسیداری زانی.

## ساڵانە٣ هەزار منداڵ بە منداڵانی کار، زیاد دەبێ

بەپێی راپۆرتی هێرانا، کۆبوونەوەی شورای گفتوگۆی نێوان دەوڵەت و کەرتی تایبەت بە بەشداریی و سەرۆکایەتیی وەزیری ئابووری و دارایی، سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێران، چالاکانی ئابووری و کارو کاسبی و هەروەها سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئابووری و پیشەسازی و سامانەکانی مەجلیس بە خانەخوێیی وەزارەتی تەعاون، کار و خۆشبژیویی کۆمەڵایەتی بەڕێوەچوو.لەم کۆبوونەوەدا باس لە زۆر تەوەری ئابووری و چارەسەریی کێشەکان کرا و هەموویان بۆ قەیرانی ئابووریی جیهان گەڕاندەوە و بەڵام وەزیری تەعاون، کار و خۆشبژیویی کۆمەڵایەتی گوتی، بەداخەوە ساڵانە ٣ هەزار منداڵ بە منداڵانی کار زیاد دەبێ و، داوای کرد کە پێش بە کارکردنی منداڵان بگیردرێ بەڵام بەرپرسانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە جیاتی ئەوەی کە بیر لە پێشگرتن بە دیاردەی کارکردنی منداڵان بگرێ، داوای لە وەزارەتی کار کرد کە کاریان بۆ بدۆزێتەوە.

# وتووێژی «کوردستان» لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردن

**حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ پرسی هەڵبژاردەکان لە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، هەڵوێستێکی یەکدەستی نەبووە. لە ماوەی ئەو نزیک بە ٤٠ ساڵەدا کە بە دەیان هەڵبژاردنی جۆراوجۆر لە ئێراندا بەڕێوەچوون، حیزبی دێموکرات زۆریانی تەحریم کردوەو لە هێندێکیانیشدا نەتەنیا هەڵوێستی جیاوازی هەبووە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بە کاندیدی تایبەتیی خۆیشیەوە بەشداری کردوەو تەنانەت زۆرێک لە کاندیدەکانیشی دەنگیان هێناوەتەوە.**

**سەبارەت بە خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا «کوردستان» وتوێژێکی لە گەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیمای ناسراوی حیزبی دێموکرات و سکرتێری پێشووتری ئەم حیزبە پێک هێناوە کە سەرنجی ئێوە خوێنەرانی ئازیزی بۆ ڕادەکێشین.**

***

١- ئەگەر ئیزن بفەرموون لە پرسیارێکی گشتی‌یەوە دەست پێبکەین؛ حیزبی دێموکرات چۆنی ڕوانیوەتە پرسی هەڵبژاردنەکان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا؟

مامۆستا: ڕەنگە نەتوانین بە موتڵەقی بڵێین هەڵوێستی حیزبی دێموکرات یان بۆچوونی بۆ هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی چیە، چونکە ئەو شتانە هەمیشە بە پێی هەلومەرج قابیلی گۆڕانن. بەڵام لەسەر یەک ئێمە وامان دیوە کە نە لە جمهووریی ئیسلامی‌دا، نە لە سەردەمی پاشایەتی‌دا بەڵکوو نە لە هەموو مەنتیقەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کە ئێمەشی تێداین، هەڵبژاردن ئەو هەڵبژاردنە سەلیمە نیە کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا و وڵاتانی دێموکراتی دنیادا هەیە، ئەو عەیبەی هەمیشە هەبووە و ئێستاش هەیەتی و تا دەورانێکیش کە نازانم چەند درێژ دەبێتەوە، هەر دەیبێ. بەڵام لە عەینی حاڵدا پێمان وابووە لە هەر نیزامێکدا ئینتخاباتێک هەبێ حیزبی سیاسی یان بزوتنەوەیەک یان میللەتێک ناتوانێ بەرامبەری بێ تەفاوت بێ. دەبێ هەڵوێستی بەرامبەر بەو ئینتخاباتە هەبێ. جا ڕەنگە ئەم جارەیان هەڵوێستێکی ببێ و جارێکی دیکە هەڵوێستێکی جیاواز لەمەیانی هەبێ. ناکرێ بڵێی لەم وڵاتەدا شتێک بە ناوی هەڵبژاردن نیە و ئەمن بە نەبووی دادەنێم. ئێمە وامان تەماشا کردوە، ئەگەر تەماشای ڕەوتەکەش بکەی بۆت دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات هەمیشە یەک هەڵوێستی بەرامبەر بە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی کە چەند نەوع هەڵبژاردنی تێدا هەیە، نەبووە.

٢- حیزبی دێموکرات لەیەکەم ڕیفراندۆمدا بۆ هاتنەسەرکاری نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، ڕێکاری بایکۆت هەڵدەبژێرێ، بەڵام هەر چەند مانگ دواتر لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی و خێبرەگان‌دا بەشداری دەکات و کاندیدی خۆیشی دەبێ. پاساوی حیزب بۆ ئەم پارادۆکسە چی بووە؟ چۆن دەکرێ بە کۆی سیستم [نا] بگوترێ بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی‌دا بەشداری بکرێ؟!

مامۆستا: ئەمن ڕەئیەکانم ڕەئی خۆمن، لە جیاتی حیزب قسە ناکەم، با ئەوەت عەرز کەم کە پێم‌وایە تەحریمی ئینتخابات نە ئەو وەختی نە ئێستاو نە هیچ وەخت بە مانای «نا»گوتن نیە.

بۆ نموونە هەر ئێستا کە قسە دەکەین لە تورکیە ڕێفراندۆمێک هەیە، ئەوەی دەنگی نا دەدا، ئەو نای گوتوە، دەنا ئەگەر یەکێک ناچێتە سەر سندووق یان دەچێ و ڕەئیی سپی لە سندووق دەهاوێ ئەوە نای نەگوتوە.

بایکۆت بە مانای «نا» گوتن نیە. ئێمەش کە لەوێدا بایکۆتمان کرد لە بەر ئەوە نەبوو بمانەوێ لەوکاتەدا ئاڵای بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵبگرین. کۆماری ئیسلامی ئەو وەختی لانیکەم بەبۆچوونی ئێمە حاسڵی ئینقلابێک و شۆڕشێکی گەلی بوو و، بەرهەمی چەندین ساڵ و بگرە چەند دەهە خەبات دژی نیزامێکی دیکتاتۆڕ و دژی ئینسانی واتە ڕێژیمی پاشایەتی بوو لە دەورانی جۆراوجۆردا. دەلیلی ئەوە کە ئێمە لە ریفراندۆم دا بەشدار نەبووین ئەوە بوو کە ریفراندۆم پرسیارێکی نەخوڵقاندبوو کە پیاو بتوانێ ئینتخاب بکا. پرسیارەکە ئەوە بوو کە: ئایا جمهووریی ئیسلامیت دەوێ یان ڕێژیمی پاشایەتی!؟ یانی دوو شتی دانابوون کە یەکیان چەندین ساڵ و چەندین دە ساڵ بوو خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی لە خەبات‌دا بوون، ئەوی دیکەیان «جمهووریی ئیسلامی»نە مەفهووم بوو، نە تەعریف کرابوو، نە ناسرابوو و نە نموونەکەی لە وڵاتان‌دا بینرابوو. باشە ئەوەیان کە ڕووخاندوومانە تازە بۆ بۆی بگەڕێینەوە، ئەوەیشیان کە نازانین چیە چۆنی دەنگ پێ بدەین!؟

لە بیرمە هەرئەمن بۆخۆم لە سەردەشت رۆژێک پێش رێفراندۆم لە سەر ئەو مەسەلەیە قسەم کرد. هەڵوێستەکەیشمان ئەوە بوو کە تەحریم بکەین. بە دیفاع لەوە، مەسەلەیەکی مەشهوورم هێنایەوە کە قسەی من نەبوو، دەڵێ؛»سمۆرەی لە توورەکەدا پێ دەفرۆشی. نازانی زەردە، سوورە، بۆرە، گەورەیە، چووکەیە، وەزنی زۆرە، کەمە، گوتمان جمهووریی ئیسلامی شتێکی ئاوایە. کە وابێ ئێمە خۆی لێ دەبوێرین و بەشدار نەبووین بۆئەوەی نە بە نەخەیر و نە بە بەڵێ دەنگی پێ‌نەدەین. بەشدار نەبوونەکە لەبەر ئەو دەلیلە بوو، نەک لەبەر نەفیی کۆماری ئیسلامی. چونکی وەک عەرزم کردی تحریم بە مەعنای «نا» گوتن نیە، ڕەئیی سپی بە مانای نا گوتن نیە، ڕەئیی نا بە مانای «نا» گوتنە.

پاشان لە هەلومەرجی دواتردا ئەو ئینتخاباتانە کە کران با پیاو وەکوو هەبوون سەیریان بکا؛ ئەو ئینتخاباتانە بەقەد ئێستا موهەندیسی‌کراو نەبوون. ئینتخاباتێک کە لە کوردستان هەبوو، بە تایبەتی لەو مەناتیقە کە پیشمەرگەی تیدا بووە، بە شاهیدی چاوەدێران و تەنانەت چاوەدیرانی دەوڵەتی جمهووریی ئیسلامییش، سەلامەتترین نەوعی ئینتخابات بوو. نە زۆریی تێدا هەبوو، نە دیکتەکردنی تێدا هەبوو، نە هیچ شتێکی نادێموکراتیکی تێداهەبوو. فەزایەکی سالم بوو. ئەتۆش دەبێ لە فەزایەکی ئاوادا بەشداری بکەی تا بتوانی نوێنەری خۆت و ئیدەکانی خۆت بەریە ئەو مەرکەزە کە قەرارە هەڵبژێری.

٣- زۆر جار لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دێموکرات‌دا پرسی هەڵبژاردن لە ئێران بە سناریۆ و شانۆسازی پێناسە کراوە، کە وەک دەبینین هێندێک جاریش حیزب، یان خۆی بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کردوە یان ئەوەی‌کە بە خەڵکی گوتوە کە بەشداری بکەن. یەکەم ئەوەی‌کە ئایا بەراستی ئێستاو دوای ئەو کێشمەکێشە ناوخۆیی‌یانە کە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان‌دا لە ئێران ڕوودەدەن، پێتان وایە هەڵبژاردنەکان سناریۆ و شانۆسازی بوون؟ دووهەم ئەوەی‌کە چۆنە کە دەبینین حیزب هێندێک جار بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کردوەو هێندێک جاریش هەڵوێستێکی جیاواز لەمەی هەبووە؟

مامۆستا: لە جی‌دا ئەو تەعبیرانە زیاتر لەوەی کە هەڵوێستی سیاسی بن، تانە لیدانن. چونکی لە واقیع‌دا ئینتخاباتێکی ئازاد و دێموکراتیک و واقعی نیەو ئینتخاباتێکی خاوێنیش نیە، دەستی تێ‌وەردەدرێ، ئیعمالی نفووزی تێدا دەکرێ، جاری وایە ڕەئیەکان ئەسڵەن تەوەجوهیان پێ ناکرێ، هەروەک لە ئینتخاباتی دەورانی مووسەوی و کەڕرووبی و ئەحمەدی نیژاددا ساڵی ٨٨، تەقریبەن دەرکەوت کە مووسەوی دەوری ٢٥ملیون ڕەئیی هیناوەو ئەحمەدی نیژاد دەوروبەری ٦ بۆ٧ ملیون، واقیعیەتەکە ئەوە بووە. کەچی ئەویان بە ١٩ ملیون ڕەئیەوە سەر خست و، میرحوسینی موسەوی‌یان لادا هیچ، ئێستاش ئەوە دەی‌بینن کە چەند ساڵە دەگەڵ خێزانی لە ماڵەکەی خۆیان‌دا زیندانین. کەوایە شانۆسازی‌یەکە بۆ ئەوەیە بە دونیا نیشان بدەن کە ئینتخاباتێک هەیە، بەڵام لە عەینی حاڵیش‌دا شانۆسازی بە مەعنای موتڵەقی کەلیمە نیە. زۆر جار ئەو ڕەقابەتە، ڕاستە ڕەقابەتی نێوان کاندیدەکانی میللەت و حیزبە نیشتمانپەروەرەکان دەگەڵ دەستبژێرەکانی نیزامی حاکم نیە، بەڵام ڕەقابەتی بەینی لایەنەکانی نێوخۆی نیزام ڕەقابەتێکی زۆر جیددی‌یە. ئەدی بۆچی ساڵی ١٣٨٨لە نێو خیابانەکانی تاران‌دا لەسەر ئینتخابات خوێن دێ و سەران دەبا!؟ دەکرێ بڵێین ئەوە هەر شانۆسازی بوو؟ ئەوە دروست نیە پێی بڵێین شانۆسازی. موهەندیسی دەکرێ، کاری تێدادەکرێ، دژی دیموکراتیکەو هەموو ئەوانەی هەیە، بەڵام لە عەینی حاڵدا ململانەیەکی جیددی‌یە.

٤- لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکان‌دا هەمیشە پرسی «ڕەوایی» و «ناڕەوایی» هاتۆتە گۆڕێ و بەشێک لە ڕەخنەگرانی خوێندنەوەو هەڵوێستەکانی حیزب لەم پێوەندی‌یەدا پێیان وایە بەشداری‌کردن لە هەڵبژاردنەکان «ڕەوایی‌دانە» بە ڕێژیم. لەم پێوەندی‌یەدا قسەی ئێوە چیە؟

مامۆستا: جارێ با شتێک بڵێم ئەوانە کە وا دەڵێن، زۆریان هەڵوێستەکانی خۆیانیان لەبیر چۆتەوە. لەو دوو ئینتخاباتەی کە باست کردن؛ ئینتخاباتی مەجلیسی خبرگانیش و ئینتخاباتی دەوری یەکەمی مەجلیسی شووڕاش کە ئەو وەخت ناوی مەجلیسی «شووڕای میللی»یش بوو و جارێ نەکرابووە «ئیسلامی»، هەموویان بەشدار بوون. ئێستا هەموو سوێند دەخۆن دەڵێن بە حەیاتی خۆمان بەشدار نەبووین. ئەگەر وایە ئەو وەختی هەموویان ڕەوایی-یان پێ داوە!. نەخەیر بە باوەڕی من ئەوە ڕەوایی‌دان نیە، بە تایبەتی لە جمهووریی ئیسلامی‌دا بە هیچ جۆر ڕەوایی‌دان نیە. چونکی جمهووریی ئیسلامی ڕەوایی لە ڕەئیی میللەت وەرناگرێ و هەر باوەڕی پێی نیە. بۆخۆی دەڵێ ئەو نیزامە نیزامێکی ئیلاهی‌یە، هەموو شتەکانی لە خودا وەردەگرێ. بۆیە هەر بە پێی قانوونە ئەساسی‌یەکەی ئەگەر هەموو خەڵکی ئێران شتێک بڵێ و، خامەنەیی کە بە ئیستلاح ڕەهبەرە شتێک بڵێ، ئەو دەچێتە پێشێ، لەبەر ئەوەی ئەو لە تەرەف خوداوە قسە دەکا!!. کەوایە ڕەوایی چی دەدەیەی!؟ لە پاشان لە هەموو نیزامەکان‌دا دیومانە خەڵک لە ئینتخابات‌دا بەشدار دەبن بەو مانایە کە دەیانەوێ چەندی مومکینە شت بەدەست بێنن و نوێنەری خۆیان هەبێ. ئەو ئەسڵە مەشهوورە کە دەڵێ؛ دەبێ سەعی بکەی لە نێو سەربازخانەی دوژمنیش‌دا نفووزت هەبێ و دەستت هەبێ. خەڵک دەیەوێ لە دەرفەتێکی ئاواش ئیستفادە بکا. نە ئەمە ڕەوایی‌دانەو، نە ئەوەی دیکەیش ڕەوایی‌ئەستاندنەوەیە. وادابنێ ئێمە هیچمان بەشدار نەبووین، ئایا ئەو ڕێژیمە لە سەحنەی نێونەتەوەیی‌دا لە ڕوایی دەکەوێ؟ ئەدی بۆ دنیا تەعامولی لەگەڵ دەکا؟ هەموو دنیا لەگەڵ ئەو نیزامە وەکوو ڕێژیمی حاکم بەسەر ئێران‌دا موعامەلە دەکا، وەکوو نوینەری ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا وەردەگیرێ و حیسابی بۆ دەکرێ. کێ لە ئێران وەردەگیرێ؟! هەر جمهووریی ئیسلامی وەرناگیرێ؟. کە وابێ پێموایە ئەو قسەیە دروست نیە. نە بەوە لەلایەن دەنگدەرانەوە ڕەوایی دەدەینێ و ئێعتراف بە شەرعیەتیەتی دەکەین، نە بەوەش ڕەوایی لی وەردەگیرێتەوە کە بەشدار نەبین.

بەڵام ئەوە هەڵوێستە، ڕەنگە جارێکیان لە بەر دەلیلێک بەشدار بین و جارێکی‌دیکە لەبەر دەلیلێکی دیکە تەحریم بکەین.

٥- با بۆ پرسیارێکی تایبەت نموونە بە هاتنە سەرکاری سەید محەممەد خاتەمی بهێنینەوە؛ حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لە گەڵ دەوری یەکەمی هەڵبژاردنی خاتەمی‌دا هەڵوێستی بایکۆتی هەبوو. بەڵام لە دەوری دووهەم‌دا هەڵوێستێکی جیاوازتری هەبوو، ئایا دەکرێ ئەم هەڵوێستەی حیزب بە جۆرێک لە بێ‌ئاگایی لە فەزای سیاسی نێوخۆی ئێران لێک بدرێتەوە؟

مامۆستا: ئەمن بۆخۆم دەڵێم و ئەو ئیعترافە دەکەم کە ئێمە لە دەورەی یەکەمی ئینتخابات‌دا نەمان‌توانیبوو دەرک بکەین کە خەڵکی نێو خۆی وڵات و خەڵکی کوردستان بەشێوەی تایبەتی کە بۆ ئێمە گرینگە، چۆن هەڵوێست دەگرن و چی‌یان دەوێ، بۆیە ئێمە تەحریممان کردبوو. دەنا ـ پێم وایە جارێکی دیکەشم گێراوەتەوە- ڕۆژی ئینتخابات بۆخۆم لە پاریس بووم کە لەگەڵ ئەندامێکی حیزب لە کرماشان قسەمان دەکرد، باسی بۆ دەکردین کە چ‌دەگوزەرێ، ئێمە پێمان گوت بابە حیزب ئەو ئینتخاباتەی تەحریم کردوە. گوتی دەزانم، بەیانییەکەم ئێستا لەبەر دەستە بەڵام ئێستا ئەو تەلەفوونەی دادەنێم و دەچم ڕەئی دەدەم، چونکی ڕەستاخیزە!! کەلیمەی «ڕەستاخیز»یشی بەکار هێنا. ئێمە ئەوەمان لە واقیع‌دا بۆ دەرنەکەوتبوو. لە پاشان بۆیە لە دەوری دووهەم‌دا هەڵوێستێکی دیکەمان گرت. ڕەنگە تەحلیلەکە یەکێک بە غەڵەتی بزانێ و یەکێک بە دروستی بزانێ، چونکە بە باوەری ئێمە چوارساڵەی یەکەمی سەرکۆماری خاتەمی، کرانەوەیەکی باشی تێدا بوو هەم لە ئێران هەم لە کوردستان بە تایبەتی.ئازادیی بیروڕا هاتە گۆڕێ، ئازادیی قەڵەم هاتە گۆڕێ، ڕۆژنامەو مەجەللاتێکی زۆر لە هەموو ئێران‌دا وبە زمانی جۆراوجۆر بڵاوکرانەوە و پێمان‌وابوو تەحریمەکە باش نیە. بە تایبەتی عیبرەتیشمان وەرگرتبوو کە لە دەورەی یەکەم‌دا ئێمە بە خیلافی ڕەئیی خەڵکی خۆمان حوکممان دابوو، کە کەس بەدەنگمانەوە نەهات.

ئێمە وەک حیزبە سیاسی‌یەکان عادەتێکمان هەیە: ئەگەر شتێکمان گوت سبەینێ لە سەداسەدیش خیلافی ئەوەدەرکەوێ، لە قسەی خۆمان نایەینە خوارێ. دەڵێین نەخەیر هەر ئەوەی ئێمە گوتمان ڕاست بوو!. چونکی ئێمە فەرموومانە تەحریم بکەین کەوابوو کەس نەچۆتە سەر سندووقی دەنگدان با لە سەدا نەوەدی خەڵکیش چووبێ! ئەمە زۆر شتێکی خراپە. لەوێش‌دا ئەگەر لەبیرتان بێ، ئێمە نەمانگوت خەڵک بچێ ڕەئی بدا و ڕەئی بە خاتەمی بدا، ئێمە گوتمان نەبنە بەشێک لە دەستە بەندی‌یەکانی حاکمییەت، بەڵام بە دوور لە دەستە بەندی‌یەکانی نێو حاکمییەت، بۆخۆیان و بە سەڵاحی خۆیان ڕەئی بدەن. کە پێموایە هەڵوێستێکی بە جێ بوو. تەنانەت لە ئینتخاباتی شووڕاکانیش‌دا ئەوەمان هەر بە سەراحەت نووسی کە واریدی دەستەبەندی‌یەکان مەبن، بەڵام بە تەشخیسی خۆتان ئەوانەی بە شیاویان دەزانن ڕەئییان پێ بدەن و ئەو کەسانەش کە خاوەنی شەخسییەتن و خۆیان بە جێ‌متمانەی خەڵکی دەزانن با بچن خۆ کاندید بکەن. چونکی ئەمن پێم وایە ئەوە خراپە کە ئەتۆ بە جارێک تەحریم دەکەی وتەنانەت وای لێ‌دەکەی کە خۆ کاندیدکردن بە مانای خیانەتە!!. هێندێک لە حیزبەکان وای لێ‌دەکەن. یانی خۆکاندیدکردن بۆ شووڕاکان یان بۆ مەجلیس بە خەیانەت دادەنێن. لە نەتیجەدا ئەوانەی شەخسییەت بۆخۆیان قایلن بەڵام لە تانەو لۆمەی ئەملاو ئەولادەترسن، ناوێرن خۆ کاندید بکەن و خەڵکی وا دەچن کە باش نیە بچن و باشتر لەوان هەیە کە بچنە مەجلیس. مەنتیقی ئێمە ئەوە بوو.

٦- زۆر جار حیزبەکان بەتێکڕایی داوایان لە خەڵک کردوە نەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام خەڵک دەچن و بەشداری دەکەن. ئایا دەتوانین بڵێین ئەمە [نا]یەکە بە حیزبەکان؟

مامۆستا: ئەمن پێم‌وایە ئەمە «نا» گوتن بە حیزبەکان نیە، بەڵام خەڵک لەگەڵ قەزایای خۆیان سەر و کاریان هەیە. لە یەکێک لە دەورەکانی ئینتخابات‌دا چەند کەس هاتنە ئێرە هەر لە ئەندامانی حیزب، دەیانگوت تکایە تەحریم لەسەر ئێمە بار مەکەن، ئێمە بۆخۆمان دەردی خۆمان دەزانین، ئیجازە بدەن تا ئەو خەڵکە بۆخۆیان بڕیار بدەن. یەعنی ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە خەڵک ئەو وەختەی هەلومەرجی ژیان دەخوازێ، گوێ لە قسەی حیزبەکان ناگری. چون ئەو زەق و ڕەق و شەقە، ئەوی دیکە قسەیە. گوێ بۆ قسەی من و تۆ و، فەلسەفەبافیی من و تۆ ڕاناگرێ.گوێ بۆ ئەو واقعییەتە ڕادەگرێ کە لەگەڵی بەرەوڕوویە. مەسەلەن دەبینێ کە بۆ موراجعە بە ئیدارەیەک چاو لە شناسنامەکەی دەکەن کە داخوا مۆری ئینتخاباتی لێ‌دراوە یان نا، ئەگەر لێی نەدرابێ کارشکێنی لە کارەکەی‌دا دەکەن. مەجبوورە ئەگەر هیچ نەبێ بۆ دانی ڕەئیی سپی بچێتە سەر سندووقەکان. بۆ ئەوەی شناسنامەکەی مۆری پێوەبێ. کەوابوو، هیچ بەمەعنای جوابەجەنگی (دهن‌کجی) نیە، بەڵام جاری وایە ئێمە هەلومەرجەکە باش ناخوێنینەوە.

لە یەکێک لە ئینتخاباتەکانی کە ئێمە تەحریممان نەکردبوو و حیزبەکانی دیکە تەحریمیان کردبوو، دوای ئینتخابات دەرکەوت کە خەڵکێکی زۆر بەشدار بوون. ئێمە لێرە لەگەڵ جەمعێک لە حیزبەکان دانیشتبووین قسەمان دەکرد. هاوڕێیەکمان ڕوو بە میوانەکان گوتی: ئێوە تەحریمتان کردو ئێمە تەحریممان نەکرد، ئێمە نەمانگوت خەڵکەکە بەشدار بن، بەڵام تەحریممان نەکرد. خەڵکەکە بەشی زۆرتری بەشدار بوون، ئێستا ئەوە دەتوانێ دوو دەلیلی هەبێ؛ یەکیان ئەوەیە کە خەڵک بە قسەی ئێمە دەکاو بە قسەی ئێوە ناکا، دەلیلی دیکە کە پێمان وایە واقعیترە ئەوەیەکە ئێمە باشتر هەلومەرجەکەمان خوێندۆتەوە. هەر بە ڕاستییش وابووە، چونکی دەزانین خەڵکەکە چیان دەوێ و لە چ مەوقعیەتێک‌دان.

٧- بە خوێندنەوەی خۆتان کە نزیک بە ٤٠ ساڵە لە نزیکەوە ئاگاداری وەزعەکە بوون، هەڵبژاردنەکان لە ئێران لە ئێستا و لە ساڵانی ڕابردووتردا چ جیاوازی‌یەکیان هەیە؟ پێتان وایە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمەوبەولا چۆن دەکرێ بەرخورد بەم پرسە بکات؟

مامۆستا: ئەمن وەک جارێکی دیکەشم هەر لەم وتووێژەدا گوت قسەی خۆم دەکەم و قسەی حیزبی دێموکرات ناکەم. ئەمن لە بنی‌ڕا تەحریمم پێ هەڵوێستێکی خراپە، پێم ئاسانترین هەڵوێستە، ئەگەر نەڵێم تەمبەڵانەترین هەڵوێستە. چون زۆر ئاسانە. تەحریم خۆماندووکردن و بیرلێ‌کردنەوەشی ناوێ.بەڵام کە تۆ دەتەوێ تەحریم نەکەی مەجبووری بیر بکەیەوە داخوا مەسڵەحەتەکە لە کوێ‌دایە، داخوا خەڵک چیان دەوێ، داخوا لەنێو ئەو کاندیدایانەدا کە هەن، کامیان بەرنامەکەی شتی جوانتری تێدا دەبێ، ئەوەیان خۆ ماندووکردنێکی زۆری دەوێ و ئەوی دیکەیان ئاسانە، دەڵێی کاکە مەچنە سەر سندووق و لە ماڵی خۆتان دانیشن و تەواو. کاری بەوە نیە داخوا چ دەگوزەرێ. بۆیە بە باوەڕی من باش نیە ئێمە ببین بە تەحریمچیی حیرفەیی. ئەگەر دەرفەتێک هاتە پێشی لە ئینتخاباتێکی ئایەندەدا، بۆ وێنە ئەگەر ٥ ساڵی دیکە ئینتخاباتێکی وا هەبوو کە بە تەشخیسی ئێمە هەلومەرجەکە ڕێگا دەدا نوێنەرانی دڵخوازی خەڵک نەوەک سەدی سەد، بەڵام بەشێکیان بچنە مەجلیس، بچنە شووڕاکان،لە ڕاستی‌دا دەبێ واز لە تەحریم بێنین،بەوەش ڕەواییمان نەداوە بە جمهووریی ئیسلامی و بە تەحریمەکەش ڕەواییمان لێ نەستاندۆتەوە.



# گوتاری کۆشکی سپی و هه‌ڵبژاردنه‌کانی سه‌رکۆماری له‌ ئێران؟!



سمایل شه‌ره‌فی

دوای هاتنه‌ سه‌رکاری دۆنالد ترامپ، هه‌ڵوێسته‌کانی کۆشکی سپی به‌رانبه‌ر به‌ ئێران بۆ جارێکی دیکه‌یش «توند» کرانه‌وه‌. ترامپ که‌ دژایه‌تی له‌ گه‌ڵ رێکه‌وتنی ناوکی له‌ گه‌ڵ ئێران یه‌کێک له‌ ته‌وه‌ره‌ ته‌بلیغی‌یه‌کانی بوو له‌ کاتی کاندیدبوونی بۆ سه‌رکۆماری، هه‌ر که‌ وه‌ک براوه‌ی هه‌ڵبژاردن ناوی ده‌رکرد، ده‌وری بۆ ئێران هه‌ڵگرت و رۆژانه‌ دژ به‌ رێژیمی تاران و کاربه‌ده‌ستانی ئه‌م رێژیمه‌ تویتی ده‌کرد.

به‌شێک له‌ چاودێرانی سیاسی و شاره‌زا له‌ گوتاری کۆشکی سپی به‌تایبه‌ت له‌ حه‌وزه‌ی کاروباری خارجی‌دا ئه‌م هه‌ڵسووکه‌وت و هه‌ڵوێست و ده‌ربڕینانه‌ی ترامپیان به‌ جۆرێک پێ «سه‌رشیتانه‌» بوو و، رایانگه‌یاند که‌ «ئه‌مه‌ ناتوانێ گوتاری ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکا و کۆشکی سپی بێت». ئه‌وان پێیان وابوو ئه‌م شێوه‌ ده‌ربڕین و ئاخاوتنانه‌ی سه‌رکۆماری نوێ، شیاوی ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکا و کۆشکی سپی نیه‌. وێده‌چێ که‌ ئه‌م نیگه‌رانیانه‌ تا راده‌یه‌ک گوێیان لێ گیرابێ، بۆیه‌ ده‌بینین ماوه‌یه‌که‌ دۆناڵد ترامپ، یان سه‌باره‌ت به‌ هه‌موو بابه‌تێک ئێزهاری نه‌زه‌ر ناکات، یان ئه‌وه‌یکه‌ ئاگاداریان کردۆته‌وه‌ که‌ شێوه‌ ئاخاوتن و ده‌ربڕینی بگۆڕێ. هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌ بوو که‌ هه‌ر دوای مانگێک له‌ هاتنه‌ سه‌رکاری سه‌باره‌ت به‌ هێندێک بابه‌تی وه‌ک بڕیاڕدان له‌ سه‌ر درووستکردنی دیواری نێوان وڵاته‌که‌ی له‌ گه‌ڵ برزیل و، هه‌روه‌ها ده‌رکردنی بڕیاری مه‌نعی هاتوچۆی خه‌ڵکی کۆمه‌ڵێک وڵات بۆ ئامریکا پێداچوونه‌وه‌ی کرد.

ئه‌گه‌ر له‌ ماوه‌ی ئه‌م چه‌ند مانگه‌دا که‌ دۆنالد ترامپ هاتۆته‌ سه‌ر کار، چاوێک به‌ هه‌ڵوێسته‌کانی‌دا بخشێنین، هه‌ست به‌ جۆرێک له‌ ناسه‌قامگیری له‌ گوتاری سیاسی و هه‌ڵوێسته‌کانی کۆشکی سپی‌دا ده‌که‌ین. به‌ مانایه‌کی دیکه‌ ده‌کرێ بڵێین، هه‌ڵوێسته‌کانی ده‌وڵه‌تی ترامپ ئه‌وه‌نده‌ی تاکتیکی‌یه‌، زۆر که‌م ده‌کرێ ئیستراتیژی تێدا بخوێندرێته‌وه‌. له‌ گه‌ڵ ئه‌وه‌یکه‌راسته‌ که‌ جۆری ده‌ربرینه‌کانی ترامپ به‌رانبه‌ر به‌ ئێران وه‌ک حه‌وتووه‌کانی سه‌ره‌تای هاتنه‌ سه‌ر کاری نیه‌، به‌ڵام به‌رپرسانی سیاسی و سه‌ربازیی ئامریکا به‌رده‌وام باس له‌ رۆڵی خراپ و ده‌ستێوه‌ردانه‌کانی ئه‌م رێژیمه‌(ئێران) له‌ ناوچه‌که‌دا ده‌که‌ن.

وه‌زیری ده‌روه‌ی ئه‌مریکا له‌ دوایین لێدوانی‌دا سه‌باره‌ت به‌ ئێران، پێی وایه‌ ئێران تا ئێستایش سه‌ره‌کیترین پشتیوانی تیروریزمی نێوده‌وڵه‌تی‌یه‌و رایگه‌یاندوه‌ که‌ کۆشکی سپی به‌رانبه‌ر به‌ ده‌ستێوه‌ردانه‌کانی ئه‌م وڵاته‌ له‌ ئاڵۆزی‌یه‌کانی ناوچه‌که‌ بێ ده‌نگ نابێ.

ناوبراو سه‌باره‌ت به‌ رێکه‌وتنی رۆژاوا له‌ گه‌ڵ ئێران سه‌باره‌ت به‌ دۆسیه‌ی ناوکی ده‌ڵێ: ئه‌م رێکه‌وتنه‌ جیا له‌ هێندێک دوورخستنه‌وه‌ی ئێران له‌ رووی زه‌مانی‌یه‌وه‌ به‌ ده‌ستپێڕاگه‌یشتنی به‌ بۆمبی، ئه‌تۆمی ناتوانێ شتێکی دیکه‌ بێت.

رێکس تیلێرسۆن، وه‌زیری کاروباری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا وتی: ئه‌م رێکه‌وتنه‌ هه‌مان ئه‌و رووپه‌کەردە شکست‌خواردوویه‌یه‌ که‌ ئێمه‌ی گه‌یانده‌ ئه‌م رۆژه‌ی که‌ وڵاتێکی مه‌ترسیداری خاوه‌ن بۆمبی ئه‌تۆمیی وه‌ک کۆره‌ی باکوورمان هه‌بێت. بۆیه‌ له‌ درێژه‌ی قسه‌کانی‌دا وتی: ده‌وڵه‌تی دۆناڵد ترامپ چیدیکه‌ نایهه‌وێ کێشه‌ی ئێران بۆ ده‌وڵه‌تانی داهاتووی کۆشکی سپی بهێڵێته‌وه‌!!.

> ئه‌گه‌ر له‌ ماوه‌ی ئه‌م چه‌ند مانگه‌دا که‌ دۆنالد ترامپ هاتۆته‌ سه‌ر کار، چاوێک به‌ هه‌ڵوێسته‌کانی‌دا بخشێنین، هه‌ست به‌ جۆرێک له‌ ناسه‌قامگیری له‌ گوتاری سیاسی و هه‌ڵوێسته‌کانی کۆشکی سپی‌دا ده‌که‌ین. به‌ مانایه‌کی دیکه‌ ده‌کرێ بڵێین، هه‌ڵوێسته‌کانی ده‌وڵه‌تی ترامپ ئه‌وه‌نده‌ی تاکتیکی‌یه‌، زۆر که‌م ده‌کرێ ئیستراتیژی تێدا بخوێندرێته‌وه‌

تیلێرسۆن هه‌ر له‌ پێوه‌ندی که‌ گه‌ڵ کارنامه‌ی کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا باس له‌ وڵاتانی یه‌مه‌ن، عێراق، سووریه‌ و لوبنان ده‌کات و ئه‌م وڵاته‌ به‌ هۆکاری نائه‌منی و پشتیوانی له‌ تاقم و گرووپه‌ توندڕه‌وه‌ تێرۆریستی‌یه‌کان ده‌زانێ و راشکاوانه‌ ده‌ڵێ: ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکا و کۆمه‌ڵگای نێونه‌ته‌وه‌یی ناتوانن چیدیکه‌ چاوپۆشی له‌ وه‌ها کرده‌وه‌گه‌لێک بکه‌ن و ئه‌م رێژیمه‌ له‌ مێژه‌ خه‌ته‌ سووره‌کانی به‌زاندووه‌و ئه‌وه‌ قبووڵ ناکرێ.

وه‌ک بینیمان له‌ درێژه‌ی ئه‌م هه‌ڵوێست و کاردانه‌وانه‌ی ده‌وڵه‌تی ترامپ به‌رانبه‌ر به‌ ئێران، راست له‌ سه‌ر داوای کۆشکی سپی بۆ یه‌که‌م جار له‌ مێژووی دامه‌زرانی شوورای ئه‌منیه‌تی رێکخراوه‌ی نه‌ته‌وه‌ یه‌ککرتووه‌کان‌دا، رۆژی چوارشه‌ممه‌ رێکه‌وتی ٣٠ خاکه‌لێوه‌ی ١٣٩٦ی هه‌تاوی ئه‌م شوورایه‌ کۆبوونه‌وه‌یه‌کی تایبه‌تی بۆ قسه‌کردن له‌ سه‌ر پێشێل کارییه‌کانی مافی مرۆڤ له‌ ئێران‌دا رێک خست و نوێنه‌ری کۆشکی سپی به‌ توندی هێرشی کرده‌ سه‌ر رێژمی ئێران که‌ ناره‌ایه‌تیی نوێنه‌ری رووسیه‌ی هاوپه‌یمانی ئێرانی لێ‌که‌وته‌وه‌.

بۆ ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ له‌ ماوه‌ی ئه‌م نزیک به‌ چوارده‌یه‌ به‌ وردی چاودێریی هه‌ڵوێست و ده‌ربڕینه‌کانی ده‌وڵه‌تانی کۆشکی سپی‌یان به‌رانبه‌ر به‌ رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کردبێ، له‌وانه‌یه‌ زۆریان ئه‌م قسانه‌ی تیلێرسۆن، وه‌زیری ده‌وره‌ی ده‌وڵه‌تی ترامپیان به‌رانبه‌ر به‌ ئێران پێ تازه‌و سه‌یروسه‌مه‌ره‌ نه‌بێ. چونکی له‌ زۆربه‌ی ده‌وڵه‌ته‌کانی کۆشکی سپی‌دا له‌م جۆره‌ ده‌ربڕینانه‌ و ته‌نانه‌ت توندتریش باس کراون. بۆ نموونه‌ ئه‌وه‌ بۆ یه‌که‌مجار دۆناڵد رێگانی سه‌رکۆماری پێشووتری ئه‌مریکابوو که‌ هه‌وڵی به‌ تێرۆریست ناساندنی رێژیمی ئێرانی‌دا و، ئه‌وه‌ جۆرج واکێر بووشی سه‌رکۆمار بوو که‌، ئێرانی له‌ ریزی وڵاتانی «مێحوه‌ری شه‌رارەت»دا دانا.

بۆیه‌ ئه‌وه‌ی تیلێرسۆن له‌ سه‌ر ئێرانی باس ده‌کات، جیا له‌ باسکردن له‌ خاڵێکی «جیاواز و گرینگ»، شتێکی تازه‌ی تێ‌دا نیه‌.

ناوبراو له‌ دوایین لێدوانی‌دا که‌ باس له‌ رۆڵی ئاژاوه‌گێڕانه‌ی ئێران له‌ ناوچه‌که‌و پشتیوانیی ئه‌م وڵاته‌ له‌ تێرۆریزمی نێونه‌ته‌وه‌یی ده‌کات، به‌دوای ئه‌ودا ده‌ڵێ:»ده‌وڵه‌تی دۆناڵد ترامپ چیدیکه‌ نایهه‌وێ کێشه‌ی ئێران بۆ ده‌وڵه‌تانی داهاتووی کۆشکی سپی بهێڵێته‌وه‌!!.» ئه‌گه‌ر به‌ زمانێکی زۆر ساده‌ ته‌رجه‌مه‌ی ئه‌م قسه‌یه‌ی تیلێرسۆن بکه‌ین ده‌بێته‌ ئه‌وه‌یکه‌ ده‌وڵه‌تی دۆناڵد ترامپ له‌ ماوه‌ی ئه‌م چه‌ند ساڵه‌ی ده‌سه‌ڵاتداری خۆی‌دا بۆ هه‌میشه‌ کۆتایی به‌ «ده‌ستێوه‌ردانه‌کانی ئێران له‌ ناوچه‌که‌» و بابه‌تی «پشتیوانی‌کردنی ئه‌م وڵاته‌ له‌ تێرۆریزم» ده‌هێنێ.!!

لێره‌دایه‌ که‌ پرسیاره‌ گه‌وره‌که‌ له‌ ئه‌مریکاو ده‌وڵه‌تی ترامپ ده‌یته‌ ئاراوه‌ که‌، به‌ گرتنه‌ پێشی کارم رێکار ده‌یانهه‌وێ «کێشه‌ی ئێران» به‌ مانای «کۆتایی‌هێنان»، چاره‌سه‌ر بکه‌ن؟!

وڵامدانه‌وه‌ به‌م پرسیاره‌ ناتوانێ هه‌روا ئاسان بێت و، له‌وانه‌یه‌ ئامانجی ئه‌م وتاره‌یش نه‌بێت. بۆیه‌ به‌ هێنانه‌ ئارای پرسیارێکی دیکه‌ که‌ له‌وانه‌یه‌ وڵامدانه‌وه‌ی به‌ راده‌ی پرسیاره‌که‌ی پێشوو چه‌توون نه‌بێ، کۆتایی پێ ده‌هێنین.

له‌ که‌س شاراوه‌ نیه‌ که‌ کۆشکی سپی زۆر به‌ وردی چاودێری هه‌ڵبژاردنه‌کانی داهاتووی سه‌رکۆماری ده‌کات و ده‌زگا فکری و سیاسی‌یه‌کانی ئه‌مریکایش زۆر باش و شاره‌زایانه‌ ئاگاداری ته‌یفبه‌ندی‌یه‌ جه‌ناحی و سیاسی‌یه‌کانی نێو نیزامی سیاسیی ئێرانن. بۆیه‌ پرسیاره‌که‌ ئه‌وه‌یه‌:

ئه‌م لێدوان و هه‌ڵوێستانه‌ی کاربه‌ده‌ستانی ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکا له‌ تاکتیک‌دا ده‌توانێ له‌ قازانجی کام ته‌یف و جه‌ناح‌دا بێت و کۆشکی سپی له‌ سۆنگه‌ی ئه‌م گوتاره‌یه‌وه‌ له‌ ئێستادا به‌دوای چ ئاکامێک له‌ هه‌ڵبژاردنه‌کانی سه‌رکۆماری‌دا ده‌گه‌ڕێ؟!

> ئه‌گه‌ر به‌ زمانێکی زۆر ساده‌ ته‌رجه‌مه‌ی ئه‌م قسه‌یه‌ی تیلێرسۆن بکه‌ین ده‌بێته‌ ئه‌وه‌ی‌که‌ ده‌وڵه‌تی دۆناڵد ترامپ له‌ ماوه‌ی ئه‌م چه‌ند ساڵه‌ی ده‌سه‌ڵاتداری خۆی‌دا بۆ هه‌میشه‌ کۆتایی به‌ «ده‌ستێوه‌ردانه‌کانی ئێران له‌ ناوچه‌که‌» و بابه‌تی «پشتیوانی‌کردنی ئه‌م وڵاته‌ له‌ تێرۆریزم» ده‌هێنێ



> له‌ که‌س شاراوه‌ نیه‌ که‌ کۆشکی سپی زۆر به‌ وردی چاودێری هه‌ڵبژاردنه‌کانی داهاتووی سه‌رکۆماری ده‌کات و ده‌زگا فکری و سیاسی‌یه‌کانی ئه‌مریکایش زۆر باش و شاره‌زایانه‌ ئاگاداری ته‌یف‌به‌ندی‌یه‌ جه‌ناحی و سیاسی‌یه‌کانی نێو نیزامی سیاسیی ئێرانن. بۆیه‌ پرسیاره‌که‌ ئه‌وه‌یه‌:
> ئه‌م لێدوان و هه‌ڵوێستانه‌ی کاربه‌ده‌ستانی ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکا له‌ تاکتیک‌دا ده‌توانێ له‌ قازانجی کام ته‌یف و جه‌ناح‌دا بێت و کۆشکی سپی له‌ سۆنگه‌ی ئه‌م گوتاره‌یه‌وه‌ له‌ ئێستادا به‌دوای چ ئاکامێک له‌ هه‌ڵبژاردنه‌کانی سه‌رکۆماری‌دا ده‌گه‌ڕێ

## هێنان و راونانی ئه‌حمه‌دی‌نژاد

١



٢



# ترامپ چۆن دەتوانێ ڕێژیمی ئێران فەلەج بکا



واشینگتۆن پۆست -ریوئێل گێرێشت، ڕەی تاکیه
کەماڵ حەسەنپوور

لە واشینگتۆن دیسی بۆ «پاشەکشە کردن» بە ئێران هاوڕاییەک هاتۆتە ئاراوە. دێموکراتەکان و کۆمارییەکان کارێکی زۆر ئاقڵانە دەکەن ئەگەر لە دەورانی شەڕی سارد فێر بن: لە ترسی خستنە مەترسیی کۆنترۆڵی چەکوچۆڵ، لە میدانی شەڕدا سازش مەکە. ئێمە دەبێ پێش بە ئێران بگرین و پاشەکشە بە لەشکری میلیشیا بەکرێگیراوەکانی بکەین. ئێمە دەبێ پاژنەی ئاشیلی ڕێژیمی مەلاکان نیشانە بگرین، واتە بێزاریی خەڵک لە سیستەمی تیئۆکراسی [حکومەتی دینی]. مافەکانی مرۆڤ دەبێ ببێ بە ئەولەوییەتی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران.

جوڵانەوەی سەوز، کە لە ٢٠٠٩ پاش ناکۆکی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی سەری هەڵدا، ڕەنگبێ لە واشینگتۆن لە بیری زۆر کەس داکاڵ بووبێتەوە، بەڵام لە ئێرانێ کۆتایی نەهاتووە. بە پێچەوانەی بۆچوونی بەڕێوەبەریی ئۆباما، نائارامییەکانی هاوینی ٢٠٠٩ هەڕەشەیەکی جیددی بوو بۆ سەر بەڕێوەبەریی ئیسلامیی. لە لێدوانێک دا لە ٢٠١٣، ڕێبەری مەزن ئایەتوڵڵا خامەنەیی ددانی بەوەدانا کە، جووڵانەوەی سەوز ڕێژیمی تا «لێواری هەڵدێران» برد. ژەنراڵ موحەممەد عەلی جەعفەری سەرۆکی سوپای پاسداران، بە هەمان شێوە باسی سەردەمی پاش هەڵبژاردنی کردووە کە «هەڕەشە بۆ سەر سیستەم و

لە دامەزرێنەرانی وەزارەتە ترسناکەکەی ئیتتلاعات کە دروشمی ریفۆرمخوازی دەدا، نەک هەر نەیانتوانیوە ببنە ئیلهامدەری خەڵک، بەڵکوو لە قانع کردنیشیان دا شکستیان خواردووە.ئەورۆ، ڕێژیمی ئیسلامی بیرهێنەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتە لە حەفتاکاندا، سیستەمێکی بێتوانا کە نەیدەتوانی خۆی ئیسلاح بکا لە کاتێکدا کە لە بەرتیلخۆریی دا نوقم ببوو لە ژێر باری ئیمپێریالیزمە پڕ تێچوونەکەی دا چەمابوەوە.

ئەگەر واشینگتۆن بەڕاستیی دەیهەوێ ئێران تووشی هەمان چارەنووسی یەکیەتیی سۆڤیەت بکا، دەبێ حکومەتی تیئۆکراسیی، بە زەخت خستنە سەری لە هەموو بەرەکاندا لاواز بکا. سەپاندنی ئابلۆقەی ئیفلیجکەر بۆ سزادانی ڕێژیم بە هۆی پێشێلکاری‌یەکانی ئەو بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ پێویستە. هەنگاوێکی ئەوتۆ نەک تەنیا تاران بۆ پێشێل کردنی بەها ناونەتەوەیی‌یەکان سزا دەدا، بەڵکو ئەو پەیامەش بە خەڵکی ئێران دەگەیەنێ کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتیوانی حەز و ئاواتەکانی ئەوانە. کاربەدەستانی ئەمریکایی دەبێ لەسەر ئازادکرانی هەموو بەندی‌یەکانی پاش جووڵانەوەی سەوز پێداگر بن. ئەوە دەبێ هەروەها ڕێبەرانی جووڵانەوە، میر حوسێن موسەوی و مەهدی کەڕوبیش بگرێتەوە کە بە دۆخی تەندروستی ناگیرەوە لە ماڵەکانیاندا دەستبەسەرن. باراک ئۆباما تەنانەت بۆ یەک جاریش باسی ئەو پیاوانەی نەکرد. دۆناڵد ترامپ نابێ ئەو هەڵەیە دووپات بکاتەوە.

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ هەروەها سەکۆی ئازادیی بێ بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بوونە قوربانیی سەرکوتەکانی دوای ڕێککەوتنە ناوکی‌یەکە. ئۆباما بەتەواوی ئەو خەڵکەشی



له ڕاستی‌دا ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر مەلاکان‌دا دەستی باڵای هەیە. تواناکانی ئێمە بە سەر هی ئەواندا زاڵە. بێباوەڕیی ئێمە بە خۆمان لە بەراورد لەگەڵ نادڵنیایی خامەنەیی کە دەبێ بە سوپای پاسداران قەرەبووی بکاتەوە هیچ نیە. دەمێکە کاتی واشینگتۆن بۆ خۆش کردنی ئاگری گڕکانی ژێر تاران و بە چالش کێشانی ڕێژیم لە سنوورەکانی ئیمپراتورییە شیعی‌یەکەی تێپەڕ بووە

شۆڕشی ئیسلامیی لە کاتی شەڕی ئێرانو ئێراق مەزنتر بوو». جەعفەری گوتی «لەو سەرهەڵدانەدا ئێمە تا سنووری ڕووخان چووین». دامودەزگا ئەمنییەتی‌یەکانی ڕێژیم نیشانیان‌دا کە ناتوانن جێگای مەتمانە بن. ناڕەزایەتی‌یەکان تەنانەت لە ناو پاسدارانیش دا تەشەنەی کرد. خامەنەیی ناچار بوو کە چەندین فەرماندە لەسەر کار لادا. ئێلیتی خاوەن دەسەڵات کە ستراتیژی وەڕێخستنی خۆپیشاندانی زەبەلاح بۆ پشتیوانیی لەڕێژیمی، تا ئاستی بێ خەوشی بردبوو، بۆ ماوەی ٦ مانگ نەیدەوێرا لایەنگەرەکانی بێنێتە سەرشەقامەکان. هەموو یادەوەری‌یەکان ببوونە دەرفەتێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی.

جووڵانەوەی سەوز پەیوەندی‌یەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی گۆڕیوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرگیز دیکتاتۆڕی‌یەکی ئاسایی نەبووە. چونکە دەرفەتی دەربڕینی بیرۆڕای لە ڕێگای هەڵبژاردنی کۆنترۆڵ کراوەوە ڕەخساندووە. ئەگەری ڕیفۆرم لە ڕێگای سندوقی دەنگدانەوە وەک سوپاپێکی دڵنیایی بووە بۆ دەسەڵاتداران. روناکبیران و چالاکوانان هیوایان بە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانە لە ڕێگای هەڵبژاردن هەبو. تەنانەت دوای تێکشکاندنی جووڵانەوەی دووی جۆزەردان کە بووە هۆی زیندانیی کردن، ئەشکەنجە و ئاوارە بوونی زۆر لەو کەسانەی کە لە ١٩٩٧ مەلای بە بزە و هەندێک ڕیفۆرمخواز موحەممەد خاتەمی‌یان کرد بە سەرکۆمار. بەڵام سەرکوتی دوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ ڕەوایی ڕێژیمی لەناو برد، «ئۆپۆزیسیۆنی وەفادار» کە یەکەم و دووهەم جیلی شۆڕشگێڕان بوون کە هیوایان بە بەڵێنیی، کەمتر دیکتاتۆربوونی دەوڵەتی ئیسلامیی هەبوو، بێ‌بەزەییانە قەڵاچۆ کران.

مانەوەی ڕێژیم ئێستا بەستراوەتەوە بە هێزە ئەمنییە لەرزۆکەکان و توانایی کڕینەوە بە پارە کە لەگەڵ نرخی نەوت سەر و خواردەکا.هەڵبژاردنە شانۆییەکان و نیزامە بێ‌ڕەنگەکەی، بە سەرکۆمار حەسەن روحانیشەوە، یەکێک

پشتگوێ خست، کە ڕێژیم بۆ نیشان دانی ئەوەی کە ڕێککەوتنی ناوکیی نابێتە هۆی کرانەوەی زۆرتر و ڕیفۆرم و خستنیە ناو زیندان.ئۆباما لە ترسی دەستوەردان لە وڵاتانی ئیسلامیی، ویدەچێ لە شەرمی پشتیوانیی ئەمریکا لە شا، بە تەنیا جەختی لەسەر دیپلۆماسیی ئەتۆمیی دەکردەوە و خۆی لەڕێز گرتن لە نەیارانی ئێرانیدەبوارد، هەمان ڕێز کە ویلایەتە یەکگرتووەکان سەردەمێک لەو کەسانەی دەگرت کە نەیاری یەکیەتیی سۆڤیەت بوون.

لە ڕاستی‌دا ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر مەلاکان دا دەستی باڵای هەیە. تواناکانی ئێمە بە سەر هی ئەوان دا زاڵە. بێ باوەڕیی ئێمە بە خۆمان لە بەراورد لەگەڵ نا دڵنیایی خامەنەیی کە دەبێ بە سوپای پاسداران قەرەبووی بکاتەوە هیچ نیە. دەمێکە کاتی واشینگتۆن بۆ خۆش کردنی ئاگری گڕکانی ژێر تاران و بە چالش کێشانی ڕێژیم لە سنوورەکانی ئیمپراتورییە شیعی‌یەکەی تێپەڕ بووە.

ئەوە گران تەواو دەبێ و دەخوازێ هێزەکانی ئەمریکا لە سوریە و عێراق زیاد بکرێن. بەڵام ئەگەر ئەوە نەکەین، ئێمە کۆتایی شەڕە تایفی‌یەکان کە کانگای پەروەردە کردنی جیهادی‌یەکانن، نابینین. ئێمە دەبێ چرکەکان تا کۆتایی کاتی ڕێککەوتنە ناوکی‌یەکە بژمێرین و چاوەڕوانی وەکارکەوتنی سانترفیوژە پێشکەوتووەکان بین. هەروەک یەکیەتیی سۆڤیەت و ڕۆناڵد ڕێگان. بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەمریکا، مەلاکان دەبێ لێشاوی پارە ڕەوانەی بەرنامەکانی دەرەوەی سنوورەکانیان بکەن یاخود سەرشۆڕانە پاشەکشە بکەن. ئەوان هەروەها دەبێ چاویان لە ناوخۆش بێ، بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی سەرهەڵدانێکی جەماوریی تر بن.

زۆر کەس لە واشینگتۆن لە ١٩٨٠ پێیان وابوو کە یەکیەتیی سۆڤیەت زۆر لە چوون بۆ ناو زبڵدان دوور بوو. ئێمە نابێ وا بیر بکەینەوە کە سیستەمی مەلاکان سەقامگیرترە.

---

## ئیسلامی سیاسی
## [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



# ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و ڕێکخراوە گرینگەکانی لە ئێران‌دا

**(بەشی بیستەم)**

حەسەن حاتەمی

### حیزبی جمهووری ئیسلامی

«محمد حسین بهشتی» یەکێک لە رووحانییە چالاکەکانی ڕێپێوانەکانی تاران لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨) دا، و ئەندامی شووڕای شۆڕش(١٩٧٩) و لە نزیکانی ئا. خومەینی بوو. ئەو، پێی وابوو گرینگترین هۆی شکستی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣)، نەبوونی تەشکیلاتێکی سیاسیی تایبەت بە ڕووحانییەت بووە. بۆیە لە ماوەیەکی کەم دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، حیزبی جمهووری ئیسلامی (حجا)- دامەزرا. – دیارە ئەو کاتەی ئاغای بەهێشتی باسی دەکا هەلومەرجەکە بەو جۆرە نەبوو کە حیزب و ڕێکخراوەێکی سیاسی لەو چەشنەئیمکانی دامەزرانی هەبێ. ئەگەر دامەزراباش بەردەوامی یەکجار کەم دەبوو.-

گرووپی یەکەمی دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە بریتی بوون لە: « محمد حسین بهشتی، علی اکبر هاشمی رفسنجانی، سید علی خامنەای، محمد جواد باهنر و عبدالکریم موسوی اردبیلی». ناوبراوان هەمووی لە قومێ دەرسیان خوێندبوو و موقلیدەکەیان ئا. خومەینی بوو. بەڵام بەهێشتی لە ئیسفەهان، خامنەیی لە مەشهەد، ڕەفسەنجانی لە ڕەفسەنجان، مووسەوی لە ئەردەوێل و باهونەر لە کرمانێ را هاتبوون و یەکیان گرتبوو. (١)

بە پێی قسەی «عبداله جاسبی»، یەکەم جار ئەو حیزبە بڕیار بووە ناوی «حزب والله»ی لێبنرێ. بەڵام دوای شۆڕش، دەستەی دامەزرێنەران ناوی «حزب جمهوری اسلامی»یان لێناوە. بەهێشتی - یەکەمین سکرتێری ئەو حیزبە- دەڵێ: بیرمان لە دامەزرانی کۆماری ئیسلامی دەکردەوە؛ بۆیە بە ئیبتیکاری ئەو حیزبە «حکومتی اسلامی»مان کردە«جمهوری اسلامی». تەنانەت دروشمی»استقلال، آزادی، حکومت اسلامی»، ئەو حیزبە کردی بە «استقلال، آزادی، جمهوری اسلامی». ئەو ئاڵوگۆڕانە لەگەڵ بیروڕای «امام خمینی» ش نزیک بوون. جگە لەوەش بەهێشتی دەڵێ: ڕێکخراوەکانی نێهزەتی ئازادی و موجاهیدینی خەڵقی ئێران، نەیانتوانی بوو ویستی شۆڕشگێڕی رووحانییەکان ڕێبەڕی بکەن و ئیسلام وەک مەکتەبی تەواو عەیار، واتا بناژۆیی بناسێنن. هەروەها پێویستیی کۆمەڵایەتیی و مێژوویی بۆ ئیدارەی کۆماری تازەدامەزراوی ئیسلامی بوونە هۆی ئەوەی، ئەو تاقمە( گرووپی دامەزرێنەر) هەوڵیان بۆ دروستکردنی حیزبێکی سەربەخۆ دا. (٢)

هەروەها گوتراوە ڕەوتی ئیسلامی کە ئاگاداری بۆشایی تەشکیلاتی حیزبی خۆی بوو، بەخێرایی لە ڕێکەوتی ١٣٥٧/١١/٢٩ دا، حیزبێکیان بەناوی جمهووری ئیسلامی دامەزراند کە شوێندانەرترین حیزب لە مێژووی سەردەمی ئێران بوو. (٣)

«حسن آیت، اسداله بادمچیان، عبداله جاسبی، میرحسین موسوی، حبیب اله عسکر اولادی مسلمان، سید محمود کاشانی، مهدی عراقی، علی درخشانی و...» ئەندامانی یەکەمین شووڕای ناوەندی حیزبی جمهوری ئیسلامی بوون.

گرووپێک لە ڕووحانی‌یەکان و ژمارەیەکیش لە دەست و پێوەندە غەیرە ڕووحانی‌یەکان، بەپشتیوانی ئایەتوڵڵا خومەینی بەپەلە، هەوڵی چەسپاندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامی‌یان دەدا. لەوکاتی‌دا، کە فەزای گشتیی و ململانێ لە نێوان، میللی گەراکان، چەپەکان – بەئیسلامی و غەیرە ئیسلامییەوە- و ئیسلامی سوننەتی و فیقهی شیعە لە ئارادابوو؛ دەستکرا بە دامەزراندنی بنیاتە ئیسلامییەکان. بەوجۆرە هەم ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیان بەرەو ئیسلامی برد و هەم دامەزراوە ئیسلامییە نوێ‌یەکانیان چ لە شکڵی حیزبی و ڕێکخراوە وەک: حیزبی جمهووری ئیسلامی و موجاهیدینی ئینقلابی ئیسلامی و چ وەک هێزی نیزامی وەک: کۆمیتەکانی ئینقلابی ئیسلامی و سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی، دادگاکانی ئیسلامی و ئینقلابی دامەزراند.

حیزبی جمهووری ئیسلامی کە ئەندامەکانی خۆی لەنێو کۆمەڵێک لە بازاریە بناژۆیەکان، خوێندکاران و مامۆستایانی لایەنگری خومەینی، موئتەلیفەی ئیسلامی، فیداییانی ئیسلام و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لە دەورانی پەهلەوی دووهەم دا، لێک بڵاوکرابوون کە لە نێویان دا، لایەنگرانی موجاهیدینی خەڵق و بیروبۆچوونی دیکەشی تێدا بوون، پێک هات. ئەو حیزبە بەرانبەر بە ڕێکخراوەکانی وەک حیزبی توودەی ئێران و جبهەی میللی ئێران، چریکە فیداییەکان و دژایەتیی لەگەڵ ئەوان دامەزرا.

ڕەفسەنجانی - کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە بووە- لە وتوێژێک دا دەڵێ: « کاتێک کە دەوڵەتی بەختیار لە بەربەری ڕووخان‌دا بوو بڕیار درا، دەوڵەتی ئیسلامی دامەزرێ، مەسەلەی دامەزرانی حیزب، پێویست بوونی خۆی نیشان‌دا. نەبوونی حیزبێکی تایبەت بە ڕووحانییەت، کارەکەی زۆر دژوار کردبوو. بۆیە ئێمە ناچاربووین، نیهزەتی ئازادی وەک دەوڵەت قبووڵ بکەین. بەگشتیی ئێمە وەک ڕەوتی ئیسلامی و ئیسلام ناس لە بەرەبەری سەرکەوتنی شۆڕش دا، پێمان وابوو، دامەزرانی حیزب پێویستە. بەڵام موشکیلەکەمان ئیمام بوو- کە موخالیف بوو-. ئەویشمان ڕازی کرد و دوو حەوتوو دوای سەرکەوتنی شۆڕش یانی ٦ ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ (١٩٧٩) حیزبی جمهووری ئیسلامی- مان ڕاگەیاند. پێشتریش لەو بابەتەوە زۆرمان قسە لەگەڵ دوکتور(د.) سەحابی و د. پەیمان کردبوو و دەستەیەکی ٣٠ ی کەسیشمان بۆ شووڕای ناوەندی دەستنیشان کردبوو. (٤)

یەکەم سکرتێری ئەو حیزبە «محمد حسین بهشتی» بوو. ئەو حیزبە ڕۆژنامەیەکیشی هەر بەناوی «جمهوری ئیسلامی» لە جۆزەردانی ١٣٥٨ (١٩٧٩) دا، بڵاوکردەوە کە ئەوکات، عەلیی خامنەیی خاوەن ئیمتیازی بوو. – ئێستاش کە ٢٣ ساڵە ئەو حیزبە مەوجوودتی نەماوە ئەو ڕۆژنامەیە هەر ماوە وبە مودیرییەتی مەسیح مهاجری بڵاودەبێتەوە.

حیزبی جمهووری ئیسلامی بەهۆی پشتیوانی ئا. خومەینی، مزگەوتەکانی بۆ ناونووسی و ئەندام وەرگرتن تەرخان کرد. یەکەم شوێن «کانون توحید» بوو. لە ماوەیەکی کەم دا، ژمارەیەکی زۆر بوون بە ئەندامی ئەو حیزبە. مورتەزا نەبەوی دەڵێ: لە یەک، دوو ڕۆژی ناونووسی دا، ٨٠ هەزار کەس بوونە ئەندامی حیزب لە سەرانسەری ئێران دا. لە وتاری «مقدمات تشکیل حزب» دا، جەوادی باهونەر دوای ١٠٠ ڕۆژ تەمەنی حیزبەکەی دەڵێ: تا ئێستا ٢ میلیۆن کەس بوونە ئەندامی حیزب. ئامارێکی دیکە دەڵێ: ئەندامانی ئەو حیزبە ٧ میلیۆن کەس بوون، کە بەرەو زیادبوون دەچوون. «ئەنجومەنی ئیسلامی» یەکان بۆ بەرفراوان کردنی ئەو حیزبە لە سەرانسەری ئێران‌دا، هەوڵیان دەدا. لقەکانی حیزب لە کارگە و کارخانەکان، ناوەندی پەروەردە و ئیدارەکان و شوێنە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتدارەکانی ئیسلامی، دامەزرێندران. هەروەها بەپێشنیاری ئا. خومەینی ڕێکخراوەکانی، بەرەی موئتەلیفە، موجاهیدینی ئیقلابی ئیسلامی و ڕووحانییەتی موبارێز، چوونە نێو حیزبی جمهووری ئیسلامی. ئەو حیزبە شێوەیەک بوو لە حیزبی ڕەستاخیزی دەورانی پێشوو بە نێوەرۆکی ئیسلامی سیاسییەوە.

### سەرچاوەکان

١- حزب جمهوری اسلامی، اولین و آخرین حزب روحانیت، م. رضا علوی، از فعالان حقوق بشر ایران و پژوهندەء سیاست و تاریخ، ساکن تکزاس ئامریکا.
٢- عبداله جاسبی، تشکل فراگیر، تهران، انتشارات دانشگاه آزاد اسلامی ١٣٧٩، ج١، صفحات٣٦٦ و ٣٧٩.
٣- شادلو، عباس؛ انقلاب اسلامی از پیروزی تا تحکیم، تهران. مؤلف ١٣٥٨، ص٢٢.-
٤- «حزب جمهوری اسلامی؛ از تأسیس تا انحلال. هاشمی رفسنجانی در مصاحبەای با عبدالمجید معادیخواه و ابولفضل شکوری راد، در تیرماه ١٣٧٨ که در مجلەء «یاد» منتشر شد.»

# ئابووریی بەرەنگاری و بێکاری لە ئێران‌دا



ئاگری باڵەکی

خامنەیی لە پەیامی نەورۆزی خۆیدا بۆ جارێکی دیکەش ساڵی ١٣٩٦ی بە ناوی ساڵی ئابووری بەرەنگاریی «اقتصاد مقاومتی» ناودێر کرد. ناودێر کردنێک کە لە پەیامی نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ی ئەودا هاتبوو! ئەو بە پێ داگریی لە سەر «بەرهەمهێنان» و «کار» دوبارە هەوڵیدا کە ئابووری قەیران لێدراویی ئێران بشارێتەوە!

ئەو بەو شوعارە دانی بەوەدانا کە کێشەکانی ئابووری ئێران نەک هەر وەک خۆی ماونەتەوە و هیچ گۆرانێکیان تێدا نەکراوە بەڵکوو بیلانی سیستەمی ئیسلامی بۆ ئابووری ئێران لە دوو بەشی بەرهەم و کار پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەدیتوە! خامنەیی بەو شوعارە بۆ چوارەمین ساڵ ئابووری کردە ئامانجی قسەکانی و لە کۆڵ شوعارە کۆنەکانی وەک هێرشی فەرهەنگی و پیلانی خاریجیەکان بوەوە!


خامنەیی زۆر بە روونی هێرشی کردە سەر حکومەتی ئێستا بە سەرۆکایەتی حەسەن روحانی و هەروەها هەموو بەرپرسیارەیەتی‌یەکانی قەیرانەکانی ئابووری و .. خستە ئەستۆی ئەو! وتەکانی خامنەیی راستەخۆ دژایەتی بوو لەبەرامبەر هەڵوێستی حەسەن روحانی کە لە پەیامی نەورۆزی خۆیدا لافی ئەوەی لێدا کە لەگەڵ ئەوەیدا توانیویەتی هەڵاوسانی ئابووری «تورم» کۆنترۆل بکات و بیکاتە یەک رەقەمی، بەڵکوو گەشەی ئابووری ئێرانی لە ساڵی ١٣٩٥ بە ٨٪ راگەیاند کە ئامانجی روحانی ئەوە بوو بلێ بەرنامەی گەشەی ئابووری سەرکەوتوو بووە! بەڵام ئایەتوڵڵا خامنەیی بە پەیامیی نەورۆزیەکی خۆی پەیامی حەسەن روحانی بە چالیش کێشا!

قەیرانی ئابووری لە ئێراندا بەستراوەتەوە بە شێوەی پەیوەندی ئەمریکاوە، ئیسحاق جەهانگیری جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری ئێران لە سەرەتاکانی رەشەمەی ساڵی رابردوودا بێ پەردە ئاشکرای کرد کە، ساڵانە یەک میلیۆن نەفەر لە زانکۆکانی ئێران خوێندن تەواو دەکەن، بەڵام بازاری کاری ئێران ناتوانێ ئەو رێژە لاوە خوێندەوارە جێگا بکاتەوە، ئەو گوتی کە بیلانی حکومەت بۆ دابین کردنی کار شکستی هێناوە، جەهانگیری باسی لەوەشکرد کە لە دوو ساڵی رابردوو دا هەموو ساڵێک ١ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس بە رێژی ئەوانەی داخوازی کاریان هەیە زیاد دەبێ. جەهانگیری پێی لەوەنا کە نەبوونی سەرمایە و بە تایبەتی سەرمایەگوزاری خاریجی یەکێکە لە سەبەبەکانی ئەوەی کە رێژەی بێکاری زیاد بکات و قەیرانی ئابووری دروست ببێ.

ئیسحاق جەهانگیری ئەوەی خستەوە بەرچاو کە لە ماوەی ٨ ساڵی دەسەڵاتی ئەحمەدی نژاد کە داهاتی نەوتی ئێران بە ٧٠٠ میلیارد دۆلار گەیشتبوو ، بەڵام لەبەرامبەردا تاقە یەک شوغل لە ئێراندا دروست نەبوە.

لێکۆلەرانی ئابووری ئێران دەلێن کە مەحمودی ئەحمەدی نژاد کە بە نزیکترین کەس دادەنرێت لە روانگەی عەلی خامنەیی لە ئابووری، لە دوای خۆی جگە لە زەویەکی سوتا و وشک هیچی لەدوای خۆی بەجێ نەهێشت! لێکۆلەران بەردەوامی لە خەراپی پەیوەندی‌یەکانی ئێران و ئەمریکا بەیەکێک لە هۆکارەکانی شکان و قەیراناویی بوونی ئابووری ئێران دەزانن! ئەوان دەلێن کە عەلی خامنەیی و سپای پاسداران بەرپرسیاری یەکەمی خراپی وەزعی خەڵکی ئێرانن چونکە ئەوان بەردەوام موخالیفی عادی کردنەوەی پەیوەندی‌یەکان لە گەڵ ئەمریکادان و ئەمریکاش بەردەوام زەختەکانی یەکتەرەفەی خۆی دژی ئێران زیاد کردوە کە بووهۆکارێکی کاریگەرە بۆ بەردەوامی قەیرانی ئابووری لە ئێران دا!

ئەو بۆچوونە تایبەت نیە بەو کەسانەی کە دژبەری کۆماری ئیسلامی ئیرانن بەڵکو هەتا ئیستا بەرپرسانی حکومەتی ئێران بەدەیان جار ئەو راستیەیان ئاشکرا کردوە کە بەستنی



ڕێگا لە سەرمایەگوزاری خاریجی جگە لە قەیران هیچی تری بۆ ئێران بە دیاری ناهێنێت!

## دەوری سوپایی پاسدارن لە قەیرانی ئابووری‌دا

عەباسی ئاخوندنی، وەزیری رێگا و شارسازی دەلێ ئەگەر سەرمایەگوزارانی خاریجیش لە ئێران کار بکەن کێشەی ئابووری وبێ کاری چارەسەر نابێت، لەگەڵ ئەوەش عەباسی ئاخوندنی دەلێ بەهۆی مایەپووچی بانک و بونیادە ئابووری‌یەکانی ئێران و هەروەها دەسەڵاتی ناوەندە نیزامییەکان و سپای پاسدارن بەسەر ئابووری ئێراندا وایکردوە کە گەشە لە ئابووری ئێراندا روونەدات و قەیران بەردەوام بێت.

ئاخوندی دەلێ قەرزەکانی حکومەت بە ئابووری ئیران نزیک بە ٥٥٪ لە بەرهەمی نا خالیسی میللیە یانی (٧٥٠ هەزار میلیارد تمەن)، ئەوە لە حالێک دایە کە بانکەکانی ئێران تا ئێستا بە شێوەی رێک و پێک بیلان و داتاکانی خۆیان بڵاونەکردوەتەوە، چونکە بەپێی وتەکانی ئیسحاق جەهانگیری جێگری سەرۆککۆمار ئەگەر بێت و بانک و بنیادە ماڵیەکانی ئێران داتا و بیلانی راستی خۆیان بڵاوبکەنەوە، کارەسات روودەدات و حکومەت توانایی کۆنترۆل کردنی نامێنێ!

بەپێ ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەست دایە لەکاتی ئێستادا کە بودجەی حکومەت هەموو بۆ مووچەی کارمەندەکانی خەرج دەکرێ حکومەت دەبێ ١٠٠٪ مووچەی هێزە چەکدارەکانیش بدات و هەروەها ٧٥٪ بودجەی سندوقی خانەنشینی ئێرانیش بدات، هەربۆیە حکومەتی روحانی ناتوانێ چارەسەری کێشە ئابووریەکانی ئێران بکات چونکە بیلان و بەرنامەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری شکستی هێناوە! لەلایەکی ترەوە ناوەندە بەهێز و دەسەڵاتدارەکانی ئابووری ئێران وەک قەرارگایی خاتەم ئەلئەنبیایی سوپا و هەروەها ناوەندەکانی سەر بەرێبەری و ئاستانی قودسی رەزەویی و دەیانی تر لە پێدانی باج بە حکومەت بەخشراون و ساڵانە تەنها یەک ریالیش نادەن بە حکومەت ، هەموو تەرح و بەرنامەیەکی ئابووری کە ئەوانی تێدا نەبن لەسەرەتاوە شکستی هێناوە!

بەبڕوای کارناسانی ئابووری لەبەر ئەوەی کە حکومەت لەئێران ناتوانێ دەسەڵاتی بەسەر ناوەندەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی‌دا هەبێت و هەموو دەسەڵات و بەرنامەیەک سپێردراوە بە ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتیەکان و ئەوانیش بەگشتی لەژێر دەستی رەهبەری دان بۆیە وەزعیەتی ئابووری ئێران بەرەو باشتر بوون ناچێت. هەر بۆیە خامنەیی و رێبەرانی سپای پاسدارن باس لە ئابووری بەرەنگاری «اقتصادی مقاومتی» دەکەن کە مەعلووم نیە چە بەرنامەیەک بۆ ئابووری بەڵا لێدراوی ئێران دەخاتە روو.

دەسەڵاتەکانی هێزە نیزامیەکان «سپای پاسداران» لە ئێران بەشێوەیەکە کە جگە لە ناوخۆی ئێراندا دەستیان گرتووە بەسەر ئابووری ئێراندا، بەڵکو کۆنترۆلی هەموو سنورە ئابووریەکانی ئێرانیان کردوە. بەپێی ئامارەکان سپای پاسدارن گەورەترین هۆکارە بۆ قاچاغی کەل و پەل بۆ ناو ئێران. سپای پاسدارن کۆنترۆلی تەواوی بەسەر بەندەر و فرۆکەخانەکانیش‌دا هەیە هەربۆیە دەتوانرێ بگوترێ کە سپا حکومەتی سێبەری کۆماری ئیسلامیە لە ئێراندا!

## زیادبوونی رێژەی بێکاری لە ٢١ پارێزگای ئێران

حەسەن روحانی لە پەیامی نەورۆزی خۆیدا گوتی کە لە دەورانی دەوڵەتی ١١دا، حکومەت ٧٠٠ هەزار فورسەتی کاری دروست کردوە. روحانی هەروەها گوتی لە ساڵی رابردوودا ٢٤ هەزار ناوەندی پیشەسازی نیوەتەواو و لەکار کەوتوو دوبارە وەکار کەوتوونەتەوە و گەشەی ئابووری ئێران گەیشتۆتە ٨٪. هەڵبەتە تەنها دوو رۆژ دواتر لە پەیامی روحانی، ئیسحاق جەهانگیری جێگری سەرۆک کۆمار گوتی، کە ناوەنجی بێکاری لە ساڵی ١٣٨٤ تا ١٣٩٤ سیفرە.

جەهانگیری گوتی راستە کە ٧٠٠ هەزار کاری تازە لە ئێران دروست بووە بەڵام ٦٠٠ هەزار بێکار بە حەشیمەتی بێکارانی ئێران زیادی کردوە! بە پێ ئامارەکان رێژەی بێکاری لە ٢١ پارێزگا زیادی کردوە بەنیسبەتی ساڵی ١٣٩٤ ، بەپێ ئامارەکانی حکومەت رێژەی بێکاری ١،٤٪ زیادی کردوە واتە لە ١١٪ لەساڵی ١٣٩٤ بوەتە ١٢،٤٪ لە

> لێکۆلەران بەردەوامی لە خەراپی پەیوەندی‌یەکانی ئێران و ئەمریکا بەیەکێک لە هۆکارەکانی شکان و قەیراناویی بوونی ئابووری ئێران دەزانن! ئەوان دەلێن کە عەلی خامنەیی و سپای پاسداران بەرپرسیاری یەکەمی خراپی وەزعی خەڵکی ئێرانن چونکە ئەوان بەردەوام موخالیفی عادیی کردنەوەی پەیوەندی‌یەکان لە گەڵ ئەمریکادان و ئەمریکاش بەردەوام زەختەکانی یەکتەرەفەی خۆی دژی ئێران زیاد کردوە کە هۆکارێکی کاریگەرە بۆ بەردەوامی قەیرانی ئابووری لە ئێران دا

ساڵی ١٣٩٥ و لەو نێوەدا ١٣ پارێزگا بەرزترین ئاستیان هەیە، کە پارێزگاکانی کوردستان لەسەرەوەی لیستەکەدان.

هەر بەپێ ئامارەکان لە بەشی پیشەسازیدا فورسەتی کار لە ٣٢،٥٪ لە ساڵی ١٣٩٤ کەمبوەتەوە بۆ ٣١،٩٪ لە ساڵی ١٣٩٥ . هەر بەپێی زانیاریەکان پارێزگا سەنعەتیەکان وەک تاران و ئازەربایجان (تەورێز) بێکاری بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە لە تاران ٣،٥٪ زیاد کردوە ولە ٨،١٪ بوەتە ١١،٦٪ و هەروەها لە تەورێز لە ٧،٣٪ بوەتە ٨،١٠٪ لەساڵی ١٣٩٥دا.

بەرزترین رێژەی بێکاری لە ئێران تایبەت بە پارێزگای کرمانشانە کە بە ٣،٤٪ زیادی کردوە واتە لە ٢٠،٢٪ لەساڵی ١٣٩٤ بوەتە ٢٢٪ لە ساڵی ١٣٩٥ دواتر چوار محال بەختیاری بوەتە ٢٠،٢، و لە ئەردەبیل ١٥،٣ و پارێزگایی سنە ١٥،٢٪ رێژەی بێکاری زیادیی کردوە!

بەپێ ئەو ژمارانەی سەرەوە دەبینین کە اقتصادی مقاومتی خامنەیی نەک سەرکەوتوو نەبووە بەڵکو نیشاندەری ئەوەیە کە قەیرانی ئابووری لە ئیراندا رۆژ لەگەڵ رۆژ خەراپتر بووە.

*ئابووری بەرەنگاری «اقتصاد مقاومتی ( Resilient Economy یا Resistive economy)»

دەتوانین بلێن شێوەیەکە بۆ بەرەنگاری دژی گەمارۆی ئابووری لەسەر ناوچەیەک یاخود وڵاتێکی بایکۆت کراو، کە هەوڵ دەدات کە کەمترین گرێدراوی بە دەرەوە هەبێت و پێداویستە ئەساسیەکانی لەناخۆدا بەرهەم بهێنێت! لەکاتێک دا هەناردەو هاوردە بۆ ناوچەیەک یان وڵاتێک ئیجازەی پێ نادرێت! بەگشتی وڵاتانی لاواز لە دێموکراسی و لە نەزەری ئابووری و دارایەوە گیرۆدەی تەنها کالایەکن وەک نەفت، دوای ئەوەی کە توشی بایکۆت و گەمارۆ دەبنەوە بەلای ئابووری بەرەنگاری «اقتصاد مقاومتی دا دەرۆن، نەزەری ئەوان وایە کە دەتوانن لەبەرامبەر تەهیدی دەرەوەدا لەسەر لاقی خۆیان راوەستن! لە ئێران دوای ئەوەی کە گەمارۆکانی سەر ئێران توندربوون ، ئایەتووڵڵا خامنەیی لە ساڵی ١٣٨٩ بۆیەکەم جار ئەو دەستەواژی هێنا نێو ئابووری ئێران بەو هیوایە بتوانێ کە ئێران لە قەیران ئابووری رزگار بکات، بەڵام دوای ٦ ساڵ ئێستاش نەتوانراوە بەشێکی بچووک جێ بەجێ بکرێت.

کوردستان
● ژمارە: ۷۰۲
۳۱ی خاکەلێوەی ۱۳۹٦ _ ۲۰ی ئاوریلی ۲۰۱۷

# لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە ئێران‌دا

شاوەیس حەمدی

ئەوەندەی پێوەندیی بە خەڵکی ئێرانەوە هەیە بۆچوونەکان لە سەر هەڵبژاردنەکان لە چوارچێوەی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا یەکدەست نین. بە ئاوڕدانەوەیەک لە هەڵوێست و بۆچوونی خەڵک لە هەڵبژاردنە جیاجیاکان لە ئێران لە ماوەی ئەم نزیک بە ٤٠ ساڵەدا، دەبینین کۆمەڵگای ئێران ڕەفتارەکانی تابعێکە لە شەرایەتێک کە ڕاست لەو مانگ و ساڵەدا تێیدا بووە. ئەوە نیە کە پێمانوابێ خەڵک لە ئێران بە لێکدانەوەیەکی قووڵی درێژخایەنانەوە بیر لە پرسێکی سیاسی لەم وڵاتەدا بکاتەوە. چونکی خۆی کە، ئیدیعاکانی ئێوە لە سەر خەڵکی‌نەبوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاست نیەو ئەوەتا کە خەڵک چ پڕڕەنگ بەشداری پرسەکان دەکەن، دووهەم ئەوەیکە بە کەڵک وەرگرتن لە حزووری پڕڕەنگەی خەڵک، بتوانن دەسکاریی دەنگەکان بە قازانجی خۆیان بکەن و کێیان پێ خۆش بوو لە سندوقەکانی دەنگدانی دەربهێنن.هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەمیشە هەڵوێست و خوێندنەوەیان بۆ پرسی هەڵبژاردنەکان لە ئێران‌دا یەک نەبووە. بەشێک لە حیزبەکان هەر لە سەرەتای



شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، ۱۹۷۹وە تا ئێستا بە گوتاری بایکۆتەوە هەڵوێستیان بەرانبەر بە ئەم پرسە گرتووەو بە سناریو، شانۆ و تەرفەندی ڕێژیمی دادەنێن. بەڵام بەشێکیشیان بە پێچەوانەی ئەم گوتارە لە گەڵ ئەوەیکە سوورن لە سەر ئەوەیکە هەڵبژاردنەکان بە شێوەی دێموکراتیک بەڕێوە ناچن و ڕێژیم هیچ باوەڕێکی بە هەڵبژاردن نیە، بەڵام هێندێک جارو لە هێندێک قۆناغدا داوایان لە خەڵک کردوە بەشداری هەڵبژاردنەکان بن. ئەوان پێیان وایە جاری وایە بە پێی شەرایەت و هەلومەرج و لە هەمووی گرینگتر تایبەتمەندیی هێندێک لە کاندیداکان و جۆری هەڵبژاردنەکان، خەڵک دەتوانن وەک دەرفەتێک بۆ هێنانە ئارای ویستو داخوازییەکانیان کەڵکی لێ وەربگرن و بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەدا پرسەکە هێندێک ئاڵۆزکراوە؛ لە یەک کات‌دا دوو هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێت: هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و هەڵبژاردنەکانی شووراکان. وەک باس دەکرێ خەڵکی کوردستان بە پێچەوانەی دەوری پێشوو کە رووحانی هێندێک وادەو بەڵێنی پێدان و هیچی جێبەجێ نەکرد، کەمتر بەشداری لە هەڵبژاردنەکان‌دا دەکەن، بەڵام هاوکاتبوونی هەڵبژاردنەکانی شووراکان تارادەیەک هەڵوێستەکان و بۆچوونەکانی لێک ئاڵۆز کردوە. هێندێک پێیان وایە ناکرێ بەشداریی هەڵبژاردنی شووراکان نەبین و مەیدان بۆ کەسانی سەربە ڕێژیم چۆڵ بکەین.

بەشێک لە حیزبەکەن پێیان وایە جاری وایە بە پێی شەرایەت و هەلومەرج و لە هەمووی گرینگتر تایبەتمەندیی هێندێک لە کاندیداکان و جۆری هەڵبژاردنەکان، خەڵک دەتوانن وەک دەرفەتێک بۆ هێنانە ئارای ویستو داخوازی‌یەکانیان کەڵکی لێ وەربگرن و بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن

بە هیچ شێوەیەک تیایدا بەشدار نیەو هەست بە کاریگەربوونی دەنگی خۆی ناکات. نیزامی سیاسی لە ئێران بە هۆی داخراوبوونیەوە، مەجالی خۆرێکخستنی بۆ چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا نەهێشتۆتەوە

بە ئاوڕدانەوەیەک لە هەڵوێست و بۆچوونی خەڵک لە هەڵبژاردنە جیاجیاکان لە ئێران لە ماوەی ئەم نزیک بە ٤٠ ساڵەدا، دەبینین کۆمەڵگەی ئێران ڕەفتارەکانی تابعێکە لە شەرایەتێک کە ڕاست لەو مانگ و ساڵەدا تێیدا بووە. ئەوە نیە کە پێمان‌وابێ خەڵک لە ئێران بە لێکدانەوەیەکی قووڵی درێژخایەنانەوە بیر لە پرسێکی سیاسی لەم وڵاتەدا بکاتەوە

کە هەست بەوە بکەن بە بەشداری یان بەشداری نەکردنیان لە فلان پرس‌دا دەتوانن شوێنەوارێکی کاریگەر دابنێن. بۆیە دیسان دەیڵێینەوە کە هەڵویست و ڕەفتاری خەڵکی ئێران بە گشتی تابعێکە لەو شەرایەت و هەلومەرجەی کە تیایدان. زۆر جار لە مەجالێکی هەڵبژاردنەکان‌دا زۆرینەی خەڵک دەنگیان بە فلان کاندید داوە نەک لە بەر ئەوەی پێیان وایە ئەو دەتوانێ کاریگەرتر یان باشتر لەوی دیکە بێت!!، بۆیە دەنگیان پێ داوە ڕاست بۆئەوەی کەسی بەرانبەر کە زاڵم و ستەمکارترە دەنگ نەهێنێتەوە یان لانیکەم دەنگی کەمتر بهێنێتەوە. زۆرجار خەڵک بەشداریی هەڵبژاردنێکیان کردوە تەنیا بە مەبەستی ئەوەیکە ئەو کاندیدەی کە دەنگی ڕێبەری نیزامی لە پشتە، دەنگ نەهێنێتەوە یان ئەوەیکە بە دەنگێکی کەمەوە قبووڵ بێت. ئەوان ویستوویانە لەو ڕێگایەوە پەیامی [نا]ی خۆیان بە ڕێبەری نیزام و کۆی دەسەڵات بگەیەنن.لە بەرانبەردا ڕێژیمیش کە قەتی دەنگی خەڵکی بۆ گرینگ نەبووە، زیاتر حزووری خەڵکی لە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ گرینگ بووە کە لەمەیاندا ڕێژیم دوو ئامانجی پێکاوە؛ یەکەم ئەوەیکە ویستوویەتی لە ڕێگای پێشاندانی سەفی حزووری خەڵکەوە بە کۆمەڵگای جیهانی بڵێ

---

میژووی زیندوو



# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر خدر میراوەیی

هەیاس کاردۆ

هەردووک لاقی بە جووت بە گوریسێکی زبر لێک بەسترابوون و گوریسەکەش لە ئاڵقەیەک گرێدرابوو کە بە بەری میچەوە قایم کرابوو. هەردووک دەستیشی بە لەتکە قایشێکی قایم لەلای پشتیڕا بەجۆرێک لێک بەسترابوون کە توانای هیچ تەکان و جووڵەیەکیان نەبوو. لەشێکی ڕووت، پێستێکی شەقار شەقار و سوور هەڵگەڕاو، وەک جۆلانە ئەملاو و ئەولای دەکرد. خوێن تنۆک تنۆک لەبەری پێیڕا فیشقەی دەکرد و ئینجا بەرەوخوار بۆ لای سەری چۆڕاوگەی دەبەست و پاش ئەوەی مووی سینگ و سەری جوان دەخووساند، دڵۆپ دڵۆپ دەڕژایە سەر عەرزی. وێڕای خوێن، تنۆکە یەک لە دوای یەکەکانی ئارەقەی لەشی کە بەهۆی گەرم و شێدار بوونی دیوەکە پەیتا پەیتا دەهاتنە خوارێ، هەرکە دەکەوتنە سەر برینەکان وەک چزووی مار تێیان ڕادەچوون و دەیان برژاندنەوە. هەرجارەی سەری بۆ لایەک ڕادەژا، بە سیلەی چاوە دەخوێن‌دا شەڵاڵ بووەکانی جووتێک لاقی دەدیتن کە دەنێو پۆتیندا لە تەنیشتی ڕاوەستابوون. دەگەڵ چاو پێکەوتنی هەر جووتە لاقێک، قامچییەک وەلەشی دەکەوت و شریخەی لێ هەڵ دەستاند. ئەو قامچی لێدان و جۆلانە پێکردنە ئەوەندە دووپات دەبووەوە هەتا وای لێ دەهات چاوەکانی ئیتر تەنیا تارماییەکیان هەست پێ دەکرد و لەشی خوێناویشی سڕسڕ دەبوو. هەتا خوێن زیاتر چۆڕاوگەی دەبەست و پێست سوورتر هەڵ دەگەڕا، لەش لاوازتر و تاقەت کەمتر دەبوو... بڵێسەی تینی ئاگرێک کە لە دەروونی ئەو ئینسانەدا داییسا ئەوەندە بەهێز بوو کە ئازاری دیوی دەرەوەی لەشی لە بیر دەبردەوە. ئەو کە ئەزموونی خۆڕاگریی شاخی هەبوو ڕاوەستانی لە بەرامبەر جەللاددا بۆی وەک ئاو خواردنەوە وابوو. هەر بۆیە هەرچەند هێزی گوڕاندنی نەمابوو بەڵام ئەوەندەی کە لێوی دەبزووتن ماناکانی ئەم دەرسی خۆڕاگرییەیان زەمزەمە دەکرد کە دەڵێ:



**« وەرە جەللادا!**
**وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تاکوو بزانی چۆنە ئیمانم.**
**ئەتۆ جەللادا!**
**ئەگەر دەربێنی ئێسکانم،**
**ئەگەر بێنی لەبەر چاوم بکوژی گشت عەزیزانم،**
**بە وەڵڵاهی،**
**بە خاکی پاکی کوردستان،**
**ئەمن کوردم قەتیش ناڵێم پەشیمانم.**
**<> <> <> <>**
**وەرە جەللادا!**
**وەرە ئەی خوێنمژی بەدکار!**
**دەتوانی بیخەیە ئەستۆم گوریسی دار**
**ئەوە شانازییە بۆ من،**
**بەوەی ناکوژی ئیمانم،**
**ئەوە سەربەرزییە بۆ من».**
(شاعیری کۆچکردوو مامۆستا عەلی حەسەنیانی-هاوار)

***

کێ هەیە ناوی بە هەیبەتی پێشمەرگە ببیسێ و چرۆی خۆشەویستی لە باخچەی دڵی‌دا نەپشکوێ؟ چ کەسێک دەتوانێ قەڵای داگیرنەکراوی غیرەتی پێشمەرگە ببینێ و سەری نەوازیشی بۆ دانەنوێنێ؟ کام دوندی سەرکەش هەیە پێشمەرگە ڕووی تێ کردبێ و فەتحی نەکردبێ؟ کێهە بڕیاری گرینگە پێشمەرگە دابێتی و بۆ جێبەجێ کردنی فیداکاری نەکردبێ؟ دەتەوێ دەریایەکت لە ئازایەتیی پێشمەرگە بۆ باس بکەم؟ گەرەکتە دەرگای دنیایەکی نوێت لە چۆنیەتیی ژیانی سەربەرزانە بەڕوودا بکەمەوە؟ داوام لێ دەکەی پێشمەرگەت پێ بناسێنم؟ کەواتە گوێم بۆ بگرە و دەگەڵ من بۆ ناسینی «خدر میراوەیی» ڕوو لە دوندی سەربەرز بکە.

«... بە مەسئولیەتەوە دەتوانم بڵێم کە هیچ دەروێشێکی هیچ شێخێ بە قەدەر ئێمە بە ڕێبازەکەی وەفادار نەبووە، لێرەدا دوو نموونەتان بۆ باس دەکەم:

ساڵی (۱۳٦۲) لەگەڵ خێزانم (زارا قادرزادە) ژیانی هاوبەشمان پێکهێنا. ئێوارەکەی کە خێزانمیان لێ مارە کردم گوتیان مەفرەزە دەچێتە ناو شاری سەردەشت. گوتم منیش دەچم. هاوڕێیان زۆریان هەوڵدا لەگەڵم، بەڵام سوودی نەبوو. شەهید «محمموودە دۆڵ « کە فەرماندەی لک بوو هاتە لام و گوتی: «خدر گیان تۆ ئەمڕۆ ژنت مارە کردوە و نابێ بچی بۆ جەولە، کوڕە ئابڕووت دەچێ خۆ کاکی خۆم لەسەر تۆ پەکمان نەکەوتووە«. گوتم هەر دەچم چۆن مەفرەزە بچێتە شارو ئەمن لەگەڵ نەبم ناکرێ خولاسە چووم.

«هەر لە ساڵی (۱۳٦۲) مەفرەزەمان لە باساوێ بوو. لە بووبانەڕا کە ناوەندی لکی لێ بوو بێسیمیان کرد کە خدر بنێرنەوە دایک و بابی هاتوون. گوتم با لەوێ بمێننەوە تاکوو مەفرەزە دەگەڕێتەوە جا ئەوکات دەچم بۆ لایان. چەند ڕۆژێک تێپەڕی کە چوینەوە بۆ بنکە دایکم و باوکم چووبوونەوە و ساڵی دواتر (۱۳٦۳) باوکم کۆچی دوایی کردو نەمدیتەوە، ئێستاشی لەگەڵدابێ لەبیرم ناچێتەوە و لەسەر دڵم بوەتە گرێ».

ئەوە تەنیا پەردەیەک لە شانۆی ژیان و خەباتی پێشمەرگەیە کە تێکۆشەر میراوەیی هەر لە سەرەتاکانی دەست پێکردنیدا خووی پێ گرتوە و وەک ئەسڵ قبووڵی کردوە. میراوەییش لەخۆڕاگریدا چیایەکە و لەفیداکاریدا دەریایەکی پڕ شەپۆل.

کاک خدر میراوەیی لەو کاتەوە دەستی داوەتە چەکی دیفاع و ڕێگای خەباتی سەربەرزانەی پێشمەرگایەتیی هەڵبژاردوە قەت ڕاوەستانی نەناسیوە و دەرگای وچانی نەکردوەتەوە. ڕەنگە هەموو شاخ و ڕەوەز و بن پرد و سەر ڕێگا و نێو جەنگەڵ و سەرکانی و پاشان پیر و لاو و ژن و پیاوی ناوچەکانی سەردەشت هەرکام جارێک و چەند جار سیمای خدری هەڵکەوتەیان دیبێ و ئێستاش لە دەفتەری بیر و زەینی خۆیان‌دا ڕایان گرتبێ. تێکۆشەر میراوەیی لە درێژەی کاری بەردەوام و خەباتی بێ ئەمانی‌دا دەگەڵ دەیان ناوداری دیکەی ئەو ڕێبازە ئاشنا بووە و وێڕای ئەوان و لەپەنا ئەوان لە دوژمن ڕاساوە و زۆر جار چۆکی پێ داداوە. کاک خدر کە لەدایک بووی میراوێی سەردەشتە و لە هێزی بە هێزی گیارەنگدا زۆربەی ماوەی ژیانی خەباتکارانەی تێپەڕ کردوە، بەڵام ئەوە بە مانای ئاشنا نەبوونی بە ناوچەکانی دیکەی کوردستان نییە. لیستێک کە میراوەیی لە فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سازی کردوە کە هەموویان لە دۆستان، هاوسەنگەران و ناسیاوانی بوون، سەر لە دەیان کەس دەدا کە سەر بە ناوچە جۆراوجۆرەکانن.

تێکۆشەر میراوەیی لە کاری یەکیەتی لاوان‌ڕا دەستی پێ کرد و ئینجا لە ڕێکخراوی ناوچە و دواتر هێزی نیزامی‌دا درێژەی پێدا. لە ساڵی ۱۳۵۸وە هەتا ۱۳٦۸ هەر لە ناوچەکانی سەردەشت ماوەتەوە و پلە نیزامییەکانی یەک بە دوای یەکدا. هەتا جێگری فەرماندەری هێز بڕیوە. ساڵی ۱۳٦۸ نەقڵی هێزی کێلەشین لە ناوچەی شنۆ کراوە و ئەرکی فەرماندەری لک و دواتریش فەرماندەری هێزی بەڕێوە بردوە کە هاوکات ئەندامی کۆمیتەی شارستانیش بووە. ساڵی ۱۳۷۲ ڕەوانەی ناوچەی ڕەبەت کراوە و بەکاری تەشکیلاتییەوە خەریک بووە. دواتر لە ساڵی ۱۳۷۵ دا ڕەوانەی ناوچەی مەهاباد کراوە و دوای پێک هاتنی ناوەندی ۲ی کوردستان وەک ئەندامی ئەو ناوەندە و بەرپرسی بەشی ئەمنییەتی کاری کردوە.

ماوەیەکی دوورودرێژ ڕەنج کێشان و خۆ ماندوو کردن لە پێناو ئامانجێک‌دا کە ڕەوا و پیرۆزە، کاک خدر میراوەیی نەک هەر لە پێ نەخستوە، بگرە بەتەواوی قاڵی کردوە. ئێستا خدر میراوەیی سیاسەتمەدارە، گەڵاڵە داڕێژە، ڕێکخەر و تەشکیلاتییە، موبەلیغ و مامۆستایە. دەیان ساڵ مانەوە لە سەنگەری بەرگری و بە گژ دوژمن چوندا ئەو ئینسانەی بە جۆرێک ڕاهێناوە کە ئازارەکانی کۆمەڵ باش بناسێ و لە زمانی دەردەداران تێبگا. هەر بۆیە هەتا ئێستا کۆڵی نەداوە و هەروا بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێ هەتا لە ئامانج نیزیک و نیزیکتر دەبێتەوە. ناوبراو لە تەمەنێکی هەرزەکاری‌دا و بە دەستی بەتاڵ پێی نایە مەیدان، بەڵام لە زانستگەی شۆڕشدا هەگبەی خۆی پڕ کرد و باوەشی بۆ هەموو زانیاری‌یەکان کردەوە.

تێکۆشەر خدر میراوەیی نموونەی ئینسانی بەهەڵوێست و لەخۆبوردوویە. کوردستان بەخۆشییەوە زۆر میراوەیی دیکەی هەن کە هەموو ئازا و بەجەرگ و بێ باکن. مێژووی بەرگریی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە پڕە لە سیمای ناسراوی وەک کاک خدر و لیپا و لیپە لە ئینسانی خاوەن بەهرە و هەڵوێست. ئەوانە هەمووی خەزێنەی نەتەوەیی ئێمەن و کورد بەوانەوە پشتی قایمە. بەرهەمی ڕەنجی خدر میراوەیی هەرچەند هەتا ئێستا پێ نەگەیوە بەڵام بێگومان ڕۆژێک کورد سوودی لێ دەبینێ. میراوەیی ئەوەی بۆ وەبەر هێنانی باغی ژینی کورد لەدەستی هاتوە کردوویەتی و هەر ئێستاش خەریکە. کەسێکی ئاوا جێگای ڕێز و تەقدیرە و شیاوی وەرگرتنی میداڵی سەرفیرازییە. سەربەرزی بۆ خدر میراوەیی و سەرکەوتن بۆ خەباتە ڕەواکەی.

کوردستان
ژمارە: ٧٠٢
٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ _ ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٧



عەلی فەتحی

# «ئازادی یا مەرگ»

دەستەواژەیەکە کە بەدرێژایی تەمەنی خوێنی لەبەر دەچۆڕێ. دەکرێ بڵێم بەتایبەت، هیچ لاپەڕەیەکی مێژووی کوردیش نییە ئەگەر بەو خوێنە سوور هەڵنەگەڕابێ. «ئازادی یا مەرگ» وەک دروشمی هەر تاکێکی کورد بۆ ئەوە بوو، کوردی کۆیلە بکاتە شۆڕشگێر و شۆڕشگێڕەکانیش بکاتە قارەمان و قارەمانەکانیش ببنە بنیاتنەر. واتە بنیاتنانی وڵاتێکی سەربەخۆی خاوەن دەسەڵات و پڕ لە یەکسانی و دادپەروەری. «ئازادی یا مەرگ» هزرێک بوو بۆ ئاڵایەکی شەکاوە لەنێو میللەتانی حەساوە، بۆ ناسنامەیەکی گەشی سێ ڕەنگ، بۆ خۆری سپێدەی سەرکەوتن و پڕشەنگ.

لەو ڕۆژەوە کورد هەستی بە کۆیلەبوونی خۆی کردووە، ڕێگەی ڕزگاریی ڕەچاوکردووە. نووسەری یونانی «ریغاس فێرێئۆس» دەڵێ: «ساتێک ئازادی، بەنرختره لە چل ساڵ زیندان و کۆیلەتی»، مرۆڤی کوردیش بە دروشمی «ئازادی یا مەرگ»، «یان کوردستان یان نەمان» بەدرێژایی مێژووەکەی هەڵوەدای ئەو چرکە ئازادییە بووە. لەپێناو ئەو چرکە ئازادییەدا گیان و خوێن و ماڵ و سامان و کەسانی خۆی فیداکردووە. هەرچەند تووشی ململانێی سەخت و نابەرابەر لەهەمبەر دوژمنانی هاتووە، بەو حاڵەش تینوێتی ئازادی و عەشقی ڕزگاریی هەردەم ئەوی لە مەیداندا ڕاگرتووە. بۆ هەستێکی ئەوتۆ بەهێز، پۆل ئێلواری شاعیری فەڕانسەوەی لە شێعرێکیدا، بەبۆنەی شۆڕشگێڕانی بێناو و نیشانی جیهانی، جوانی گوتووە:

« بەهێزی وشەیەک
من دیسان دەژیمەوە
بۆ ناسینی تۆ
من لەدایکبوومەوە
تاکوو ناوت بخوێنمەوە، هۆ ئازادی»

گەلێک جاریش هەبووە ئەگەر شۆڕشگێڕانی ئەو نەتەوەیە یەکەم هەنگاویان ناوە، جیا لە دوژمنان، لەلایەن خەڵکی پێنەگەیشتوو و تێنەگەیشتووش تانەیان لێدراوە. گوفتاری ناهەموار، لەگەڵ هەستی شۆڕشگێڕیی ئەوان ناسازگار، لە دەم و زمانی ئەو کۆمەڵە دەرکەوتووە: «ئەوانە شێتن»، «ئەوانە خولیان»، «ئەوانە چیایین» و دەیان شتیتر، بێخەبەر لەوەی کە شۆڕشگێڕ دەبێ شێتی و خولیایی و جوامێری بکاتە هەوێنی جوڵەی تا بتوانێ بەرگەی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازیی بگرێ.

بەڵێ، ئەگەر بۆ دروشمی «ئازادی یا مەرگ» پۆلپۆل لە مرۆڤەکان ڕێگای سەختی چیاکانیان گرتەبەر، ئەگەر کۆمەڵ کۆمەڵ ژن و پیاو، پیر و لاو پشتی هۆگرانی « یا کوردستان یان نەمان»یان گرت و بە پارە و سامان، بە پشتیوانی ڕوحیی بێئامان بوونە پاڵپشتی ئەوان و سەنگەری خۆڕاگری‌یان مەحکەمتر کرد، لەبەر ئەوە بوو نەسڵی داهاتوو بەختەوەر و سەروەر بژی و گیانبەختکردووانیش لەژێر خاکی نیشتماندا وەحەسێن.

بەڵام با پرسیارێک شیبکەینەوە. داخوا ئەو وەچەیەی ئێستا، وڵامێکی شایستەی بە هەست و خواستی گیانبەختکردوان داوەتەوە؟ با ئێمە سەیری نموونەیەکی بچووک بکەین. ڕۆژی دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان ٢٢ی ڕێبەندانە و ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی لەسێدارەدرانی پێشەوا و هاوڕێیانە. بەواتایەک ٦٧ ڕۆژیان نێوانە. کاتێک بەرەوپیلی ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەچین، زۆربەی خەڵک و حیزبە کوردیەکان، بەتایبەت ئەوانەی ڕۆژهەڵات، چەند مانگ پێشتر وەخۆدەکەون بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئەو ڕۆژە. بە خەرجکردنی کۆڵێک پارە کێبەرکێ لەسەر بانگهێشتی گۆرانیبێژ و تیپەکانی مۆسیقا و دابین کردنی خواردن و خواردنەوە دەکەن. مەبەستیش پڕکردنی ساڵۆنەکانە. گرینگ روحی سیاسی ئەو ڕۆژە نییە، بەڵکوو ململانێ بۆ خۆدەرخستنی لایەنی بەڕێوەبەرییە. تاکوو وەها بنوێنێ کە ئەو میراتگری کۆمارە و هەر ئەویش خاوەن ئەو ڕێبازەیە و مەیداندارە. بێخەبەر لەوەی ئەگەر لە سەدان بەشداری ئەو شەوە بپرسی چ باسە؟ وڵامت ئەوە دەبێ: حەفلەی دیموکراتە، زۆر خۆش و خاسە. ڕاست ئەو شەوە کە سەیری دیوارەکانی ژووری مەراسیمەکە بکەی تەنیا سێ چوار وێنەی دامەزرێنەرانی کۆمار دەبینی. لەپای وێنەکانیشدا بە هەزاران کەس هەڵدەپەڕێ. بەو زستانە سارده و لە ڕێگای دوورەوە خەڵک دێت و هیچ ساڵۆنێک نییە دووسێ هەزار کەسی تێنەخزێ.



دوو مانگ و حەوتوویەک دواتر، قازی و یارانی لە سێدارە دەدرێن و کۆمار بەکردەوە خامۆش دەبێ و خەم و تەم جەستەی کوردستان دادەگرێ. خەڵکەکەمان کە هەر بۆی گرینگ نییە چی قەوماوە، حیزبەکانیش وەکوو ئەوەی هەواڵی ڕۆژنامە کۆنێکیان پێدراوە، ئەگەر زۆر خۆیان هیلاکردبێ، ئەوە بە پەلەپروزە یەکدوو کۆبوونەوە پێکدێنن و چ جارێکیش ژمارەی بەشدارانی ئەو بۆنەیە خۆی لە ژمارەی پەلێکی پێشمەرگەی ئەو ڕێبازە نەداوە. ڕەنگە هەر هەموو لایەک ئەو چەند بەیتە شێعرەی سۆهرابی سپێهری‌یان بەهەڵە لێکدابێتەوە کە دەڵێ:

وەختێ سەردانی گۆڕم دەکەن
نەرم و نیان هەنگاوبنێن
مەبادا درزی تێکەوێ
شووشەی تەنکی دڵی من.

تۆ بڵێی خەڵکی ئێمە کە تەنانەت سەردانی گۆڕی شەهیدانیش ناکەن، ئەو ڕۆژەیان بەلاوە گرینگ نەبێ، یا ناخوازن شووشەی دڵی شۆڕشگێڕەکانمان درزی تێکەوێ؟ یا دەبێ وای بۆ بچین کە خەڵکی ئێمە بێ دەهۆڵ و زوڕنا ناتوانن سەردانی هیچ شوێنێ بکەن!!!!

من پێموایە خەڵکی ئێمە هێشتا باش لەوە تێنەگەیشتوون کە ئەوانەی لەپێناو ڕزگاریدا گیانی خۆیان بەختکردووە، جیاوازییەکیان لەنێوان خۆیان و بێهەڵوێستەکان بەدی کردووە. شاملوو بەجوانی پێناسەی ئەو گیانبەختکردووانە دەکا:

ئەوانە خاوەن خۆشترین دەنگ بوون لە وڵاتی من
هاواریان، هاواری جوامێرانێکی لەشکان نەهاتوو بوو،
ئەوان لە دەروازی مەرگ تێپەڕین و
بەر لە نەمانی خۆیان، لەداهاتوودا ژیابوون.

بەڵام، لە بەردەم شکۆی ئەو سەردارانەدا، ئێوەی بێموبالات، سەردەمێکتان خولْقاندووە. سەردەمێک پڕ لە ناخۆشی، پڕ لە فرمێسکی ناهومێدی و تژی لە شک و گومان. ئێوە لە ساڵانێکی بێخۆڕاگریدا دەژین. لە ساڵانێکدا کە جوامێری سواڵ دەکا و پیشەی گەدایی ڕەچاوکردووە. ئەگینا چۆن لە دووی ڕێبەندان چوار وێنە دەچنە سەر دیوار و دوو هەزار وەسەما دەکەوێ، زوڕنا شێت دەبێ و دەهۆڵ دەدڕێ و جێی هەڵپەڕین دەستناکەوێ. بەڵام لە دەی خاکەلێوەدا وێنەی شەش هەزار پێشمەرگە لەسەر دیوارە و پەنجا کەس لە ژوورەکاندا دەستناکەوێ!؟

بە واتایەک: ‹› ژمارەی زیندووانی سەر دیوارەکان، پترن لە مردووانی نێو دیوارەکان.››

تۆ بڵێی ساڵ و ڕۆژەکانی کورد بەدرێژایی مێژوو هەروابووبن؟ ئەگەر وایە، کۆیلەتی چۆناوچۆن کۆتایی دێ. ئەگەر وابێ خوێنی ئەو شۆڕشگێڕانەی یەک بەدوای یەکدا بۆ ‹› ئازادی یا مەرگ ‹› ڕژاوە، چی بەسەر دێ؟ پرسیارێکە و هەر تاکێکی کورد پێویستە بۆ وڵامەکەی سەردانی ویژدانی خۆی بکا. بپرسێ، بە میلیۆن شەهید، بە میلیۆن ئاوارە، بە میلیۆن سەقەت و بەمیلیۆن هەژاری بێچارە، لە پێناو چیدا....

# بیبلیۆگرافیی سیاسیی رۆژنامەی «کوردستان» (ناساندنێک)

دارشتن و خستنەبەردەستی بیبلیۆگرافی سەرەتایی‌ترین و لە هەمان کاتدا گرینگترین ئامرازی تێکنیکی بۆ یارمەتیدانی خوێنەران و توێژەرانی هەر بوارێکی مەعریفی‌یە. لەلایەکی دیکەشەوە، عادەتەن ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی تەمەنێکیان هەیە و جێکەوتوون، بیبلیۆگرافیی تایبەت بە خۆیانیان بۆ دروست دەکرێ.

بۆ ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەدەر لە دەوری یەکەمی دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە واتە ئەو ژمارانەی لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا دەرچوون و بنکەی «ژین» بیبلیۆگرافیی بۆ دروست کردوون، تا ئێستا بیبلیۆگرافی‌یەک لەبەر دەست نەبووە. هەربۆیە لە حاڵەتێکدا کە خوێنەرێکی هۆگری مەسایلی رابردووی ئەو حیزبە و مێژووی سیاسیی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان توێژەر و لێکۆڵەرەوەیەکی ئەم بوارە ویستبای بۆ شتێک لەم رابردوو و مێژووەدا بگەڕێتەوە، ئامرازێکی لەبەردەست نەبوو کە لە ڕێگەیەوە ئاسانتر مەبەستی خوێندنەوە یان توێژینەوەکەی جێبەجێ بکا و سەرچاوەی پێویستی بۆ بدۆزێتەوە، و ناچار دەبوو یەک بە یەک ژمارەکانی ڕۆژنامە هەڵداتەوە یان لە باشترین حاڵەتدا بەپێی زانیاری و لەبیرمانی خۆی، لەنێو ژمارەکانی وەرز یان ساڵێکی دیاریکراودا بگەڕێ.

ئەم بیبلیۆگرافیەی ئێستا لەبەردەستە، نەک هەر تا ڕادەیەک ئەم بۆشایی‌یە پڕ دەکاتەوە، بەڵکوو تازەگەرییەکیشی تێدایە کە ئەم بیبلیۆگرافییە لەو بیبلیۆگرافییانەی مەعموولەن لەو بوارەدا دروست دەکرێن جیا دەکاتەوە. زۆربەی کات بیبلیۆگرافیی گۆڤار و ڕۆژنامەکان یان بەپێی ناوی نووسەران یان بەپێی ساڵ و مانگەکانی دەرچوونی بابەتەکان ڕێک دەخرێن. بۆ ئەوەی بیبلیۆگرافیی ڕۆژنامەی کوردستان تەنیا تۆمارکردن و ریزکردنێکی سادەی بابەتەکانی ڕۆژنامە نەبێ، لەم بیبلیۆگرافییەدا هەوڵ دراوە بابەتەکانی ڕۆژنامە بەپێی ناوەرۆک و سروشتی وتارەکان هەڵوەژێردرێن.




ناوەرۆک و سروشتی بابەت و وتارەکانیش ئەم بوارانە دەگرێتەوە : بەیاننامە و هەڵوێستە رەسمییەکانی حیزبی دێموکرات، مەسایلی تایبەت بەو حیزبە، مەسایلی نێونەتەوەیی، وەزعی ڕێژیم، سیاسەتە نێوخۆیی‌یەکانی، سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم، بارودۆخی ئێران و کوردستان، مێژوویی، پرسی نەتەوایەتی، دێموکڕاسی و ئەلتێرناتیڤی سیاسی لە ئێران، پرسی چینایەتی، خەباتی خەڵک، ستراتژییەکانی خەبات، خەباتی چەکداری، هاوپێوەندیی نێوان کورد و کورد لە پارچەکانی دیکە، گەلانی ئێران، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، مافی مرۆڤ، چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، کورد لە دەرەوەی وڵات، زمان و فەرهەنگ لە رەهەندە سیاسییەکەیدا، ... هتد. دیارە بەشێک لەو بوارانە پێوەندییان بە یەکترەوە هەیە و هۆگری یەکێک لەم مەسەلانە پێویستە لە تەوەری دیکەشدا بۆ بابەتی جێگای مەبەستی خۆی بگەڕێ (بەتایبەتی تەوەری یەکەمی بیبلیۆگرافییەکە کە بۆ هەڵوێستە رەسمییەکانی حیزبی دێموکرات تەرخان کراوە بابەتی پێوەندیدار بە زۆربەی نزیک بە تەواوی تەوەرەکانی دیکەی تێدایە).

تازەگەرییەکی دیکە کە لەو بیبلیۆگرافی‌یەدا رەچاو کراوە ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی هەمیشە تیتر و سەردێڕی بابەتەکان زانیاریی تەواو نادەنە دەست کەسێک کە بیبلیۆگرافییەکە بەکار ببا، ئامادەکارانی ئەم بیبلیۆگرافی‌یەدا چاویان بە ناوەرۆکی یەک بە یەکی وتار و بابەتەکانی ڕۆژنامەدا خشاندووە و لە هەر شوێنێک پێویست بووبێ لە کەوانەدا زانیاریی پێویستیان لەسەر ناوەرۆک و بەستێنیی مێژوویی بابەتەکە لە یەک دوو خەتدا بۆ عینوانەکە زیاد کردووە. هەربۆیەشە خوێنەر هەر بە چاوخشاندن بە بیبلیۆگرافی‌یەکەدا کۆمەڵێک زانیاریی بەسوودی مێژوویی دەکەوێتە دەست.

لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی ئەم کارە کارێکی قورسە کە کاتی زۆر و پێرسونێلی تایبەت بە خۆی پێویستە، ئامادەکارانی ئەم بیبلیۆگرافی‌یە ناچار بوون بۆخۆیان هێندێک سنوور بۆ کارەکەیان دابنێن. لەلایەک، ئەوەی لێرەدا دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران و توێژەرانی بەرێز قۆناغی یەکەم و لەڕاستیدا بناخەی کارەکەیە و بیبلیۆگرافییەکە تەنیا حدوودەن (١٠٠) ژمارەی یەکەمی دەوری دووەمی دەرچوونی ڕۆژنامەی «کوردستان» دەگرێتە خۆی کە بریتی‌یە لەو ژمارانەی لەنێوان ساڵەکانی ١٣٤٩ و ١٣٦٤دا بڵاوبوونەوە (بیبلیۆگرافییەکە لە ژمارە (١) ی ڕۆژنامەی کوردستانەوە کە لە مانگی ڕێبەندانی ١٣٤٩دەرچووە دەست پێ دەکا و بە ژمارە (١٠٧) کە لە مانگی گەلاوێژی ١٣٦٤ تایبەت بە چلەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەرچووە کۆتایی دێ). ئەگەر ڕاستە ئەمە تەنیا قۆناغێکی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانە، بەڵام لەو لایەنەوە گرینگە کە قۆناغێکی لەباری سیاسی و مێژووییەوە بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکجار زۆر گرینگ و دەوڵەمەندە بەتایبەتی کە ساڵەکانی کۆتایی ڕێژیمی شاهەنشاهی و ئینقلابی ئێران و ساڵەکانی دەسپێکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و خەبات و خۆڕاگریی چەکداریی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە.

سنوورێکی دیکە کە ئامادەکارانی ئەم بیبلیۆگرافییە لە تەرسیمی ئەو پرۆژەیەدا بۆخۆیانیان داناوە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەدا کە ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە دەسپێکەوە تا ئەمڕۆ لە بواری جۆربەجۆردا هەواڵ و بابەت و وتاری تێدا بڵاو بۆتەوە، بەڵام ئەم بیبلیۆگرافییە تەنیا بیبلیۆگرافییەکی سیاسی‌یە. بەو حاڵەش لەڕاستیدا زۆربەی نزیک بە تەواوی وتار و بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بۆ ئەو دەورەیە لەنێو بیبلیۆگرافییەکەدا تۆمار کراون و تەنیا بابەتە ئەدەبی‌یەکان و ئەو هەواڵ و وردە بابەتانەی بایەخی مێژوویی‌یان کەمترە، واریدی بیبلیۆگرافییەکە نەکراون.

دیارە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کۆمەڵێک ئاستەنگ و گیروگرفتیش لەسەر رێ بوون کە لەنێو واندا دەکرێ ئاماژە بە لەبەردەستدانەبوونی بەشێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامە بکرێ، هەروەها ئەوە کە ناوی نووسەری هیچ وتار و بابەتێک لەو سەردەمەدا لە ڕۆژنامەدا نەنووسراوە و بۆ ژمارەکانی پێش ئینقلاب تەنانەت کەم کەس لەو نووسەرانە لە ژیانیشدا ماون.

سەرباری هەموو ئەو ئاستەنگانە یا هەر کەموکورییەک کە دەکرێ لەو بیبلیۆگرافییە سیاسییەی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا وەبەرچاو بکەوێ، ئامادەکارانی ئەم ئامرازە هیوادارن کە ئەم هەنگاوە گۆشەیەک لە پێداویستییە تەکنیکییەکانی ئاوڕدانەوە لە مێژووی حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕ بکاتەوە و توێژەران و خوێنەران بەتایبەتی لەنێو نەوەی نوێ‌دا هان بدا کە بۆ رامان و بیرکردنەوە لە هەلومەرجی ئەمڕۆ و ئاقاری داهاتووی جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات زیاتر سەرنج بدەنە دیاردە و ڕووداوەکانی رابردووی ئەم جوڵانەوەیە و ئەو دەرس و ئەزموونانەی پێویستە لەو رابردوویە وەربگیرێ.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 702 20 apr 2017

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی



مەنسوور مروەتی

### هەڵبژاردنەکانی ئێران لە نێوان «دەبێ» و «نابێ»یەکاندا

کەمتر لە یەک مانگی دیکەو لە یەکرۆژدا، رۆژی ٢٩ی بانەمەڕ دوازدەیەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماریو پێنجەمین دەورەی هەڵبژاردنەکانی شۆرای ئیسلامیی شارو گوندەکان لە ئێراندا بەڕێوە دەچێ.

ماوەی چەند ساڵێکە چوار هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانی رێبەری، مەجلیسی شۆرای ئیسلامیو سەرکۆماریو شۆرای شارو گوندەکانوا ڕێکخراوە کە ئەو چوار هەڵبژاردنە لە جیاتی ئەوەی لە چوار کاتی جیاجیادا بەڕێوەبچن، کراوەتە دوو رۆژ. واتە هەر دوو هەڵبژاردنی خوبرەگانو مەجلیس پێکەوە لە یەک رۆژداو هەڵبژاردنی سەرکۆمارو شۆراکانیش لە یەک رۆژدا دەکرێن. هۆکاری ئەوەش هەرچی بێ دیارە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیهەوێ بەو کارە رێژەی زیاتری خەڵکی ئێران ڕەکێشیسەر سندووقەکانی دەنگدانبکا. چونکە لە هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا زۆرێک لە خەڵک بە چاوی بێ متمانەییو بە بێمەیلییەکی زۆرەوە لە هەڵبژاردنەکانو ئاکامەکانی دەڕوانن. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانرێگە بە هەڵبژاردنێکی ئازاد کە لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکاندا بگونجێ ناداو، حیزبو ڕێکخراوەکانی دەرەوەی بازنەی کۆماری ئیسلامی ڕێگایان پێ نادرێ کە بەشداریی لەو هەڵبژاردنانەدا بکەنو تەنانەت لە نێوخۆی بازنەی دەسەڵاتیشدا کۆمەڵێک لە بەربژێرەکان لە لایەن شۆرای نیگابانەوە رەدی سەلاحیەت دەکرێن و ئیزنی بەشدارییان پێنادرێ. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەلە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ بەملاوەو زەقبوونەوەی کێشەو ململانێکانی نێو باڵەکانی حکوومەت، دەرکەوت کە دەکرێ هەر لەو کێشەو ململانێیانەی نێو باڵەکانی دەسەڵات بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا کەڵک وەربگیردرێو ڕێگە نەدرێ کە حکوومەت چۆنی پێ باشە هەڵبژاردنەکان بەڕێوە بەرێ و ئەنجامەکەش دڵخوازی خۆی بێ. لەوەها حاڵەتێکدا ئەو دەرەنجامە تەنیا بە بەشداریی خەڵک دەکرێ، وەک ئەوەی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵی ١٣٨٨دا کراو خەڵک ئیزنیان نەدا کە براوەی درۆیینو ساختەی رێبەر واتە ئەحمەدی نژاد بە بێدەنگی ببێتە سەرکۆمارو براوەی هەڵبژاردنەکە.

لە راستیدا رووداوەکانی دوای ئەو هەڵبژاردنە تێچوویەکی قورسی بۆ دەسەڵاتو خامنەیی هەبوو کە تا ئێستاش کۆتاییان پێنەهاتوە. ئەگەرچی بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک کە لەو کاتدا بە بزووتنەوەی سەوز ناوی دەرکرد توانرا بە سەرکوت لە لایەن دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهیەوە کۆنترۆڵ بکرێ بەڵام نەیانتوانیوە تا ئێستاش بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی خەڵکو کۆمەڵگە لە نێو بەرن. هەڵبەت لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەم ساڵدا وەدینەهاتنی ئەو بەڵێنانەی کە حەسەن رووحانی بە خەڵکی دابوو و بە تایبەتی بێبەڵێنیی ناوبراو لە گەڵ خەڵکی کوردستان لە مەڕ جێبەجێکردنی بەیاننامە دە خاڵییەکەداو کاندیداتۆریی کەسێکی وەک ئیبراهیم رەئیسی کە پاشکۆیەک لە خراپەکاریو جینایەت بە دووی خۆیدا رادەکێشێ؛ پێمان دەڵێ کەسندووقەکانی رەئیدان بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە گەڵ بێمەیلیی خەڵک رووبەڕوو دەبێتەوە، ئەوەی لەو نێوەدا دەکرێ گرینگیو بایەخێکی تایبەتیی هەبێ ئەو لەقاودانو لیفە لەسەر یەکتر هەڵدانەوەی کاربەدەستانی رێژیم بێ کە لە ململانێی هەڵبژاردنەکاندا لەسەر یەکتری دەڵێن، ئەوەش دەتوانێ باشتر روخسارو نێوەرۆکی ئەوان پیشانی خەڵکی بداو لەسەر قەزاوەتو بیرکردنەوەی ئەوان شوێنکاری خۆی هەبێ.

هەر لەم رۆژەداو هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، هەڵبژاردنەکانی شۆرای شارو گوندەکان بەڕێوەدەچێ کەسەرەڕای هەموو ئەو لەمپەرو کێشانەی لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازادو ستاندارد لە ئێراندا هەیە، چیرۆکێکی دیکەی هەیە. ئەویش جیاوازیی شۆراکان لەگەڵ هەڵبژاردنی دوو مەجلیسەکەو سەرکۆمارییە. شۆرای شار و گوندەکان لە راستیدا دەرفەتێکو بەستێنێکی جیاوازە کە، پێوەندیی راستەوخۆتری لەگەڵ ژیانی رۆژانەی خەڵک بە تایبەتی لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا هەیە. شۆڕای شارو گوندەکان ئەزموونێکی باشە بۆ ئەوەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی راستەوخۆی شارو گوندەکانیاندا بەشدارییان هەبێو لەو ئەزموونە بۆ باشترکردنی دۆخی ناوچەکەیان لە ئێستاو داهاتوودا کەڵکی لێ وەربگرن. ئەگەرچیشۆراکان بە گشتی لەم چەند دەورەیەدا نەیانتوانیوە ئەوە بن کەچاوەڕوانییان لێدەکرا و وەک پێوست بەرعۆدەی ئەو ئەرکو بەرپرسایەتییانە بن کە دەکرێ بەشێک لە هۆکارەکانی ئەمانە بن:

یەکەم ئەوەی کە وەکوو هەموو هەڵبژاردنەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی حیزبەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات ئیزنی بەشدارییان پێ نادرێو خەڵک هەروا بە شێوەیەکی رەمەکی خۆیان بۆ ئەو بەرپرسایەتییانە کاندیدا دەکەنو ئەوەش ناتوانێ وڵامدەری ئەو چاوەڕوانییانە بێ کە لە شۆراکان دەکرێ. چونکە ئەگەر رێگە بە حیزبەکان درابا ئەوان دەیانتوانی بە بەرنامەی دیاریکراوەوە و بە لیستی دیاری خۆیان کە بێ گومان لە کەسە شارەزاکانی بوارەکانی بەڕێوەبردنی شارو گوندەکان پێکدەهات بەشداری بکەن. بەڵام لە نەبوونی حیزبەکاندا وای لێدێ کە هەموو کەسێ خۆی کاندیدا بکا و لە نێوەشدا کەسانی وا کاندیدا دەبن و رەنگە بە چەند هۆکارێک بە شۆرا هەڵبژێردرێن کە هیچ شارەزاییەکیان لە بواری ئەرکەکانی شوڕادا نەبێ.

لەوەها حاڵەتێکدا هێزو لایەنە جۆربەجۆرەکانی نێو بازنەی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدەن کە کەسانی گوێڕایەڵی خۆیان بخزێننە نێو شۆراکانەوە کە ئەوەش ئاکامەکەی شۆرایەکی ناکارامەیە کە ئەنجامەکەی دەبێتە ئیختلاسو دزی و رانتخۆریو چەندین جۆری دیکەی گەندەڵی.

نموونەی ئەوانەش لە دەورەکانی پێشوو و پێشووتری شۆرای شارەکانی کرماشان، سنە، جوانرۆ و مهابادو چەند شارێکی دیکەدا بە زەقی دیار بوون. هەرچەند لە هەندێ شارو ناوچەی دیکەشدا هەڵبژاردنی هەندێ کەسی باشو شارەزا بە کاروباری بەڕێوەبردنی شارو خەڵک توانرا کە ئەزموونێکی باش لە کاری خۆیان بخەنە بەرچاو.

لە کۆتاییدا سەرەڕای هەمووی ئەوانەی کە باس کرا دەتوانین بڵێین کە هەڵبژاردنی شۆرای شارو گوندەکان دەرفەتێکە بۆئەوەی کە ئەگەر بە هۆکاری بنەماڵەیی یا هەر هۆکارێکی دیکە خەڵک بەشداری هەڵبژاردن دەکەن لە کەسانی شارەزاودڵسۆزی خەڵکو کۆمەڵگەبێننە مەیدانو چەندی پێیان دەکرێ هەوڵ بۆ گەشەو پێشووەچوونی شارو ناوچەکەیان بدەنو رێگە بە کەسانی راسپێردراوی دەسەڵات نەدەن کە ئەو بوارەش لە خەڵکی باش قۆرخ بکەن. خەڵکیش پێویستە بە دوور لە هەرچەشنە رکەبەرایەتییەکی دەستەییو عەشیرەییو خانەوادەیی کەسانێک هەڵبژێرن کە شارەزای بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووریو ئاوەدانکردنەوەو فەرهەنگیی خەڵک بن نەک دزیو ئیختلاسو داگیرکردنی زەویو زاری خەڵکو گەندەڵی.

## پەردە لەسەر ٧ کتێبی کوردی نووسەرو شاعیری کورد لادرا



ژەنینی ئامێری ویۆلۆن بە هاوکاری خالید نادرپوور دوو کۆپلە شێعری خۆی، پێشکەش بەبەشداران کرد.

لە ڕێوڕەسمێکدا بەبەشداری کۆمەڵێک لە شاعیران، نووسەران و هۆگرانی ئەدەبی کوردی، پەردە لە سەر ٧ کتێبی یەکێک لە شاعیرەکانی شاری مەهاباد لادرا.

ئەو ٧ بەرهەمەی شاعیرو نووسەری خەڵکی شاری مەهاباد عەبدوڵڕەحیم ئاسیابان ناسراو بە «غەریبان» بریتی بوون لە «خولخولە و ماخۆلان»، «ئەفسانەی هولیارشای کورد»، «راز و نیازی کوردی»، «دیوان غەریبان»، «هۆپ»، «کورتە باسێکی بلیمەتی جیهانی» و «دەروازەی شاری نووسین».

لەو ڕێوەرەسمەدا، ژمارەیەک لە نووسەران و ئەدیبانی شاری مەهاباد وەک «کەریم سۆفی مەولوودی» ناسراو بە «تینوی مەهابادی»و هەروەها لێکۆڵەڕ و مێژوو ناسی کورد مەحموود پێدارم لەسەر بەرهەمەکانی ئەو شاعیرو نووسەرە کوردە قسەیان کرد.

لە بەشێکی ئەو رێوەڕسمەدا، عەبدوڕەحیم ئاسیابان لەگەڵ

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ڕێزگرتن لە دوو فەرهەنگنووسی کورد لە شاری پیرانشار



کافە کتێبی ئەندێشە لە درێژەی کار و چالاکییەکانی خۆیدا، رۆژی هەینی ٢٥خاکەلێوە لە شاری پیرانشار، کۆڕێکی ڕێزگرتنی بۆ بەڕێزان " سەلاح پایانیانی" و " لەیلا نوورانی" ڕێکخست.

لەم ڕێوڕەسمەدا کە کۆمەڵێک شاعیر و ئەدیب و نووسەر لە شارەکانی بۆکان، سەردەشت، شنۆ، مەهاباد، نەغدە و پیرانشار تێیدا ئامادەبوون، ڕێز لە هەوڵ و چالاکیی چەندین ساڵەی کاک سەلاح و خاتوو لەیلا نرا کە لە پێناو تۆمارکردن و پاراستنی کلتوور و چاندی کوردەواریی ماندوویینەناسانە هەنگاویان ناوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا سەلاح پایانیانی، نووسەری فەرهەنگی زارەکیی موکریان، سپاسی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە لەو کارەدا یارمەتیان داوە. ئەو لە درێژەی باسەکەیدا، وێڕای پێداگری لەسەر ئاستەنگەکانی فەرهەنگنووسینی لە کوردستان و نووسینی فەرهەنگ بە زمانی کوردی، هاوکات باسی لە زەرووڕەتی پڕۆژەی فەرهەنگنووسی کردو ئاواتی خواست کە نووسەرانی تازە پێگەیشتوو، لەم ڕیبازەدا هەنگاو بنێنو کتێبخانەی فەرهەنگنووسیی کوردی دەوڵەمەند تر بکەن.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا خاتوو لەیلا نوورانی باسی لە چۆنییەتی نووسینی پەرتووکی «فەرهەنگی ژنانی موکریان» کرد و گوتی کە مەبەست لەو کارە «ناساندنی جیاوازییە کلتورییەکانی ناوچە جۆربەجۆرەکانی هەرێمی موکریان» و «تیشکخستنە سەر کێشەی ژنانی کۆمەڵگا و بەسەرهاتەکانی ژنانی موکریان لە مێژوودا» بووە.

ئەحمەد بەحری»، «ڕەهبەر مەحموودزادە»، «ئەحمەد ئەحمەدیان» و «یونس ڕەزایی» چەند نووسەرێک بوون کە لەسەر ئەو بەرهەمانە قسە و وتاریان پێشکێش کرد.

## دوو خوێندکاری کورد لە بەشی دوکتورادا درەوشانەوە



دوو خوێندکاری کورد لە شارەکانی پاوە و سەقز لە خوێندنی قوناغی دوکتورادا لە ئاستی ئێران پلەکانی سێهەم و نۆیەمیان بە دەست هێنا.

لە ئەنجامی تاقیکاری قۆناغی دوکتورا بۆ ساڵی ١٣٩٦، دوو خوێندکاری کورد توانیان لە بەشەکانی خوێندنی خۆیاندا لە ئاستی ئێران پلەکانی سێهەم و نۆیەم مسۆگەربکەن.

کچێکی خوێندکاری خەڵکی شاری سەقز بە ناوی شەرمین قادرزادە لە بەشی دوکتورای ئابووری پلەی سێهەمی ئێرانی بە دەست هێنا.ناوبراو، پێشتریش لە بەشی کارناسیدا پلەی دووهەمی ئێرانی بەدەستهێنابوو.

هەر لەو پەیوەندییەدا، ماکوان بەهرامی خەڵکی گوندی هانە گەرمڵەی شاری پاوە، لە تاقیکاری دوکتورایدوکتورای دەروونناسی ساڵی ١٣٩٦ پلەی نۆیەمی بۆ خۆی مسۆگەرکرد.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ شانازییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، چەند رۆژ لەوەپێش پرۆفسۆرێکی کورد بە ناوی ئیبراهیم کەریمی دانیشتووی وڵاتی کانادا توانی بۆ یەکەم جار لە جیهاندا کامپیۆتێرێک ساز بکا کە هەک ناکرێ.

